# بەندە ئازادبووەکان

باوەڕنامەی چەند خوشک و برایەکی کوردە
وە چۆنیەتی ئازاد بوونیان لە مەسیحدا

# پێشەکی

پاش هەوڵدانێکی زۆر پێخۆشحاڵین کەوا توانیمان بڕوانامەی چەندین خوشک و برا بخەینە بەردەمی ئێوەی خۆشەویست ، هیواداریین ببێتە مایەی پیرۆزی بۆتان .

ئازادی تەنها ئەوە نییە بە لەش یان بە بیرو بۆچوون ئازاد بیت ، بەڵکو ئازادی سەرەکی مرۆڤ ئازادی رۆحییە . بە داخەوە هەرچەندە میللەتی ئێمە ، کە زۆربەیان خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیانا بە شارەزا و لێهاتوو ئەزانن بەڵام ئەگەر لە ناخەوە سەیری میللەتی کورد بکەین میللەتێکی داماو کۆیلەیە ، بە تایبەتی کۆیلەی رۆحی ئەمەش لە باب و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە ، هەر لەو کاتەوە کە هێرشی عەرەبە کۆچەرییەکانی دورگەی عەرەب بە ناوی ئیسلامەوە دەستی پێ کرد و دەستیان گرت بەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستا . جا گەلی کوردیش یەکێ بوو لەو گەلانەی کە بەر ئەم شاڵاوە کەوت و بوون بە کۆیلەی ئاینی ئیسلام ، ئەو ئاینەی کە بە هیچ جۆرێک ئازادی تێدا بەدی ناکرێت !!!!!!

لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە ئەوە بوو یەزدان دەرگایەکی کردەوە بۆ رزگارکردنی میللەتەکەمان لەو کۆیلەتییە . بەڵام کەسانێکی کەم ئەو دەرگایەیان بینی و توانییان خۆیان رزگاربکەن .

ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە چەند نموونەیەکە لەو ئازادبووانە ، چونکە لەناو گەلانی جیهاندا ، هەروەها لەناو میللەتی کوردیشدا ، بە هەزاران کەس هەن کەوا وازیان لە باوەری پێشووی خۆیان هێناوە و رێگەی مەسیحیان گرتۆتە بەر ، لەو بارەیەوە مەسیح خۆی ووتویەتی : (من رێگا و راستی و ژیانم ). هەروەها ووتویەتی : (من رووناکی ژیانم ئەوەی بە رێگای مندا بڕوات بە تاریکییدا ناڕوات) . جا یەزدان هەمیشە ئەو رێگا و دەرگاییەی کردۆتەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی تاوەک لە کۆیلەیەتی و گوناه رزگاریان بێت .

بۆیە ئێمە لێرەدا زۆر سوپاسی ئەو خوشک و برا باوەردارانە ئەکەین ، کە چاونەترس بوون و متمانەیان بە ئێمە هەبوو ، بڕوانامەکانیان تۆمار بکەین یان بە نامە بۆیان ناردووین ، تاوەک بەهۆیانەوە ناوی مەسیح شکۆدار بێت .

هیوادارین ئەم بڕوانامانە ببێتە رێ نیشادەرێک بۆ ئەوانەی بەدوای راستیدا ئەگەڕین ، وە دڵخۆشی و بەرزکردنەوەی وورەی باوەرداران ....... ئامین

# لە مەلاوە بۆ خزمەتکاری مەسیح

## لە مەحەمەدەوە بۆ مەسیح

ئاواتی دایک و باوکم بوو وەک دووەم کوڕی گەورەیان ببم بە مەلا. جگە لە قوتابخانەی ئاسایی ئەچووم بۆ قوتابخانەی قورئانیش، لەوێ ٢-٣ سەعات بە زمانی عەرەبی فێری قورئان ئەبووم.

بە سیانزە ساڵی چوومە قوتابخانەی فەقێ و مەلایەتییەوە بە ٢٠ ساڵی لە تاقیکردنەوەدا دەرچووم و بووم بە یەکەم مەلای دێیەکەمان، ئەمەش بووە هۆی خۆشییەکی گەورە بۆ دایک و باوک و خزمەکانم. بەڵام خۆشییەکە زۆری نەخایاند، چونکە گومانی زۆرم هەبوو لەراستی قورئان. ئەم گومانەش چەند ساڵ لەوەو پێش دەستی پێکرد، کاتێک هاورێیەکی ئەمریکی پێی ووتم : ناچێ بە عەقڵدا کە عەرەبی زمانێکی پیرۆز بێت و بەتەنها لە بەهەشتدا قسەی پێبکرێت. ئەمەش شتێکی بۆ روونکردمەوە. من بە کوردی و تورکی و عەرەبی قسە ئەکەم، ئەبێ یەزدان تەنها یەک زمان بدوێ و تێبگات؟ هەروەها هاورێکەم ووتی : ئەمە گۆڕدراوە کە لە ئیسلامدا ئەڵێن : ئیبراهیم ئیسماعیلی کردووە بە قوربانی نەک ئیسحاق. چونکە ئینجیل شتێکی ترمان پێ ئەڵێت . ئەم شتانە باوەڕی بەقورئان لاواز کردم. لە هەموو کارێکمدا وەک مەلایەک هەستم بە دوورووی ئەکرد، وە ئەوەی ئەمووت باوەڕم پێی نەبوو. لە پاش دە



هەفتە نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرم، بەئەوانەی کۆبوونەوە پێم ووتن: (برایانی خۆشەویست، من لەبەردەم ئێوەدا خۆمم بە درۆزنێک دێتە بەرچاو، ئەوەی بۆ ئێوە خوتبەی پێئەدەم خۆم بڕوام پێی نییە، من ناتوانم ئیتر مەلای ئێوە بم). لێرەدا دانیشتوان بە تەواوی تێکچوون و باوەڕیان بە گوێی خۆیان نەئەکرد چی ئەبیستن، بۆیە تووڕە بوون و دەستیان کرد بە لێدان و تف لێکردنم. هەندێکیان چوونە لای دایک و باوک و خوشک و براکانم و پێیان ووتن : ئەوان تەنها بەکوشتنی من ئەتوانن ئەم سووکایەتییەی کە من بەسەر خێزانەکەمدا هێناوە لایبەرن. چونکە ئەوان بەپێی شەریعەتی ئیسلام راسپێراون و بۆیان هەبوو بمکوژن. ئینجا دایک و باوکم دەستیان کرد بە گریان. ئەوەتا کوڕەکەمان گەیشت بەشتێک بەڵام ئەم رووڕەشییە!! بۆیە من لەگەڵ دایک و باوکمدا رام کرد بۆ ئەڵمانیا، ئیشم دۆزییەوە و پارەیەکی چاکم دەست ئەکەوت و ئەمتوانی یارمەتی دایک و باوکم بدەم. لەگەڵ کارەکەمدا بیروباوەری کارڵ مارکس و فریدریک ئێنگڵسم بەووردی ئەخوێندەوە و شیم ئەکردەوە. ئینجا بووم بە سۆسیالیستێکی تەواو. لەنێو ئەوکوردانەی لە ئەڵمانیا بوونە هاورێم، هاورێیەکی باشم هەبوو، کاتێک ئەو ژنی هێنا کەوتە گیروگرفتی مادییەوە، منیش پارەم بە قەرز دایە، پاش ئەوەی کە ئیتر نەمتوانی پارەی بە قەرز بدەمێ ، یارمەتیم دا لە دزییەکدا،

ئیتر پۆلیس ئێمەی گرت و من بۆ ماوەی چوار ساڵ بەندکرام. لە بەندینخانە بۆ یەکەم جار مەسیحییەکی تەواوم ناسی، ئەو لەوێ هەفتەی جارێک ئینجیلی روون ئەکردەوە، منیش دوای تەواو بوونی روونکردنەوەکە پێم ووت : تۆ زۆر باسی عیسا ئەکەیت بەڵام بابەتی کەش هەیە. بۆ نموونە چۆن بیر لە ئاشتی جیهان ئەکەیتەوە؟ لە وەڵامدا ووتی:( منیش سەر بە کۆمەڵەی ئاشتیم، ئاشتی من عیسای مەسیحە، کێ باوەر بەو بکات ئاشتی هەیە وە هەرکەسێک باوەری پێ نەکات ئاشتی نییە). جا ئەم وەڵامە ساکارە کاری کردە سەر دەرونم. کاتێک من هیچم لەو بارەیەوە نەووت ، ئەو پرسیاری لێکردم: ( بۆچی هیچیکە ناڵێیت؟ ) من وەڵامم دایەوە: ( ئەوەندەم بەسە، هیچ پرسیارێکی ترم نییە). دوای سەعاتێک کابرای مەسیحی لەژووری بەندینخانەکە دیدەنی کردم ، ئینجیلێکی بە تورکی پێدام لەگەڵ هەندێ پوولدا. بەڵام پێش ئەوەی بڕوات لێی پرسیم رێگە ئەدەی نوێژت بۆ بکەم؟ من رازی بووم بەوە، لەبەرئەوەی چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد چۆن جاران وەک موسڵمانێک راهاتبووم بەو شێوەیە نوێژێک بکات. بەڵام ئەو چووە سەر چۆک و لەگەڵ یەزداندا دووا چۆن لەگەڵ هاوڕێیەکدا ئەدووێی. نوێژەکەی بەم شێوەیە کرد ( ئەی عیسای خوداوەند یارمەتی ئەم پیاوە گەنجە بدە، تۆ بدۆزێتەوە ، وە یارمەتی



بدە لە گیروگرفتەکانیدا. ئامین.) ئینجا لێم پرسی کەی یەکتر ئەبینین؟ ئەویش ووتی نازانم، بەڵام ئەگەر عیسا قبوڵ بکەیت بەخوداوەند و رزگاکەری خۆت، ئەوسا بەدڵنیایی لە ئاسمان یەکتر ئەبینین.

زۆربەی کات ئێواران ئینجیلم ئەخوێندەوە، بیرم لەوە ئەکردەوە باوەڕ بە عیسا بهێنم. بەڵام دڵخۆشی خۆم بەوە ئەدایەوە: ( تۆ پێویستت بەوە نییە و گوناهبار نیت. تۆ دزیت کردووە بەڵام ئەوەتا لەباتی ئەوە بەندکراویت و حەقی خۆت وەرگرتووە). هەروەها بیرکردنەوەیەک ئازاری ئەدام کە تەنها موسڵمانێک ئەتوانێ تێبگات: (چۆن شتی وەها ئەبێت، یەزدان کوری هەبێت)؟ چونکە ئەم بیرکردنەوەیە لای موسڵمانێک کفرە. عیسای مەسیح وەک کوری یەزدان لای موسڵمانەکان بەهیچ شێوەیەک دانی پیانانرێت، لەبەرئەوەی ئەوان بەو شێوەیە تێئەگەن کە مریەم ژنی یەزدان بووە و کورێکی لێی بووە. جا هەر کەسێک ژنێک باتە پاڵ یەزدانەوە بە پێی باوەری ئیسلام گەورەترین گوناە ئەکات، کە هەرگیز نابەخشرێ.

بەڵام بێ ئارامی من هەتا ئەهات زیاتر ئەبوو. ئەم پرسی چی رووئەدات گەر ئێستا لەبەردەم یەزداندا ڕابوەستم؟ نزیکەی شەش مانگ ئەم جۆرە بیرانە ئازارو ئەشکەنجەیان ئەدام. ئێوارەیەک لەئینجیلدا لە ووشەکانی عیسام ئەخوێندەوە لە یۆحەننای ١٤:٦ ( من رێگەم ، من

راستیم، من ژیانم. بێ من کەس ناتوانێ بێت بۆ لای باوک.)
لە نارەحەتی خۆمدا بەدەنگی بەرز هاوارم کرد عیسا، من ئەمەوێ بێم بۆ لای تۆ، بۆچی ناتوانم؟ ئینجا بە گریان و لەرزەوە کەوتبوومە سەر ئەژنۆ و نوێژم ئەکرد ئەی عیسای خوداوەند، تۆ هاتی بۆ سەر زەوی، تاوەک بۆ منیش لەسەر خاچ بمری. بەیارمەتی لەهەموو گوناهەکانم ببورە و وەرە ناو ژیانمەوە!! من ئەمەوێ دوات بکەوم و بەپێی خواستی تۆ بژیم). ئیتر من وەک مرۆڤێکی تازە هەستامەوە. بێ هیوایم نەما خۆشییەک کە هەرگیز نەم بوو دڵ و دەرونی پڕ کردم. هەرچی هەستی تۆڵە سەندن هەبوو تیاما نەما وە ئیتر هەستم نەئەکرد کەوا تەنهام چونکە ئەمزانی عیسای مەسیح لەگەڵمدایە.
دوای بەرەڵاکردنم یەکێ لە فەرمانبەرەکانی بەندینخانە پێی ووتم: ( تۆش بەهەمان شێوە وەکو ئەوانی تر رەوانەی تورکیا ئەکەینەوە! ) بەڵام بەرەڵا کردنەکە وا خێرا هات فەرمانبەرانی بەندینخانە نەیانتوانی یەکسەر رەوانەم بکەنەوە. من لەژێر زەمینێکی پاکی بێ پەنجەرەدا ئەژیام، هەموو رۆژێک بیری رەوانە کردنەوە بۆ تورکیا نارەحەت و بێ تاقەتیان ئەکردم و ئەم ووت: ئەمڕۆ رەوانەت ئەکەن! هەندێ لەهاوڕێکانی جارانم کە رەوانەی تورکیا کرابوونەوە مرد بوون. مۆڵەتی مانەوە تەنها بۆ ماوەی سێ مانگ درێژ ئەکرایەوە. خەفەت و تەنهایی هەتا ئەهات زۆر



تر ئەبوو. من زۆرجار نوێژم ئەکرد: (ئەی عیسای خوداوەند با بمرم و بێم بۆلای تۆ!) چونکە ئەمزانی یەزدان لە رۆژی دواییدا فرمێسکەکانی چاو ئەسڕێ و نە ئازار و نە هاوار ئەمێنێت، ئیتر ئەم شتانە زۆر دڵنەواییان ئەکردم.
چەند مەسیحییەکی باوەردار لە شاری دۆرتموندی ئەڵمانی داوایان لێکردم یارمەتییان بدەم لەدابەش کردنی هەندێ پەرتووکدا دەربارەی باوەری مەسیحی. لە پێشدا من ئەترسام بە ئاشکرا خۆم وەک مەسیحییەک نیشان بدەم. پاش نوێژێک لە ئینجیلدا لە ئیشەعیای **٤١: ١٠** خوێندمەوە: (مەترسە، چونکە من لەگەڵتدام، مەترسە من یەزدانی تۆم! بەهێزت ئەکەم، یارمەتیت ئەدەم بەدەستی بەتوانام ئەتپارێزم). ئەم پەیمانەی یەزدان وورەی بەرزکردمەوە و لەگەڵ باوەردارەکاندا چوومە سەر جادە بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی مەسیح. هەروەک مەترسیم لێ ئەکرد سێ پیاوی تورک کەوتنە قسە کردن لەو بارەیەوە لەگەڵمدا. یەکێک لەوانە مەلا بوو. ئەوان هەڕەشەیان لێکردم و ئەیان ووت: ( ئێمە نایەڵین کەوا تۆ پڕوپاگەندەیی مەسیحی لەنێوان هاووڵاتیەکانماندا بڵاوبکەیتەوە! ) لەوێدا یەزدان یارمەتیدام بە رووخۆشی بمێنمەوە..... ئینجا من بەمەلاکەم ووت: ( ئەزانیت ئێستا تۆ چیت کرد؟ لەبەر چاوی یەزداندا تۆ پیاو کوژیت!

لەبەرئەوەی تۆ هەڕەشەی کوشتنم لێئەکەیت، لەناختدا رۆحێکی پیس هەیە. من پڕوپاگەندە ناکەم وپارەش وەرناگرم. من تەنها شایەتی بۆ ئەوە ئەدەم کە مەسیح لە ژیانمدا کردوویەتی. چونکە ئیتر دڵم پڕ نییە لە تۆڵە کردنەوە بەڵکو پڕە لە رۆحی یەزدان و خۆشەویستی ئەو) .

ئینجا یەکێک لە نووسراوەکانم دایە، بەڵام ئەو لە بەرچاومدا دڕاندی. هەروەها نەیویست ئینجیلێک وەرگرێ.

ئەوسا پرسیارم لێکرد: مەحەمەد ئەتوانێت ژیانی هەتاهەتایت پێ ببەخشێت؟

عیسای مەسیح ژیانی هەتاهەتایی بە من بەخشیوە! ) دوایی بە تووڕەیی منی بەجێهێشت پاش ئەوەی کە زانی سوودی نییە، داوای لێکردم لەگەڵیدا بچم بۆ مزگەوت.

من زۆر بەختەوەرم کەوا عیسای مەسیحم دۆزیوەتەوە، عیسا ژیانێکی تازەی بە پاشەرۆژێکی گەشدار و سەرسوڕهێنەرەوە پێم بەخشیوە........ئامین



## نە شەو خەو، نە ڕۆژ ئارامم هەبوو

ژیانم لەکاتی ئیسلامیدا :

لە بنەماڵەیەکی ئاینی لەدایک بووم و شارەزاییەکی باشم هەبوو لە قورئان و حەدیس و فقە، بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەم کە ئیسلام داوام لێدەکات، ئەمەش لەبەرئەوە نەبوو کە باوەرم پێی نەبێ، بەڵێ باوەرم پێی هەبوو زۆریش ئەترسام لەرۆژی قیامەت بەڵام لە توانامدا نەبوو. جار جاریش نوێژەکانم دەکرد و بەرۆژوو دەبووم لەبەرخاتری دەروبەرو دایک و باوک و ئەو جۆرە هۆیانە، هەروەها لەمزگەوت و تەکیە فەقێ یایەتیم دەکرد و خزمەتی مەلا و شێخەکانم دەکرد ئەویش هەر بەحوکمی داب و نەریت. من فەقێ بووم لای مەلایەکی زۆر گەورە بەڵام زیاتر دڵم لای نان خواردن و تەمەڵی و ناودەرکردن بوو. خۆشم بە تاوانبار ئەزانی و لە خودا ئەترسام، بەڵام دوایی دڵم خۆش دەبوو چونکە ئەو مەلایە لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە ناودار بوو هەرخەریکی پارە وەرگرتن بوو. منیش جێگەی باوەری بووم، زۆر جار بە فەردە پارەم بۆ دەبردەوە بۆ ماڵەوە بەمەش منداڵەکانی خۆیان پێ دەوڵەمەند دەکرد. بەراستی منیش زۆر جار دزیم لێدەکرد چونکە ئەو پارەکەی نەدەژمارد و ئەیووت ئەمە بەرەکەتی یەزدانە ، بەڵام لەدوای مردنی ئەو مەلایە من ئەو ئیشەم نەما . جا وەکو هەر موسڵمانێک

بەردەوام بووم بیرم لە هیچ ڕێگەیەکی تر نەدەکردەوە، ئەوەی ئاشکرایە باوەڕی هەموو موسڵمانێک وایە بێجگە لە ئاینی ئیسلام هیچ ئاینێکی تر قبوڵ نییە لە ڕۆژی قیامەتدا، چونکە مەحەمەد دوا پێغەمبەرە کە خودا ناردوویەتی. هەروەها هەرچی پەرتووکی ئاینی هەیە بێجگە لە ئاینی ئیسلام نەوەک هەر قەدەغەیە بەڵکو نەم دەوێرا بیخوێنمەوە لەبەرئەوەی دڵنیا بووم چاوەکانم کوێر ئەبێت. بەهەرحاڵ زۆر لام گرنگ نەبوو ئەگەر گوناهیش بکەم یان درۆ و دزی یان هەر شتێکی خراپە، لەبەرئەوەی ئەمووت کە تەمەنم بوو بە پەنجا یان شەشت ساڵ ئەوسا تۆبە ئەکەم و ئەچمە حەج ئیتر خودا لێمخۆش ئەبێت. من کابرایەکی زۆر بەتەماع بووم زۆر پارەم ئەهاتە دەست بەڵام هەرگیز چاوم تێر نەئەبوو، وەک هاوڕێکانم بووم خاوەن پارەی چاک خانوو سەیارە و هەموو شتێک بەڵام هەر زیاترم داوا ئەکرد، هەر لەماڵەوە دەرئەچووم ئامادەبووم خیانەت لە ژنەکەشم بکەم ئەگەر بۆم ڕێک بکەوتایە. بە هەر حاڵ ئەو ژیانە ماوەی بیست ساڵی خایاند بە لایەنی کەمەوە. دوایی شەڕ دەستی پێکرد و ئیش نەما پارە پەیدا نەدەبوو بۆیە زۆر ئیشی نایاسایم دەکرد بۆ پارە پەیدا کردن، هەروەها پارەی سووم وەردەگرت تا وام لێهات پارەکەی خۆم هەموو لەدەست چوو وە زۆریش قەرزاری خەڵکی بووم، ئیتر بەراستی ژیانم لێتێکچوو.



ئینجا بڕیارمدا سەفەربکەم بۆ ئەوروپا تاوەک ئیش بکەم و قەرزەکانم بدەمەوە، چوومە ئەوروپا لەوێ دەستم کرد بە ئیشی دژی یاسا بۆ پارە پەیدا کردن بۆیە توانیم نیوەی قەرزەکانم بدەمەوە. لێرەدا من بیرم لە هەموو شتێک ئەکردەوە تەنها بیرم لە یەزدان نەئەکردەوە. ڕۆژێ لە ڕۆژان گیرام ئەو ئیشەی کردبووم شایانی حوکمێکی باش بوو چونکە یاسای ئەوروپا لەگەڵ لای خۆمان جیاوازی زۆر هەیە. ئیتر چارەم نەما تەنها ئەوە نەبێ بگەڕێمەوە بۆلای یەزدان و دەست بکەم بە پەرستن و گوێرایەڵی. ماوەی سێ ساڵی ڕەبەق نوێژم دەکرد نەوەک هەر فەرزەکان بەڵکو چەندین نوێژی سوننەتیشم دەکرد و ڕەمەزانم دەگرت و هەروەها دە ڕۆژی شەعبانم دەگرت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بێ هیوا تر دەبووم و دڵم ناخۆشتر دەبوو بە هیچ شتێک سەبووریم بۆ نەدەهات، بۆیە بڕیارم دا خۆم بکوژم بۆ ئەوەی رزگارم بێت لەبەندینخانە و غەریبی و خەمی ژن و منداڵ و ئەو جۆرە شتانە. هەر جارێک دڵم تەنگ دەبوو چەند سوورەتێکم لە قورئان دەخوێندەوە لە کاتی خوێندنەوەیدا دڵم لای گیروگرفتەکانم بوو، بە تایبەتی لەوکاتەدا تووشی دڵ پیسی بوو بووم کە ژنەکەم ئێستا بە تەنیایە لەوانەیە خیانەتم لێبکات و بیرم لە تەڵاق دانی ژنەکەم دەکردەوە . هەروەها زۆر بیرم لە تۆڵە ئەکردەوە لەو کەسانەی منیان بە گرتن داوە . ئیتر نە شەو خەوم

هەبوو نە بە رۆژ ئارامیم هەبوو بە تەواوی پەشۆکا بووم. دوایی منیان گواستەوە بۆ شوێنێکی تر، هەر لەناو بەندینخانەکەدا تووشی پیاوێکی رۆح سووک و دەم بەپێکەنین بووم زۆر یارمەتی دام ئینجا پرسیارو وەڵام دەستی پێ کرد و خەڵکی کوێی؟ چەند حوکم دراویت؟ وە ئەو جۆرە پرسیارانە. ماوەی چەند مانگێک ئەو پیاوە زۆر جار ئەهاتە لام و دڵی ئەدامەوە، زۆر جاریش ئەیووت وەرە بۆلام منیش ئەمووت سوپاس ناتوانم، لەبەرئەوەی چەند کەسێکی کورد کە ئەوانیش لەو بەندینخانەیەدا بوون باسی ئەو پیاوەیان بەخراپی ئەکرد بۆم ، ئەیانووت پیاوە مەسیحییەکە کابرایەکی خراپە و موخابەراتە و هەزار قسەی تر لەو بابەتە. ئیتر ماوەیەک لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بووم دوایی بەهۆی تەماع و جگەرە و ئەو شتانەی کە پێویستییەکانی بەندینخانەن لە یەک تووڕە بووین و لێک جیابووینەوە. منیش لە رقی ئەوان دەستم کرد بە هاتووچۆی ئەو پیاوە مەسیحییە، ئەو زۆر رێزی لێدەگرتم خواردنی بۆ دروست دەکردم و جگەرەی ئەدامێ وە زۆر دڵی ئەدامەوە. ژوورەکەی پڕ بوو لە خواردن و هەموو جۆرێک لەوشتانەی پێویست بوو لە جگەرەو چاو قاوە، وە پەرتووکی یەجگار زۆری هەبوو، لێی پرسیم : حەزدەکەیت لەگەڵم هەندێک گوێ بگریت لە پەرتووکی پیرۆز؟ منیش شەرمم کرد بڵێم نەخێر رازی بووم گوێی لێبگرم بەڵام لە



دڵەوە لە خودا ئەپاڕامەوە لێم ببورێت کە گوێم بۆ ئەم کافرە راگرتووە ئەو پەرتووکە ئەخوێنێتەوە ، ئەوەی کە قورئان ئەڵێت گۆڕاوە . بەهەرحاڵ ماوەیەک تەنها ئەوەندە ئەچووم بۆلای ئەگەر شتێکم پێویست بوایە ئەویش شتەکەی ئەدامێ و بە رووخۆشی ئەیووت من لە خودا ئەپاڕێمەوە بۆت، منیش ئەهاتمەوە ژوورەکەی خۆم ئەمووت ئەو کابرایە چییە هەر باسی خودا ئەکات ئێ خۆ موسڵمان نییە. ئەو پیاوە رۆژ بە رۆژ چاکەی لەگەڵم دەکرد بێئەوەی من هیچی بۆ بکەم هەندێک جار ئەمووت چاکەی بۆ بکەم هەرچەندە فەرزە لەسەری باج بدات بەموسڵمانێک چونکە پێغەمبەرمان کاتی خۆی باجی لێیان سەندووە. دوای ماوەیەکی تر لە بەندینخانە دەستم کرد بە ئیش کردن ئیتر پێویستم بەو پیاوە نەما، هەروەک داب و نەریتی کوردەواری ووتم ئەو پیاوە چاکەی زۆری لەگەڵم کردووە با من بێ وەفا نەبم هاتووچۆی بکەم، بەڵام مەجالی نادەم ئەو پەرتووکەم بۆ بخوێنێتەوە. با هەوڵ بدەم بیکەمە موسڵمان بەڵکو خودا رەحمم پێبکات، چونکە گەر کافرێک بکەیتە موسڵمان پاداشتی زۆرە. جا کابرا هەستی کرد کە من گۆڕاوم ئیتر بە شێوەیەکی تر قسەی لەگەڵ دەکردم هەر باسی دنیا و حوکم و بەربوون و ئەو شتانەی بۆ دەکردم . رۆژێک لەناو پەرتووکەکانی قورئانێکی دەرهێنا بۆم سورەتی ئالیعومرانی کردەوە

ووتی ئەزانیت قورئان ئەڵێت مەسیح مردووی زیندووکردۆتەوە منیش ووتم ئەوە راستە بە ئەمری خودا، ئەویش ووتی ئەوە سیفاتی یەزدانە مردوو زیندوو بکاتەوە جا یەزدان خۆ شەریکی نییە. ئیتر لەو کاتەدا زۆر هەستم بەنەزانی خۆم کرد چونکە هیچ وەڵامێکم نەبوو بۆ ئەو پیاوە کافرە. بە هەر حاڵ لای ئەوم بەجێهێشت و هاتمەوە ژوورەکەم زۆرم بیرکردەوە چۆن ئەوەندە ساڵە دەرسی ئاینی ئیسلامت خوێندووە وەڵامێکی پڕ بەپێستی ئەو پرسیارەت پێ نەبوو. ئیتر بڕیارمدا دەست بکەم بەخوێندنەوەی هەرچی پەرتووکی ئاینی مەسیحییە تا هەردوو چاوم کوێر بێ و ئەوسا لە بەندینخانە بەرەڵام بکەن ، خۆ هەر نەبێ لەو ژیانە باشترە کە منی تێدا ئەژیم دوور لە کەس و کار و ژن و منداڵم. بەیانی چوومە لای ئەو پیاوە داوای پەرتووکم لێکرد بە زمانی کوردی، ئەویش ووتی گەر خودا حەز بکات بۆت پەیدا دەکەم، لێرەشدا چەند پرسیارێک هاتە مێشکم ئایا ئەم پیاوەش وەک موسڵمانێک ئەڵێ گەر خودا حەز بکات. شایانی باسە کابرا حوکمەکەی سێ جار بەقەدەر حوکمی من بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی هەموو خۆشی و پێکەنین بوو وە یارمەتی دانی ئەو کەسانە بوو کەتازە ئەهاتن بۆ ئەو بەندینخانە و پێویستیان بەیارمەتی هەیە ، بەردەوام ئیشی ئەکرد و بەرەنجی شانی خۆی پارەی پەیدا ئەکرد.



ژیانی باوەرداریم لە مەسیحدا :

ئەو پیاوە باوەردارەی کە جاران پێم دەووت کافر زۆر بەئاسانی پەرتووکی دوکتۆری باوەردار حەمە سەعی سنەیی بۆ هێنام. لەگەڵ تەواو کردنی ئەم پەرتووکە گۆڕانێکی زۆر بەسەرمدا هات چونکە کەسایەتی و ژیانی دوکتۆر بە منداڵی تۆزێک لەژیانی من نزیکە. شەوێک زۆر لەخودا پاڕامەوە ووتم بەزەیت پێمدابێتەوە بمگەیەنە حەقیقەت هەر ئەو شەوە پیاوێک هاتە خەوم بەجلی کوردییەوە لەپەنجەرەی ژوورەکەم قسەی لەگەڵ کردم ووتی من مەسیحم من خودای راستەقینەم ئیتر بیرمەکەرەوە ئەوە دوا جارتە. بۆیە لەدوای ئەو رۆژە هەوڵی پەرتووکی پیرۆزمدا بەهۆی ئەو پیاوە باوەردارەو چەند باوەردارێکی تر لە خوشک و برایان گەیشتە دەستم لەگەڵ چەند پەرتووکێکی تریش، بەڵام باوەرهێنان شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێ بەهێز و بازووی خۆی پێیبگات، باوەرهێنان رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ گەورەترین و بەدەسەڵات ترین کەس، ئەوکاتەش ئەبێ ئەو کەسە گەورەو بەدەسەڵاتە خۆی حەز بکات و ئەو رۆژە دیاری بکات. ئەوەش هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت بیکات چونکە ئەو کەسە هیچ پێویستییەکی بە مرۆڤ نییە، تەنها یەک هیوا هەیە بۆ ئەوەی ئەو یەزدانە گەورەیە ئەو ژوانە لەگەڵ مرۆڤ دروست بکات ئەوەش بریتییە

له خۆشەویستی یەزدان بۆ مرۆڤ . باوەرهێنان بەیەزدانی راستەقینە ئەوە بۆ مرۆڤ دەرئەخات هەرشتێ بکەین پێشەکی یەزدان پاداشتەکەی پێشکەش کردووین لەبەرئەوەی ئێمەی خۆشویستووە، نەوەک ئێمە شتێک بکەین بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا یەزدان پاداشتمان بداتەوە وەک بیروباوەری جارانمان و باب و باپیرانمان.

باوەرهێنانم بە مەسیح رازی بوونمە بە هەموو ئەو شتانەی هەمە یان نیمە، جاران هیواو ئاواتەکانم ئەوەندە زۆر بوون ئەگەر هەزار ساڵیش تەمەنم بوایە نەمدەتوانی بە دەستیان بهێنم کەچی لە یەک چرکەدا هەمووی هاتەدی تەنها بە ووشەی (خودای رزگارکەر ).

لەو رۆژەی کە یەزدان منی خۆشویستوو نهێنییەکانی خۆی بۆ ئاشکرا کردم بە هیچ شێوە یەک هەستم نەکردووە کە لەبەندینخانەم لەبەرئەوەنا کە بەلەش ئازاد بووم، نەخێر هەر لەبەندینخانەم بەڵام بە رۆح ئازاد بووم. لەبەرچی چونکە دانم بەوەدا نا کە من تاوانبارم، شەوانە وەکو منداڵێکی ساوا ئەخەوم تا بەیانی، رزگارم بوو لەو بیرکردنەوانەی شەوانە خەویان لێ حەرام کردبووم . ئێستا ناڵێم بەیانی یان دوارۆژ چی ئەبێت؟ چونکە ئەو یەزدانەی منی رزگارکردووە لەدۆزەخ چۆن لەبەندینخانە رزگارم ناکات ، ئەو ژیانی هەتاهەتایی بەمن بەخشیووە چۆن من خەمی ئەو چەند ساڵەی ژیانی سەر زەوی بخۆم،



هەروەها بیر لە تۆڵە ناکەمەوە بگرە دوژمنەکانم خۆش دەوێ و نوێژیان بۆ دەکەم هەتا وەکو من یەزدانی راستەقینە بدۆزنەوە و ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن .

هەروەها هەر باوەر بوو وای لێکردم ژنەکەم لە جاران زیاتر خۆش بوێت چونکە بۆم دەرکەوت دڵسۆزی منە و چاوەروانی منە تا ئەو رۆژەی لە بەندینخانە دەرئەچم .

سوپاس و شکۆمەندی بۆ خودای تاک و تەنیا عیسای مەسیح............ ئامین

# ترس بوو بەخۆشی

ترس، ترس ماوەیەکی درێژ ئەم هەستە دەستی گرتبوو بەسەر ژیانمدا. من کوردم بەئیسلامی سوننی لە باکووری عێراق لە دایک بووم، بچووکترین منداڵی دایک و باوکم بووم. بیرەوەری زۆر باشم هەیە دەربارەی باوکم ، زۆر دڵ پڕ لە خۆشەویستی و دڵسۆز بوو. بەداخەوە کاتێ تەمەنم نۆ ساڵ بوو کۆچی دوایی کرد. پاش مردنی ئەو دایکم زۆر توند و تیژ بوو لەگەڵ ئێمەی منداڵاندا، ئێستا من ئەمە تێئەگەم، چونکە بەتەنها لێپرسراو بوو بەرامبەر بە ئێمە. دایک و باوکم باوەڕی ئیسلامیان بەجدی گرتبوو. لەماڵەوە هەروەها لە قوتابخانە فێرکرابووم، کەوا ئیسلام پاکترین و راسترین ئاینە، لەو بارەیەوە من هیچ گومانێکم نەبوو. بەڵام ئەوەی لێی تێنەئەگەیشتم، بۆچی خەڵکی لەو کەسانە دوور ئەکەوتنەوە کە ئاینێکی تریان هەبوو. بۆنموونە بۆچی بۆم نەبوو ئەو خواردنەی مەسیحییەک ئامادەی کردووە بیخۆم؟ یان بۆچی هەندێ دەستیان نەئەدایە دەستی یەزیدییەکان؟ یان بۆچی ئەو جۆرە کەسانە بەچاوێکی ترەوە سەیرئەکران؟ بۆچی نابێت بەهەمان رێزەوە سەیربکرێن ؟من ئەم شتانەم بە دڵ نەبوو. من هەر چەندە ئەمزانی یەزدان لەگەڵمە بەڵام هەر لێی ئەترسام، چونکە وایان فێرکردبووم ئەو لەسەر هەموو شتێکی هەڵە سزام ئەدات لەو سزایەش من زۆر ئەترسام .



## بێ دووڕوویی

لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا دوای ئەوەی ئامادەیم تەواو کرد، ویستم دەورەیەکی ئیداری بکەم دوایش زانکۆ بخوێنم و لە بانق کاربکەم. لەوکاتەدا لەگەڵ هەندێ کچی کەدا لە شارێکی تر ئەژیام. ئێمە هەڵسوکەوتمان جوان بوو، نەمان ئەویست خۆمان گوناهبار بکەین بۆیە رۆژوومان ئەگرت لەمانگی رەمەزاندا، بەڵام لەراستیدا نوێژم نەئەکرد وەک دایک و باوکم ئەیان کرد.

لەبەرئەوە زۆربەی جار دەرونم نارەحەت بوو. بەڵام لەسروشتی خۆمدا چونکە رقم لە دووروویی بوو، بۆیە سوور بووم لەسەر نوێژ نەکردن.

ئەگەر هەندێ ژن پێیان بووتمایە سەرپۆش بدەم بەسەرمدا یان بەرێکو پێکی نوێژ بکەم پێم ئەووتن: نەخێر من نامەوێ دوورووییی بکەم، تاوەکو خەڵکی تر بەباشی سەیرم بکەن . بەڵێ ئەمە حساب ناکرێ، چ سوودێکی هەیە لەدەرەوە خۆمان بە باوەڕدارێکی تەواو دەربخەین بەڵام لە ناوەرۆکی ئەو کەسەدا درۆ و لە پاشەملە قسەکردن خۆی حەشار دابێ؟ ئەو دوو روویيەی کە من لای زۆربەی کەس بەدیم ئەکرد، ( هەموو کەسێک نا ) وای لێ ئەکردم باوەڕم نەبێ بە داواکاری توند و تیژی ئاینی.

من کچێکی هاوڕێی یەزیدیم هەبوو، ئەو یەکەم کەس بوو کە ئەمناسی موسڵمان نەبوو . تا ئەوکاتە هەر خراپەم

بەرامبەر بە ئاینەکانی تر بیستبوو. ئەم ناسینە وای لە من کرد بیر بکەمەوە، بۆچی ئەبێ ئەم کچە بچێتە دۆزەخەوە؟ چونکە لەبەرئەوەی موسڵمان نییە، من نەمئەویست بەمە رازی بم چونکە ئەم هاوڕێیەم لەکاتی تەنگانەدا زۆر یارمەتی دابووم. لەبارەیی داراییەوە هەروەها بەو خۆشەویستییەی نیشانی ئەدام. ئەو بۆ من زۆر مرۆڤێکی بەنرخ بوو.

هەڕەشە لێکراو، چەوسێنراو، بەڵام واز لێنەهێنراو

چونکە براکەم سیاسی بوو میری بەدوایدا ئەگەڕا بۆیە خێزانەکەم ئەبوایە عێراقی بەجێ هێشتایە منیش وازم لەخوێندن بهێنایە و لەگەڵ براکەمدا بچین بۆ سوریا. لەوێ لە دوکانێکی بچووک کارم ئەکرد و فێری زمانی عەرەبی بووم . دوای ئەوەی خوشکەکەم شووی کرد، ماوەیەک لەگەڵ ئەو و مێردەکەیدا لەوولاتی خۆمان ژیام. من ئەموویست خوێندنەکەم تەواو بکەم، بەڵام لەوکاتەدا زۆر شتی ناخۆشم بەسەردا هات. زاواکەمان زۆر بە سووکی سەیری خوشکەکەمی ئەکرد و زۆر خراپ بوو لەگەڵیدا و ئەویش زۆر ئازاری ئەکێشا بەدەستییەوە. کاتێک هات ئیتر نەمئەتوانی ئەمە ببینم، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی لەمنیش ئەکرد. لەترسی ئەو پیاوە بێ بەزەییە ئەوێم بەجێهێشت، بەڵام وەک کچێکی گەنج نەمئەتوانی لەهیچ شوێنێک ماوەیەکی زۆر بمێنمەوە.



هاوڕێکانم ئامۆژگارییان کردم هەڵ بێم بۆ ئەوروپا ، بەڵام چیبکەم لە نامۆیی؟ جاچونکە لەهیچ شوێنێک دڵنیا نەبووم لە زاواکەم بۆیە هیچم بۆ نەمایەوە جگە لەوەی جارێکی تر وولاتەکەم بەجێ بهێڵم. تا ئێستا گەورەترین رووداو لەژیانمدا ئەو سەفەرەی ئەوروپا بوو چەند رستەیەک ناتوانێ ماندووی و ترسی زۆری ئەو چەند هەفتەیەی هەڵاتن دەربڕێ. بۆ نموونە ئازاری نەزانینی دوارۆژ، یان بێ پاراستن بکەویتە بەردەست خەڵکی بێگانە، یان ترسی دەست بۆ درێژ کردن وە ترس لە گرتنی پۆلیس و رەوانە کردنەوە.

چەند هەفتەیەکم لەبەندیخانە لەگەل ئەوانەدا بەسەر برد کە لەگەڵ مندا هەڵهاتبوون، بۆیە زۆر جار گوێم لە بەسەرهاتی ناخۆشی ژیانیان ئەبوو.

دەنگی رۆشتنی قاچە بێگانەکانی سەر سنوور بە شەو و رۆژی گەرم وساردا دوا هێزیان لێئەبڕیم من وورەم بەردابوو تەنها ئەموویست بمرم. بەراستی شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو کە لەشم بەرگەی ئەم هەموو ناخۆشییەی گرتبوو. لەگەڵ ئەوانەشدا هەمووی لەوکاتەدا هەستم ئەکرد یەزدان لەگەڵمدایە و پلانێکی هەیە بۆ ژیانم.

دوای پێنج مانگ گەیشتمە ئەڵمانیا، بەڵام لێرەش ترس هەمیشە لەگەڵمدا بوو. کەس لێم تێنەئەگەیشت و بەتەنها بووم لەوولاتێکی نامۆدا، لەگەڵ کلتور و زمانێکی

بێگانەدا ئاشنا نەبووم. چەند مانگی یەکەم، لەشوێنی پەناهەندەکاندا و خزمانی دوورمدا بەسەرم برد. لە ژوورە بچووکەکەم لە شوێنی پەناهەندەکان چەندین شەو و ڕۆژ ئەگریام . تەنها ناخۆشی مانگەکانی رابووردو نا بەڵکو تەنهایشم بوو وای لێکردم کە بێ هیواو نائومێد بم. پرسیارم لەخۆم ئەکرد من بۆ کێ ئەژیم؟ تەنانەت کەسوکاریشم نازانن من لەکوێم کێ منی بەخەیاڵدا دێت؟ لەکۆتاییدا ویستم خۆم بکوژم، بەوەی دەمارێکی هەناسەی خۆم بڕی. بەڵام من نەمردم پرسیارم لەخۆم ئەکرد ئایا یەزدان ئەیەوێ من بژیم؟ بەڵام بۆچی؟

شەوێکیان من خەوم بینی بە عیساوە تاجێکی لەسەردا بوو. چۆن من دڵنیا بووم ئەوە عیسا بوو؟ نازانم! من بە دوای مەلایەکدا گەڕام و خەوەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو پێی ووتم ئەمە شتێکی چاکە. تۆ ئەچیتە بەهەشت چونکە پێغەمبەرێکت لە خەودا بینیووە. ئەم خەو لێکدانەوەیە دڵشادی کردم بەوەی پێغەمبەرێک خۆی نیشانداوم. جا ئەمە یەکەم رووبەرووبوونەوەم بوو لەگەڵ عیسادا بەڵام پاشماوەیەکی کەم دیسانەوە کەوتمە ناو ئاڵۆزی دەروونەوە. وە نەمئەزانی عیسا چ مەبەستێکی هەیە لە ژیانمدا.

نزیکە خۆشییەکی تەواو

من زۆر سەرنجی پیاوانم ئەدا تاوەک بڕیاری ئەوە بدەم کە



هەرگیز شوو نەکەم! چونکە زۆربەیان توند و تیژ و رەق بوون، خۆپەرست و دەست درێژکەر. من لە گێژاوی خۆمدا بووم ئەوەی ئەمووویست تەنها ئارامی و حەوانەوەی دەروونم بوو. بەڵام بەشێوەیەکی ترهات جیاوازتر لەوەی مرۆڤ بیر ئەکاتەوە...... لەگەڵ ئەوانەشدا هەمووی من زۆر بەختیارم کەوا یەزدان پیاوێکی باش و رەفتار جوانی پێبەخشیم. ئەو عەرەبە و خەڵکی عێراقە. من ئەوم لە شوێنی پەناهەندەکاندا ناسی، پاشماوەیەکی کەم بووین بە هاوسەری یەکتر. گفتوگۆکردنی زۆر و خۆشەویستییەکەی یارمەتی دام رابووردو لەیاد بکەم و سەر لەنوێ لەزەت لەژیان وەرگرم. لەگەڵ مێردەکەمدا ئەمتوانی دەربارەی هەموو شتێک بدوێم، هەستم ئەکرد لێم تێئەگات وخۆشی ئەوێم، من ئەزانم ئەمە دیارییەکی تایبەتییە.

جا کاتێک دوو منداڵی تەندروست چاکمان بوو بەتەواوی بەختەوەر بووین. ئیتر چیمان ئەوێ؟ لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی هەردووکمان هەستمان ئەکرد بۆشاییەک هەیە لەدڵماندا. بەڵام نەمانئەزانی بەدوای چییدا ئەگەڕێین. هاوڕێی عەرەبمان هەبوو باوەڕیان بە عیسا هەبوو. من زۆر خۆشم ئەویستن چونکە زۆر رووخۆش وسەرراست بوون. بەڵام دەربارەی باوەڕیان هەرگیز پرسیارم نەئەکرد. چونکە نەمئەویست یاری بە هاوڕێیەتیمان بکەم. جارێکیان پرسیارم لەمێردەکەم کرد، هیچ شتێک دەربارەی باوەڕیان

ئەزانیت؟ ئەویش ووتی: ئەوان باوەڕیان بەوەیە کەوا عیسا یەزدانە. ئەمە بەراستی سەری لێتێکدام، چونکە ئەمە یەکەم جار بوو شتی وا ببیستم. ئیتر یەکسەر وازم لەو بابەتە هێنا و نەمئەویست هەرگیز جارێکیکە گوێم لە شتی وا بێ. ئەمووت: چۆن مرۆڤێکی ئاوا چاک ئەتوانی باوەڕی بە شتی وەها هەبێ؟ پاش ماوەیەک هەندێ پەرتووکم دەربارەی باوەڕی مەسیحی خوێندەوە، بەڵام بەراستی بە دڵ لەگەڵیدا نەبووم. بێگومان لەوکاتەدا هەندێ پرسیار هات بە مێشکمدا دەربارەی پێغەمبەر مەحەمەد، پاش ئەوەی زیاتر خۆم خەریک کرد بەژیانی ئەوەوە. من تێنەئەگەیشتم بۆچی لە هەندێ شتا یاسای تایبەتی بۆ ئەو هەبوو. بێ ئەوەی لەو بارەیەوە لەگەڵ کەسدا بدوێم، لەکاتی نوێژ کردندا هەرچەندە ناوی مەحەمەد بهاتایە لام ئەبرد. ئایا ئەمە ئەنجامی خراپ ئەبێ؟ لە هەموو حاڵەتێکدا نەمئەتوانی دژی بیرکردنەوەی خۆم هەڵسوکەوت بکەم.

ئەی یەزدان تۆ کێیت؟

شەوێکیان لەخەودا خۆم بینی لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا دانیشتووم. لەوێدا پیاوێکی پیر هەستا، یەکێکی نیشاندام، سەیری کردم و ووتی: ئەمە یەزدانە. ئینجا دەستی بۆ من راکێشاو ووتی: ئەمە ئەستێرە. ئەوسا دەستم دایە دەستی یەزدان. بەم خەوە زۆر تێکچووم! چونکە یەزدان مرۆڤ نییە، من دەستی بدەمێ! لەگەڵ بیرو



تێگەیشتنی مندا ناگونجێت. ئەو هەرگیز خۆی وا نزم ناکاتەوە! من هەوڵم ئەدا خێرا ئەو خەوە لەیادبکەم. کاتێک کچە گەورەکەمان چووە باخچەی ساوایان، ئاڵۆزی دەرونمان زیاد بوو، ئەمەش پەیوەندی بە پرسیاری زۆرەوە هەبوو: یەزدان کێیە؟ ئەو چۆنە؟ چی ئەوێ لە ئێمە؟ راستی چییە؟ من دەستم کرد بەپرسیار کردن لە یەزدان خۆی، لەوانەیە شتێکی سەیر بێ، بەڵام بە تەواوی بەشێوەیەکی تر لەجاران، لەگەڵیدا ئەدوام بە هەموو ئەو ناوانەی کە لەزمانەکان و ئاینەکانی تر بیستبووم. من ئەموویست وەڵامێک بەدەست بهێنم! تۆ کێیت ئەی یەزدان؟ ئەمە نوێژی تازەی من بوو. لەلایەکی ترەوە لە وەڵام ئەترسام. ئایا ئەبێ روانگای من دەربارەی یەزدان راست بکرێتەوە؟

لە کۆبوونەوەیەکی باوەڕدارانی عەرەبدا تووشی بەسەرهاتێک هاتم کەناتوانم بە شێوەیەکی تر لێکی بدەمەوە، جگە لەوەی کە یەزدان خۆی نیشانداوم. لە لێدوانێکدا لەگەڵ یەکێ لە باوەڕدارە عەرەبەکاندا هەرچی دوو دڵی و پرسیارێکم هەبوو خستمە روو: بە تایبەتی تێنەگەیشتنم بۆ ئەوەی کە عیسا یەزدانە! بەڵام لە کاژێری داهاتوودا عیسا خۆی ئەمەی بۆ روونکردمەوە. ئەمەش خەڵکەکە، یان قسە کردنەکە نەبوو، بەڵکو ئەو خۆی بوو. بۆیە لە دڵمدا بە یەکجار زانیم : عیسا یەزدانە.

پرسیارەکانم وەڵامیان درایەوە، بەئاشکرا بۆم دەرکەوت: ئەو بوو بەمرۆڤ، تا دەست بداتە دەستمان و لێمان نزیک بێتەوە لە گوناهەکانمان رزگارمان بکات. ئەم بەسەرهاتە بەدەگمەنە بەراستی منی گۆڕی. تا ئەو کاتە کەس بەمنی نەووتبوو یەزدان منی خۆشئەوێت، ئێستا ئەمە ئەزانم دڵنیا بوون لەمەش، کەس ناتوانێ لێم بسێنێتەوە. ئێستا ئەزانم یەزدان باوکمە، ئیتر هیچ ترسێکم نییە لێی. لەو رۆژەوە ئینجیل ئەخوێنمەوە، بەهۆیەوە زۆر شتم بۆ روون بۆتەوە. لەهەمان کاتیشدا سوپاس بۆ یەزدان مێردەکەشم باوەڕی بە عیسا هێنا.

ئاشتییەکی بێ وێنە ئێمە جارانیش خێزانێکی بەختەوەر بووین، بەڵام ئێستا ئاشتییەکمان دۆزیوەتەوە کە جاران نەمانئەزانی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا عیسا هەموو گیروگرفتێک لائەبات، بەڵام هەموو رۆژێک یارمەتیمان ئەدات و بەهێزمان ئەکات. هەندێ شت هەیە غەمبارمان ئەکات بۆ نموونە ، خوشکی مێردەکەم هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵماندا پچڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێ ژیانم لەگەڵ کەسدا بگۆڕمەوە! ئەمڕۆ ئەزانم کە یەزدان دەستی خۆی گرتووە بەسەر ژیانماندا: ئەو منی پاراست لەکاتی راکردندا. ئەو مێردێکی باشی پێمدا. بەڵام گەورەترینیان ئەوە بوو: کە عیسای مەسیحم ناسی.

هەروەها شتێکی کتوپڕی گەورە بۆ من ئەوە بوو



ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی باوەڕم بەعیسا هێنا، مۆڵەتی مانەوەم لەئەڵمانیادا وەرگرت ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنەر بوو. ماوەیەکی کورت لەوەو پێش بە یەزدانم ووت بوو: ( گەر تۆ بتەوێت ئێمە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، ئەوا من ئامادەم هەرچەندە تووشی گیروگرفتی زۆریش ئەبین.) ناخۆشی خوشکەکەم بەداخەوە هێشتا بەتەواوی کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵام ماوەیەکە ئەویش باوەڕی بە عیسای مەسیحی خوداوەند هێناوە لەو بارەیەوە زۆر دڵشادین.

یەزدان پەیمانی بە ئێمە نەداوە کەوا تووشی ناخۆشی نابین، بەڵام پەیمانی ئەوەی پێمان داوە کە لەسەرووی توانای خۆمانەوە تاقینەکرێینەوە... ئامین

# ئایا خودا تەنها عەرەبی تێدەگات؟

لە ماڵێک بەخێوکراوم کە دایکم کورد و سوننی بوو باوکم فارس و شیعە. هەر لە منداڵیەوە زۆر حەزم لەشتی دینی بوو، هەوڵم ئەدا مرۆڤێکی خواپەرست و چاک بم.

دایکم ژنێک بوو کە زۆر بایەخی بە ئایین نەئەدا بەڵام زۆر یارمەتی خەڵکی هەژار و فەقیری ئەدا. باوکم بەپێچەوانەوە یارمەتی خەڵکی نەئەدا بەڵام زۆر خەریکی خوێندنی قورئان و شتی ئاینی ئیسلام بوو. هەموو ساڵێک لەکاتی رەمەزاندا جارێک قورئانی خەتم ئەکرد. لە ماڵی ئێمەدا مناڵەکان تا تەمەنی حەوت ساڵی بە زمانی فارسی قسەیان ئەکرد. بەڵام لەوە و بەدوا دایکم هەوڵی ئەدا فێری زمانی کوردیمان بکات. من زۆر حەزم لە زمانی کوردی بوو کاتێک کە دایکی دایکم ئەهات بۆ سەر لێدانمان بە کوردی قسەی ئەکرد و و منیش حەزم ئەکرد لەگەڵیدا بە کوردی قسە بکەم. کاتێ کە نەنکم نوێژی ئەکرد سەیرم ئەکرد ئەمبینی کە شێوەی دەست نوێژ گرتنی جیاوازە لەوەی باوکم ئەیکات، ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە سونی بوو. جارێک لە نەنکم پرسی ئایا ئەزانی کاتێ نوێژ ئەکەیت چی ئەڵێیت ؟ ئەویش بەدڵنییایەکی تەواوەوە ووتی : رۆڵە من مەکتەبی قورئانم تەواو کردووە. بەڵام کاتێک بۆی تەرجومە ئەکردم، سەیرم ئەکرد کە بەراستی واتاکەی نازانێت . بۆیە پێم ئەووت دایە ئەوانەی کە تۆ ووتت



هەمووی هەڵەیە. بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەدامەوە و ئەیووت : خودا خۆی لێم ئەبورێت. من ئەمەوێ بە دڵی خودا بژیم و لێم رازی بێت وە بڕۆمە بەهەشتەوە، جا لەوکاتەدا من منداڵ بووم. لەئێران لەشارە شیعەکان ئەگەر کەسێک بیووتایە کە کوردە و سوننەیە وەکو جنێوێک وابوو، وە بەراستی لە قوتابخانەش بەجوانی لەگەڵتدا هەڵسوکەوتیان نەئەکرد. جا لەبەرئەوەی باوکم شیعە بوو، منیش بووم بە شیعە. زۆر هەوڵم ئەدا کە شتە ئاینییەکان بکەم وەکو نوێژ کردن و بەرۆژوو بوون و سەفەر بۆ ئەو شارانەی شوێنی زیارەتی لێبوو.

کاتێک کەبووم بە دوانزە ساڵ باوکم خانەنشین بوو، بۆیە رۆیشتین بۆ کوردوستان تا ئیتر لەبەر خاتری دڵی دایکم کە ژنێکی کورد بوو لەوێ بژین. دایکم زۆر ماندوو بوو چونکە لەوکاتەوەی کە شووی کرد بوو هەر ساڵێک لە شارێک ژیا بوو. بۆیە زۆر حەزی ئەکرد لە کوردوستان بژیت. لەوێ هەموومان پلانمان بۆ خۆمان دانا من ئەمویست ببم بە پارێزەر، بەڵام پلانی خودا لەگەڵ پلانی ئێمە جیاواز بوو. لەو کاتەدا بوو کە شۆرشی ئێران دژی شاه دەستی پێ کرد و لەدوایشدا شەڕی ناوخۆی نێوان کورد و حکومەت دەستی پێ کرد. ئیتر ئێمە لە ناچاریدا هەڵاتین بۆ تاران چونکە کوردوستان زۆر نائارام بوو. لەوێ بووین بە ئاوارەی جەنگ ، لە کۆشکێک کە خاوەنەکەی لەدوای شۆرش

هەڵهاتبوو بۆ دەرەوەی وولات، لەو کۆشکەدا ژووریکی هەشتا مەترییان دا پێمان. جا چونکە ئێمە لە کاتی راکردندا هەمووو شتەکانمان بەجێهێشتبوو وە هیچمان لەگەڵ خۆماندا نەهێنا بوو، بۆیە هیچمان نەبوو لەناو ئەو ژوورە گەورەیەدا دای بنێین.

من کە مرۆڤێکی زۆر لووت بەرز و لەخۆ رازی بووم نەمئەتوانی ئەو وەزعە تەحەمول بکەم و لە خودا عاجز بووم و ئەمووت: ئێمە ماڵێکی زۆر ئیماندار و موسڵمانین بۆچی ئەبێ ئەمەمان بەسەردا بێت؟ بۆچی یەزدان ژیانی لێتێکداوین؟

لەو کۆشکەدا هەندێ ماڵی تریش ئەژیان، پیاوێک ئاگاداری و سەرپەرشتی ئەوێی ئەکرد کە لەگەڵ حوکومەتیشدا ئیشی ئەکرد. دوای ماوەیەکی کورت برای ئەو پیاوە کە پاسداری خومەینییان پێ ئەووت حەزی لە من کرد. من لەوکاتەدا تەمەنم ١٤ ساڵ بوو نەمئەویست وا زوو شووبکەم کورەکەش تەمەنی ١٧ ساڵ بوو. بەڵام لەبەرئەوەی کورە عاشقی من بوو بوو بۆیە براکەی کە پاسدار بوو، بەزۆری تفەنگ منیان ناچار کرد کە ببم بە دەستگیرانی کورەکە. شەش مانگ دەستگیرانی کورەکە بووم، بەڵام یەکترمان زۆر نەئەبینی چونکە براکەی ئەوی برد بوو بۆ شارێکی کە تا لەوێ کار بکات. جا رۆژێک لە رۆژان کە هات بۆ سەردانی من پێم ووت : کە من حەزی لێناکەم و نامەوێت



شووی پێبکەم چونکە وەکو برا سەیری ئەکەم، بۆیە تکام لێکرد بڕوات بۆ لای براکەی تا پێی بڵێت ئەو منی ناوێ و چونکە من نەمئەویست خەڵکی بەخراپە باسی بکەن. هەروەها هیوادار بووم کەدەستگیرانییەکەمان تێک بچێت. بەڵام ئەو کورە بەگوێی منی نەکرد، بەڵکو ئەو شەوە ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە و گوللەیەک لەسکی خۆی ئەدات. سوپاس بۆ یەزدان کە نەمرد. ئیتر ساڵێک لە خەستەخانە کەوت و نەشتەرگەرییەکی زۆریان کرد تا لەمەرگ رزگاریان کرد. براکەی بۆ بەیانی بەدەنگێکی زۆر ناخۆش هەموومانی لەخەو هەڵسان بەوەی ئەیووت : براکەمت کوشت منیش تۆ ئەکوژم. لەو کۆشکەی کە ئێمە تێیدا ئەژیان دەرگایەک نەبوو کە قوفڵی لێ بدەین. لە پڕدا بینیم یەکێ تفەنگێکی کلاشینکۆفی خستۆتە سەر سەرم و ئەیەوێت بمکوژێت. هەموومان زۆر ترساین. سوپاس بۆ خودا ئەو شەوە برا گەورەکەم لەگەڵ ژنەکەی هاتبوون بۆ سەر لێدانمان و لای ئێمە مانەوە. جا براکەم خێرا هەستا و پەلاماری برای دەستگیرانەکەمی دا و تفەنگەکەی لێ سەند و من توانیم هەڵ بێم. ماوەیەک لەماڵی براکەم کە لە گەرەکێکی تر بوو مامەوە، وەزعێکی زۆر ناخۆشم هەبوو. لەگەڵ خودا شەرم ئەکرد کەبۆچی ناخۆشی بە دوای ناخۆشی بەسەر ئێمەدا ئەهێنێ، ئەمە سزای چییە؟پرسیارم ئەکرد ئایا من مرۆڤێکی خراپم؟ ئایا شتێکی خراپم کردووە

کەوا یەزدان سزام ئەدات؟ من کە هەموو شتە ئاینییەکان بەجێ ئەهێنم، بۆچی وا لەناخۆشییدا ئەژیم؟ لەوکاتەدا یەکێ لەخزمەکانمان هات بۆ میوانی بۆلامان و حەزی لە من کرد. من کە ئیتر رێگایەکی ترم بۆ نەما بوو لەدەستی کەسوکاری ئەو کورە رزگارم بێت چونکە هەڕەشەیان لە من ئەکرد، ئەگەر ئەو کورە بمرێ من ئەکوژن بۆیە بەناچاری شووم کرد بەو خزمەمان و رۆیشتم بۆ شارێکی تر. لەدوای سێ مانگ هەستم کرد بەهیچ جۆرێک خۆشم ناوێ و لەیەکتر ناگەین، مێردەکەم لێی ئەدام و نەیئەهێشت بڕۆم بۆلای کەسوکارم. جا لەوکاتەدا هەستمکرد کە سکم هەیە ، بەبیانووی کۆنترۆڵ و رۆیشتن بۆ لای دوکتۆر رۆیشتم بۆ لای دایکم و پێم ووت ئەو پیاوە چیم لێئەکات و تکام لێکرد کە من نەنێرێتەوە بۆ لای. ئەویش زۆر غەمبار بوو ووتی رۆڵە ئێمە هەموو کاتێ تۆمان بەکچێکی عاقڵ و ژیر داناوە بۆ ئەم هەموو ناخۆشییەت بەسەردا دێت؟ لەدوای شەر و فەرتەنەیەکی زۆر هاتم و لە لای دایک و باوکم مامەوە تا تەمەنم بوو بە هەژدە ساڵ، چونکە زووتر نەمئەتوانی تەلاقی خۆم وەربگرم. کاتێک لە مێردەکەم جیابوومەوە و هاتم بۆلای دایک و باوکم سکم دوو مانگ بوو. کە توانیم تەلاقی خۆم لە مێردەکەم وەربگرم، تەمەنی کچەکەم یەک ساڵ و دوو مانگ بوو. تەلاقەکەم نزیکەی دوو ساڵی خایاند ، چونکە لەحکومەتی ئیسلامی ئێران ژن زۆر



حەقی نەبوو. بەزەحمەتێکی زۆر توانیم کچەکەم لەباوکی بستێنم لەبەرئەوەی بە قانونی ئیسلامی ئێران منداڵ هی باوکە. چەند ساڵێک هەروا رۆیشت و من زۆر غەمبار بووم هەر لەگەڵ خودا قسەم ئەکرد و هەر نوێژم ئەکرد، لە نیوەشەودا نوێژم ئەکرد ( لە مەزهەبی شیعە نوێژی شەویش هەیە کە بریتیە لە یانزە رکاعەت.) تا گەیشتمە ئەو باورەی ئەگەر خودایەک بوونی هەبێت خودایەکی زۆر زۆردارە یان ئەوەتا خودا هەر بوونی نییە و ئەمە دروست کردەی خەیالی مرۆڤە. بە دایکم ووت : من ئەمەوێ عەبا و پەچە بپۆشم و ئیتر حەزناکەم کەس بمبینێت. دایکم ووتی رۆڵە تۆ گەنجی ئەبێت جارێکیکە شووبکەیتەوە. منیش ووتم : من نامەوێت شووبکەمەوە من نامەوێت ئیتر لە ژیانمدا کەس ببینم. چەند جارێک لە باوکم پرسی کە بۆچی ئێمە ئەبێت بە عەرەبی نوێژ بکەین؟بۆچی پێنج جار رۆژانە ئەبێت نوێژ بکەین؟ بۆ ناتوانین بە زمانی دایکی خۆمان لەگەڵ خودا قسە بکەین؟ ئایا خودا تەنها هەر زمانی عەرەبی ئەزانێت؟ باوکیشم ئەیووت کفر مەکە، رۆڵە تۆ بۆت نییە پرسیاری وا بکەیت، تۆ هەر ئەبێت ئەو شتانەی لە ئاینی ئیسلامدا هەیە جێبەجێ بکەیت ئیتر پرسیار مەکە.

کاتێک تەمەنم بوو بە **٢١** ساڵ رۆژێک رۆیشتم بۆ لای ئاڵتون چییەک موستیلەیەکم برد بۆی تا بۆم بچووک

بکاتەوە، کابرای ئاڵتون چی ووتی هەفتەیەکی تر وەرەوە موستیلەکەت تەواو ئەبێ، ویستی وەسڵێکم پێبدات تا کاتێ ویستم موسیلەکە وەرگرمەوە وەسڵەکەم پێبێت، بۆیە لێی پرسیم ناوت چییە؟ منیش ناوەکەم پێووت، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە پرسیاری کرد : ئێوەش ئەرمەنین؟

ئەو ئەم پرسیارەی کرد چونکە خۆی ئەرمەنی بوو وە ناوەکەی منیش ناوێکی ئیسلامی نەبوو. لەوێدا من بە توورەییەوە پێم ووت نەخێر من موسڵمانم. ئیتر من بەمە زۆر نارەحەت بووم. کاتێک کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بەخۆمم ووت: ئەبینی تۆ ئەوەندە مرۆڤێکی خراپی یەکسەر خەڵکی لە دەموچاوتدا هەستی پێئەکەن کەتۆ کافری! ئەو هەفتەیەی کە چاوەڕوانی موستیلەکەم ئەکرد زۆر بیرم لێکردەوە کەوا گەلی ئەرمەنی مەسیحین، بەڵام زۆر شتم دەربارەی مەسیحییەکان نەئەزانی، تەنها بیستبووم کە بە مرۆڤێکی راستگۆ و جێگەی بڕوا بەناوبانگن. کاتێک کە موستیلەکەم تەواو بوو رۆیشتم بۆلای ئاڵتونچییەکە، بەڵام یەکەم پرسیارم دەربارەی موستیلەکەم نەبوو بەڵکو لێم پرسی مەسیحییەکان کێن؟ ئەویش ووتی: کەنیسەیەک لەم گەڕەکە هەیە کە بە زمانی فارسی قسە ئەکەن وەرە بتبەم بۆ ئەوێ. (ئێستاش وەکو خەوێکە بۆم کەچۆن یەزدانی دڵسۆز بەم شێوەیە منی رزگار کرد). ئیتر منیش خێرا لەگەڵیدا رۆیشتم، لەوێ منی بەقەشەی کەنیسەکە ناساند و



خۆی رۆیشت. قەشەکەش منی بۆ یەکشەممەی داهاتوو بانگ کرد، منیش یەکشەممە رۆیشتم بۆ کەنیسەکە، کاتێک کە رۆیشتمە ناو پیرێژنێکم پرسی، ئایا ئەتوانم بەبێ دەست نوێژ کەنیسەکە زۆر بەترسەوە رۆیشتمە ژوورەوە، لە گرتن بڕۆمە ژوورەوە؟ ژنەکە ووتی : بەڵێ جا لەوێ بۆ یەکەم جار گوێم لێبوو کە یەزدان خۆشەویستییە، کە ئەو رۆڵەی خۆشەویستی خۆی لە پێناوی گوناهەکانی ئێمە کردووە بە قوربانی، وە ئەگەر تۆبە بکەین و باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنین ئەو کاتە یەزدان گوناهەکانمان پاک ئەکاتەوە و ئەبین بە رۆڵەی ئەو. ئەو شەوە کاتێ کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، ئارامییەکی زۆر خۆش لە دڵمدا پەیدا بوو بوو، هەستێک کە تا ئەو کاتە هەرگیز نەم بوو. کاتێک هاتمە ماڵەوە بەخۆمم ووت چۆن مەسیحییەکان درۆ ناکەن، با منیش لە ئێستاوە ئیتر درۆ نەکەم، چونکە لەمنداڵییەوە بیست بووم کە لە ئیسلامدا درۆی مەسلەحەت هەیە، بۆیە یەکسەر بەدایکم ووت دایکە ئەزانیت ئەمڕۆ لەکوێ بووم؟ ئەویش ووتی ئا لەلای خوشکەکەت بوویت. منیش پێم ووت نەخێر، دایکە من درۆم لەگەڵتدا کرد بوو ئیمرۆ لە کەنیسە بووم. ئەو ئایینەم خۆشەوێت و بە دڵمە چونکە زۆر شتی باش و چاکی تێدایە، لەوێدا دایکم کێشای بەسەرخۆیدا و ووتی رۆڵە ئەم کارە چییە ئەیکەیت تۆ بیر لەئێمە ناکەیتەوە؟ نازانیت

ئەگەر ئیسلامییەکان بزانن چیمان لێ ئەکەن؟ وە ئەگەر مێردەکەت بزانێ کچەکەت لێئەسێنێتەوە. دڵم زۆر بەپەرۆش بوو بۆ باوەرە تازەکەم بۆیە پێم ووت دایکە من یەزدانێکم ناسیووە کە منی خۆش ئەوێت و زۆر دڵسۆزە بۆم، ئەو چی بەباش بزانێت ئەتوانێت لە ژیانمدا بیکات. ئینجا دایکم زۆر توورە بوو ووتی ئەبێ لەم ماڵە بچیتە دەرەوە تۆ هەموومان بەکوشتن ئەدەیت، نازانیت کە ئێمە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئیسلامیدا ئەژین؟ بەڵام کاتێک دایکم هەستیکرد ئەم بیرە شتێکی جدییە ووتی لێرە بمێنەرەوە بەڵام لای کەس دەربارەی ئەمە قسە مەکە . منیش ووتم تا کەس پرسیارم لێنەکات من هیچ ناڵێم ، بەڵام ئەگەر پرسیاریان لێکردم ئەبێت راستییەکەیان پێبڵێم. جا بریارمدا ئەوەندەی بتوانم هەوڵبدەم نەهێڵم کەس بەم شتە بزانێت. پەرتووکی زۆرم لەکەنیسە کڕیبوو کە یەکێکیان پەرتووکی پیرۆز بوو هەموویم بە رۆژنامە داپۆشی بوو تا کەس نەزانێ من چ کتێبێک ئەخوێنمەوە. بەڵام چونکە هەموو خوشک و براکانم کە پێکەوە ٧ کەس بووین لەماڵێکی بچووکدا ئەژیاین شاردنەوەیان شتێکی ئاسان نەبوو. لەئینجیلی پیرۆزدا مەسیح ئەفەرمووێت: چرا داناگیرسێنرێ تا لە ژێر تەشتێکدا بیشارنەوە. لەپاش ماوەیەک خوشک و براکانم هەستیانکرد بەوەی من زۆر خەریکی پەرتووک خوێندنەوەم ، ئەمە بووە هۆی



ئەوەی بکەونە گومانەوە لێم بۆچی کتێبەکان بە رۆژنامە داپۆشراون، بۆیە دەستیان کرد بە پرسیارکردن لێم ئەوە چییە کە ئەیخوێنمەوە؟ منیش نەمئەویست درۆیان لەگەڵ بکەم راستییەکەم پێووتن. ئیتر پاشماوەیەکی کورت هەموویان زانییان کە بووم بە مەسیحی. ساڵێکی تەواو رۆیشتم بۆ کەنیسە و پرسیارێکی زۆرم لە قەشەکە ئەکرد. لەدوای ساڵێک من و خوشکێکم کە ئەویش ماوەیەکی کورت دوای من باوەڕی هێنا بە عیسای مەسیح، خۆمان لەئاو هەڵکێشا. بەڵام خوشکێکی ترم هەبوو کە جاران زۆر هاوڕێم بوو، کاتێک زانی من بووم بەمەسیحی زۆر بەخراپە هەڵسوکەوتی لەگەڵمدا ئەکرد. گەر چێشتم لێبنایە ئەیووت ئەو خواردنە پیسە چونکە ژنێکی کافر و بێ باوەر دروستیکردووە، ئەگەر دەستم بەر هەر شتێک بکەوتایە ئەیووت ئەو شتە پیس بووە. وە هەمیشە شەری بەمن ئەفرۆشت. بەڵام من لەو کاتەدا بەهێزی مەسیحی پیرۆز ئەوەندە دڵ پڕ لە خۆشەویستی و ئاشتی بووم، هەرچەندە ئەو خراپەی بەرامبەر بەمن بکردایە من بەخۆشەویستییەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵیدا ئەکرد. لەپاشماوەیەکی کورت لەکەنیسە بووم بە ئەندامی کۆمیتەی گەنجان، لەوێ لەگەڵ کچێکدا بووم بەهاوڕێ کە باوکی سەرۆکی ئەنجومەنی پەرتووکی پیرۆز بوو، لەمنی پرسی ئایا ئەمەوێت لەو فەرمانگەیەدا کاربکەم؟ منیش پێم

ووت لە راستییدا تائێستا لەسەر کۆمپییوتەر ئیشم نەکردووە، بەڵام بەباشی ئەتوانم کاربکەم لەسەر مەکینەی نووسین ( تابیعە ). ئیتر لە ساڵی **١٩٨٦** لای ئەنجومەنی پەرتووکی پیرۆز دەستم کرد بە کارکردن سێ ساڵ و نیو لەوێ کارم کرد. لەوکاتەدا من هەموو پەیمانی کۆنم بە کۆمپیوتەر نووسی، وە چەندین جار کۆنترۆڵمان کرد. تا ئەو کاتەی حکومەتی ئیسلامی لە ساڵی **١٩٨٩** دەرگای فەرمانگەکەی داخست و هەموو فەرمانبەرەکانیان دەرکرد.

سەرۆکی ئەنجومەن تاوەک نەیکوژن هەڵات بۆ دەرەوەی وولات. ئێمەش لەشارەکەی خۆمان رۆیشتین بۆ شارێکی بچووک و لەوێ ژیاین. چونکە دایکم زۆر ئەترسا کە توندرەوە ئیسلامییەکان بەدوای مندا بگەڕێن و بمکوژن. لەوکاتەی کەمن ئیشم نەبوو دایکم جار جار ئەیووت ئەو کتێبەی کەخەریکیت ئەیخوێنیتەوە بە دەنگی بەرز بۆ منیشی بخوێنەرەوە ، منیش پەیمانی تازەم هەمووی بۆ دایکم بەدەنگی بەرز خوێندەوە. ئیتر هەرجارەی بەشێکم لەپەرتووکی پیرۆز ئەخوێندەوە دایکم ئەیووت ئەی منیش هەمیشە وام ووتوە، ئەمانە هەمووی زۆر بەدڵی منن، چونکە من هەمیشە باوەرم بەوشتانە هەبووە! پاش ماوەیەک ئەویش باوەری بە عیسای مەسیح هێنا. جا کاتێک دایکم باوەری هێنا ژیانی من زۆر ئاسنتر بوو، چونکە ئیتر



کەسوکار نەیانئەتوانی ئازاری من بدەن. بەڵام پوورێکم هەبوو کە باوەری بەهیچ نەبوو، کاتێک کە بیستی من بووم بەمەسیحی و دایک و خوشکیشم باوەریان هێناوە، بوو بە دوژمنی من و ئەیووت تۆ هەموو خێزانەکەت تووشی رێگای هەڵە کردووە. دوایی خوشکێکی تر و برایەکم کەمێک باوەریان بەمەسیح هێنا، لەپاشماوەیەکی تر سوپاس بۆ خودا خوشکە گەورەکەم و دووکچەکەیشی باوەریان هێنا. چوار ساڵ بێ ئیش بووم. تا رۆژێک نامەیەکم لە ئەڵمانیاوە بۆهات لەلایەن بەرێوەبەرەکەم ، کە هەڵهاتبوو بۆ ئەوێ لەنامەکەیدا پرسیاری ئەکرد کە ئایا من ئامادەم لە وولات بێمە دەرەوە و لەشوێنێکی تر خزمەتی یەزدان بکەم و ووشەی یەزدان بەو کوردانەی لە ئەڵمانیا ئەژین رابگەیەنم؟ منیش وەڵامم دایەوە: بەڵێ، بە دڵ و بە گیان.

جا ئێستا ماوەی سیانزە ساڵە لە دەرەوەی وولات خزمەتی گەلەکەم ئەکەم و ووشەی یەزدانیان پێ رائەگەیەنم، تاوەک بەو جۆرەی عیسای مەسیحی پیرۆز منی لە گوناهەکانم رزگار کردووە و ژیانێکی نوێی پێبەخشیووم، بەهەمان شێوە گەلەکەیشم لەژێر باری گوناە رزگار بکات و ژیانێکی پڕ لەئاشتی و ئازادی کە تەنها خودا خۆی ئەتوانێت بەهەموومان ببەخشێت و پێشکەش بەمیللەتەکەمانی بکات. تاوەکو زیاتر لە ووشەی یەزدان تێبگەم و بتوانم بەوانی

تريش ووشەكانى رابگەیەنم لەگەڵ ئیشەكەم بۆ ماوەى **٤** ساڵ دەستم كرد بەخوێندنى لاهوت، لە ساڵى **٢٠٠٦** بەهێز و یارمەتى مەسیحى پیرۆز بروانامەكەم وەرگرت.

ساڵانى پێش باوەرم لە دڵدا هەستم بە نائارامى ئەكرد تەنانەت ویستم واز لە خودا بهێنم چونكە باوەرم پێى نەمابوو، بەڵام بەهۆى عیساى مەسیحى پیرۆزەوە خودام ناسى كەخواى خۆشەویستییە و منى خۆشئەوێت. ئەمویست خۆم لە هەموو خەڵكى دووربخەمەوە، چونكە رقم لێیان بوو، بەڵام عیساى مەسیحى خۆشەویستى خۆى خستە ناو دڵمەوە و فێریكردم هەر بەو شێوەیەى كە ئەو لە من خۆش بووە منیش ئەبێ لەخەڵكى تر خۆش ببم، بۆیە ئێستا بەشادییەوە لەناو گەلەكەمدا كارئەكەم و هەمووانم خۆشئەوێت وەك یەزدان منى خۆشوویست.

سوپاسى یەزدانى دڵسۆز ئەكەم ئەو خوشكەم كە دوژمنى من بوو **٢** ساڵ لەمەوبەر باوەرى بەمەسیح هێنا و بەدەستى من لە توركیا خۆى لەئاو هەڵكێشا. تەنها ئەو رێگە و راستى و ژیانە وە تەنها بەهۆى ئەوەوە ئەتوانین برۆینە لاى یەزدان و پەیوەندى رۆحیمان لەگەڵیدا هەبێت........

ئامین



## ئازادى لەناو بەندینخانەدا

پێخۆشحاڵم باسى ئەو ئازادییە بكەم كە بەهۆى خاچەكەى عیساى خوداوەندەوە بەدەستمان هێنا، ئەوەى زۆر جیاوازە لەو ئازادییەى بەهۆى سەركردەى هێزى چەكدار یان حزیب بەدەست دێت بۆ میللەتان. من خۆم بە شاهیدى ئەو ئازادییەى رۆڵەى یەزدان دائەنێم.

لە ساڵى **١٩٧١** لە شارۆچكەى دەربەندیخان لە دایك بووم. بەردەوام بە درێژایى چەند ساڵێك لەگەڵ ماڵەوەمان ژیانمان لەسەر شەریعەتى ئیسلام ئەرۆشت، منیش بەو شێوەیەى عادەت و تەقلیدى گەلێكى موسڵمانە پەروەردە بووم. تا ساڵى **١٩٩٧**بەردەوام ئەژیام لەسەر شێوەى زۆربەى گەنجى سلێمانى، جار جار نوێژ و رۆژووم ئەگرت و جار جاریش وازم لێ ئەهێنا.

لە ساڵى **١٩٩٧** لەهۆڵەندا خۆم بینیەوە، لەوێ بەهۆى گیروگرفتى غەریبى و پەناهەندەیى و بێكارى وە بەهۆى هاورێى خراپەوە فێرى بەكارهێنانى ماددەى موخەدەرات بووم.

جا غەریبى ئێرە و بێكارى سەخت بوو، چونكە تاڵى و تاریكى ژیان دەستى پێكرد بوو رۆژ بە رۆژ نارەحەتى و قورسایى سەرشانم و دەرونم لەزیاد بووندا بوو، بەدواى پەیداكردنى مەوادى موخەدەراتدا ئەگەرام، ئەوەبوو لەلایەن پۆلیسى ئەڵمانییەوە دەستگیركرام بە دەرمانەوە

ئیتر ڕەوانەی بەندیخانە کرام. لێرەدا بەتەواوی و بەواتای ووشە ژیانم تاریک بوو، لەبەرئەوەی ئەبێ لەنێوان چوار دیوار و دەرگا و پەنجەرەی ئاسنی داخراودا ژیان بەسەر بەرم و هیوای ئازاد بوونم هیچ نییە. ئیتر گریان و تاریکی و غەمباری و نائومێدی دەوریان گرتم هەروەها زمانی ئەڵمانیشم نەئەزانی. یەکەمجار تا یەک دوو هەفتە مێشکم هەر ئەزرنگایەوە ، نەمئەزانی شەوە یان ڕۆژە دوای ئەوەی هەندێک هاتمەوە سەرخۆم و چاوم خشان بە ژیانمدا لە منالّیمەوە تا ئیستا وە ئێستاش لێرە لە بەندیخانەدا بۆچی دەرگام لێ داخراوە؟ پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر دانم بەوەدا نا کەوا من تاوانبارم هەر لەبەر هەمان شت دوای شەش مانگ برام بۆ دادگا و سزادرام بە دوو ساڵ و هەشت مانگ بەندیخانە. هەر لەسەرەتاوە چۆن لەمندالّییەوە فێر کرابووم دەستم کرد بە نوێژ کردن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئاینی ئیسلام. ماوەی شەش مانگ بەردەوام دۆعام ئەکرد و بەگریانەوە ئەپاڕامەوە وە لەقورئانم ئەخوێندەوە و ئەو ئەرکانەم جێبەجێ ئەکرد کە یەزدان لەسەر دەستی بەناو نێرراو مەحەمەدا داوای کردووە لێمان، بەلاّم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستم ئەکرد یەزدان چەند لێمانەوە دوورە لەئاسمان زیاتر لێم دوورئەکەوێتەوە گوێی لە نوێژەکان و دۆعاکانم نییە و وەلاّمم ناداتەوە وا دیارە کەموکورتی



هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانمدا، بەلاّم لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا کە چاوم ئەکەوت بە ناوی عیسای مەسیح هەستم بەئارامی ئەکرد چونکە شکۆی خودای تێدا بەدی ئەکرا بەتایبەتی کە ئەڵێ (ئێمە بە ڕۆحی پیرۆز پشتگیریت ئەکەین). (سورتی المائدە **١٠٩**) لەکاتێکدا تامزرۆی ئەوە بووم عیسای مەسیح بەتەواوی بناسم، بڕیارمدا نوێژ و ئەرکی ئیسلامیم ڕابگرم و هەوڵ بدەم ئەو عیسایە بناسم و بزانم چییە، لێرەدا لەناخمەوە دەنگێک پێی ووتم تۆ ئەبی بە مەسیحی ! بۆیە بەدڵ ئارەزووی ئەوەم ئەکرد مەسیح بناسم. دوایی لەلایەن یەکێ لەزیندانەکانی هاوڕێم بیستم کەوا پیرێژنێک و مێردەکەی هەفتەی یەک ڕۆژ دێنە ناو زیندانەکە بۆماوەی سەعات و نیوێک بۆ مزگێنیدان و نوێژ کردن و یارمەتی دانی بەندەکان بۆ ناسینی مەسیح، منیش بڕیارم داو چووم بۆ کۆبوونەوەکە ، کاتێک چوومە ئەوێ ئەو خوشکە پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و بە هێواشی بە ئەڵمانی قسەی لەگەڵ ئەکردم بۆ ئەوەی تێبگەم بەڕاستی ئافرەتێکی باوەڕدار بوو سەرم سوڕئەما لەباوەڕ و نوێژکردنە بەتینەکانی کە بە فرمێسکەوە ئەیووت خودایە لێمان ببوورە ئێمە گوناهبارین. ئیتر ئەو خوشکە پاش ماوەیەک ئینجیلی لۆقای بۆ هێنام، دەستمکرد بەخوێندنەوەی. یەکەم جار هەندێک دەربارەی ژیانی

سەرسوڕهێنەری عیسای مەسیح وەک نێرراو لەسەر زەوی تێگەیشتم. ئیتر جەنگ دەستی پێ کرد چونکە دەنگێگ ئەڵێ ئەبێ ببی بە مەسیحی دەنگێکی تر ئەڵێ گەر ببی بەمەسیحی ئەچیتە( دۆزەخەوە )، بەڵام من هەر بەردەوام بووم لە لێکۆڵینەوەو پرسیار کردن لەو خوشکە، تا ئەوە بوو پەرتووکی ژیان نامەی دوکتۆر حەمە سەعیدی بۆ هێنام، دەستم کرد بەخوێندنەوەی بەراستی ئەو ژیان نامەیەی (مەلا حەمە سەعید ) لەکوردوستانی ئێران و چۆنێتی باوەڕهێنانی بەمەسیح و جەنگی ناوەرۆکی ناخی ئەو برا باوەڕدارە یارمەتی دەرێکی زۆر باش بوو بۆ من کەوا فێری کردم لەو بێ کەسییەدا وەک کوردێک لە بەندینخانەدا چۆن سەرکەوم بەسەر ئەو خەرافیەتانەی لەمنداڵییەوە فێرکراوم، جا لەکۆتایی پەرتووکەکەدا ناونیشانێک هەبوو لەوان داوای ئینجیل و نامیلکە و کاسێتم کرد، پاش هەفتەیەک گەیشتن بەدەستم. ئیتر دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز دوو جار سێ جار خوێندمەوە هەمووی بەبیرو مێشکێکی تەواوە بەتێگەیشتنەوە. لەئینجیلی یۆحەننا (٨ : ٣١) عیسا بەو جولەکانەی باوەڕیان پێهێناوە ئەڵێت : ( گەر لەسەر ووشەکانم بڕۆن، بەراستی دەبنە قوتابی من، راستی ئەناسن و راستیش ئازادتان ئەکات.) یان لە (ئایەتی ٣٦)دا ئەڵێت : (گەر رۆڵە ئازادی کردن ئەوا بەراستی ئازاد دەبن.)



جا ئەوەتا ئەنجامی گوناە بەندیخانەیە بۆیە منیش پێویستم بەئازادی هەیە. کەواتە راستە خودا دەفەرمووێ : ( سزای تاوان یان گوناە مردنە) سزای تاوانەکەی من بەندینخانەیە بۆیە پێویستم بە ئازادی هەیە لەو بەندینخانەیەدا، لەو مردنەی چاوەڕێم ئەکات ئەوەی بەهۆی گوناهەکانمەوە بەدەستم هێناوە. جا لەکاتی ئەم بیرکردنەوانەدا (رۆڵە) هات بەرۆحی پیرۆزەوە بەتەواوی ئازادی کردم، ئازادییەکی تەواو تەنها بەلەش لەبەنندیخانەدا بووم، بەڵام رۆحم ئازاد بوو. ئیتر لەو رۆژەوە باوەڕم هێنا و عیسای مەسیحی خوداوەندم بە یەکەم رزگارکەری خۆم هەڵبژارد و بووم بە قوتابی ئەو.

جا چونکە مامۆستاکەم بەتوانایە ئەو لە بەندینخانەدا بوو بەفێرکەر و بەکاری ئەهێنام بۆ زیندانیەکانی تر. هەر لەبەندینخانەوە دەستم کرد بە خزمەتی ووشەی یەزدان، تا سزاکەم تەواو بوو، ئینجا لە **٢٠٠٤/١٢/٦** ئازاد کرام. پێش ئەوەی بگیرێم لە ئەڵمانیا داوای پەناهەندەیم کرد بوو لەبەرئەوە هەر لێرە مامەوە و ئازاد کرام. ئیتر گەڕامەوە شارەکەی کە کاتی خۆی لێی بووم پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی باوەڕدارانی شارەکەوە، هەر لەوکاتەوە بەردەوام ئەگەڕێم و مزگێنی خوداوەند و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی کە لەژیانمدا کردوویەتی ئەدەم بەخەڵکی وە خوداوەندیش هەموو کات و ساتێک

لەگەڵمدایە و کارەکانم ئاسان ئەکات، لەکاتێکدا من تەنها داوای بێ تاوانی خۆمی لێ ئەکەم.. کەچی ئەو لە سەرەتای باوەڕمەوە بەجوانی و بەپلانی پیرۆزی خۆی وەک باوکێکی دڵسۆز خواردن و خەوتن و جل و بەرگ ماڵ و کار و خوشک و برای پیرۆزی باوەڕدار، پاشەرۆژ و ژیان و پێویستی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بۆم جێبەجێ ئەکات.



## بەهەشتێک لەناو دۆزەخێکدا

من هاووڵاتییەکی شاری سلێمانیم، لە تەمەنی دوانزە ساڵیمدا کاتێک کە میوان بووم لە ماڵی خوشکە گەورەکەم. یادی لەدایک بوونی عیسای مەسیح بوو بۆیە بەوبۆنەیەوە لە تەلەفزیۆندا فلیمی مەسیحیان نیشاندا، بەراستی هەر لەو تەمەنەوە مەزنێتی و کەسایەتی مەسیح کارێکی گەورەی کردە سەر دڵ و دەرونم. کەسایەتی عیسای مەسیح لەو فلیمەدا ئەوەندە مەزن بوو دەستم کرد بەگریان کاتێک کە فلیمەکە کۆتایی پێ هات. هەر بۆیە مەسیح لەو کاتە سەرەتاییەوە توانی بێتە ناو دڵ و دەرونمەوە، وە بەکەسێکی نموونەیی دایبنێم لە ژیانی خۆمدا.

لەگەڵ گەورەبوونمدا بیرکردنەوەم دەربارەی مەسیح زیادی کرد. لەگەڵ پێگەیشتنی زانستی خۆم و تەواو کردنی زانکۆدا بیرم لەکەسایەتی مەسیح ئەکردەوە، چونکە بەدرێژایی ژیانم و تاتەواو کردنی زانکۆشم لەگەڵ ئەوەی چەندین پەرتووکی فەلسەفی و چەندین مامۆستای زیرەکم هەبوو لە زانکۆدا، کەسم نەدی وەکو عیسای مەسیح وابێ، وا پڕ لە خۆشەویستی و بەرەکەت و بەزەیی بێ ، هەر بۆیە هەمیشە بە دوایا ئەگەڕام. بەڵام وامئەزانی کە ئەوانەی موسڵمانن بۆیان نییە باوەڕ بە مەسیح بهێنن، چونکە ئێمە وا فێر کرابووین قەدەغەیە و گیروگرفتە ئەگەر بێتو نزیک بینەوە لە مەسیح. بەڵام من لەدڵمدا

مەسیحێک هەبوو، هەر بۆیە لە ساڵی **١٩٩٦** لەرێگەی هاورێیەکمەوە مەسیحم ناسی و پێی ووتم کەمنیش ئەتوانم ژیانی مەسیحییەت هەڵبژێرم، وە باوەڕ بە مەسیح بهێنم و بیگرمە دڵی خۆم، وەهەروەها ژیانی خۆم بگۆڕم. هەروەک چۆن درەختێک لەشوێنێک هەڵیکەنی وە بیبەت لەشوێنێکی تازە بینێژیت، منیش خۆمم هەڵکەند لەژیانە کۆنەکەم و ئیتر خۆمم لەناوعیسای مەسیح و ئینجیلدا ناشت.

لەراستییدا کاتێک ئەگەینە تەمەنێکەوە کەتێیدا بیرئەکەینەوە لەبوون و نەبوونی یەزدان و مەسەلە فەلسەفییەکان لەژیانماندا، سەیر ئەکەین مرۆڤ بەلایەوە گرنگە کە ئایا کێ ئەم جیهانەی دروست کردووە؟ وە کێ ئەم جیهانە ئەبات بەرێوە؟ کێ مرۆڤی دروست کردووە؟ کێ بوونی دروست کردووە؟ ئایا پاشەرۆژی ئێمە بەرەو کوێ ئەڕوات؟

منیش وەکو ئەو کەسانە خەم و خەفەتی ژیان و بوونم هەبوو، هەر بۆیە هەمیشە ئەگەڕام بەدوای راستییەکاندا لەرێگەی خوێندنەوەی پەرتووکە جۆراوجۆرەکانەوە.بەڵێ بەڵام کاتێک کەعیسای مەسیحم ناسی، خەموو خەفەتی بوون و دوای مردن و ژیانم نەما، چونکە بۆم دەرکەوت کە عیسا، تاقە رێگەیە کە ئەمبات بۆلای ئەو یەزدانەی کەمن بەدوایدا ئەگەڕێم . بەڵێ زۆر دڵمخۆش بوو لە کاتێکدا کوردوستانی عێراق بە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ئەرۆیشت



لە ساڵانی **١٩٩٧** و **١٩٩٨** و دواتر، خەڵکانێکی زۆر بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن لەو وولاتە بڕۆنە دەرەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان بەسەربەرن لەشوێنێکی ئاسوودە تر، کەچی من هەر بیرم لە عیسای مەسیح ئەکردەوە. جا کاتێک باوەڕم بە عیسای مەسیح هێنا ژیانم بوو بە بەهەشتێک لەناو دۆزەخێکدا. بەڵێ خەڵکی بیری لەوە ئەکردەوە کەبڕوات بۆ هەندەران بەڵام من لە شارەکەی خۆم ژیان وەک بەهەشتێک ئەهاتە ناو دڵ و دەروون و بەرچاومەوە!!! ئەمەش عیسا بوو دڵ و دەروونی منی گۆڕی، چونکە عیسای مەسیح ئەڵێت : (پادشاهێتی ئاسمان لە دڵ و دەرونی خۆتانایە).

بەڵێ من دوایی بۆم دەرکەوت کە کاتێک باوەڕم هێناوە پاشایەتی ئاسمان هاتۆتە ناو دڵ و دەرونمەوە ، کاتێک کە عیسام خستە دڵی خۆم ، ژیانم بە تەواوی گۆڕا ، ئیتر بووم بە کەسێکی نوێ ، واتە کەسێکی تر. زۆر چالاک و بەپەرۆش بووم بۆ خزمەتی خوداوەند، زۆر بەهێز بووم، هێزێکی ئەفسانەیم هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی مەسیح، هەر بۆیە دەستم کرد بە کاری چاکە، ئەو کارانەی کە عیسای مەسیح لە ئینجیلدا پێمان ئەڵێت. بەڵێ یەکەم کارم لەگەڵ خوشک و برایاندا بریتی بوو لە کۆکردنەوەی منداڵی سەر جادە و هەتیوەکان کە بێبەش بوون لەخوێندن و خوێندنەوە ، لەخواردنێکی باش،

ئەوانەی لەسەر شەقامەکانی شاری سلێمانی بوون تاوەک بتوانین خوێندنگەیەکیان بۆ دابین بکەین وەبێبەش نەبن لەخوێندن، لەژیان، بێبەش نەبن لەدڵخۆشی. ئیتر توانیمان لەگەڵ ئەو خوشک و برایانەی کە مەسیحیان ناسی بوو، کە بەزەیی مەسیح لە دڵیاندا بوو خزمەتی کۆمەڵگاکەمان بکەین . بۆیە چەند منداڵێکمان کۆکردەوە و دەستمان کرد بە خزمەت کردنیان. عیسای مەسیح ئەڵێت : ( واز لە منداڵان بهێنن بابێن بۆلام، هەر کەسێک وەک ئەو منداڵانەی لێ نەیەت ناچێتە پادشاهێتی ئاسمان). چونکە دڵ و دەرونی منداڵان جیاوازە و پاکە، هەر بۆیە ئێمەش پێمان خۆش بوو کەخزمەتی منداڵان بکەین و لەوانەوە دەست پێ بکەین. ئێستاش ئەوەتا یانزەساڵە من خزمەتی عیسای مەسیح ئەکەم بەدڵخۆشییەوە، رۆژ لەدوای رۆژ هێزێکی زیاتر وەرئەگرم لەخوداوەندی مەزنەوە، ئەوەی کەبریتییە لەسەرەتا و کۆتایی. زۆر دڵشادم کەوا مەسیحم ناسی، لەراستییدا ئەگەر مەسیحم نەناسییایە، ئێستاش ژیانم لە دۆزەخدا ئەبوو ، وەک ئەوەی پێش ساڵی **١٩٩٦** تێیدا
بووم. بەڵام کاتێ کە مەسیحم ناسی، بووم بەمرۆڤێکی تر چونکە ئەو منی بە خوێن و بەژیانی خۆی کڕییەوە، هەر بۆیە من بە خوداوەند و رێنیشاندەر و نموونەی ژیانی خۆم دای ئەنێم، وە هەوڵ ئەدەم بە شوێن پێی ئەودا بڕۆم



بەوەی مرۆڤایەتیم خۆش بوێت، هەوڵی ئاشتی بدەم، وە هەوڵی ژیان بۆ خەڵکانی تر........ئامین

## وەڵامی پرسیارەکانم درایەوە

به کورتی من کاتێک گەنجێکی چوارده ساڵ و پانزه ساڵان بووم وەک هەموو گەنجێک لەو کاتە ناسکەدا زۆر پرسیاری بێ وەڵامم لەمێشکدا بوو، زۆر پرسیار هەبوو کەچەندین جار لەخۆمم ئەکرد بەڵام وەڵامەکانیان نە لەلای ئیسلام هەبوو نە لەلای مەلا و پیاوانی ئاینی ئیسلام، زۆر جار پرسیارەکان وەک خۆیان ئەمانەوە و وەڵامەکانیان قەناعەتی پێ نەئەکردم. بۆیە بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانمدا و بە دوای راستی و حەقیقەتدا رووم دەکردە شوێنی تر و فەرهەنگی تر بۆ دۆزینەوەی وەڵام بەتایبەتی لەناو برادەرانی مارکسیدا کە ماوەیەک خۆم باوەڕم پێی هەبوو کەچی بەداخەوە پاش ئاشنا بوونم بە بیری مارکسیی ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی منی پێ نەبوو. پاشان من ماوەیەکی زۆر باوەرم بەسروشت و بە مرۆڤ هەبوو، بەڵام کە تەماشام کرد مرۆڤ و سروشت چەند توند و تیژن لەگەڵ یەکتر، چەند مرۆڤ ئازاری مرۆڤ ئەدات، ئەو کاتەش پرسیارەکان زۆر دەبوون و وەڵامەکانیش وون دەبوون. تا کاتێک لە پۆلی سێهەمی زانکۆ لەبەغدا یوسف ناوێکم ناسی کە خەڵکی شەقڵاوە بوو ، کورێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو. ئەو بۆ یەکەمجار ئینجیلێکی بچووکی عەرەبی پێبەخشیم منیش خوێندمەوە، پاش خوێندنەوە زۆرجار بە ووردی سەیری کەسایەتی



مەسیح خۆی و کارەکانی و ووشەکانی و ژیانی لەسەر زەویم ئەکرد. ئیتر مەسیح بۆ من بوو بە کلیلێک بۆ کردنەوەی قوفڵی پرسیارەکانم دەربارەی مرۆڤ و سروشت و بوون. بەکورتی دەڵێم : مەسیح بە ژیانی و لەخاچ دانی تاقە وەڵام بوو بۆ هەموو پرسیارەکانم، پاش ناسینی ئەو ئیتر پێویستی نەکرد کە بگەڕێم بە دوای راستییەکاندا چونکە ئەو تەنها راستییە. جا دوای ئەوەی تاقە رێگە و راستی و رووناکی ژیانم دۆزییەوە، لە ئەڵمانیا تەعمیدم کرد چونکە ئەوسا ئەو دەرفەتە لە کوردوستان نەبوو. من لەناخی دڵەوە سوپاسی یەزدان ئەکەم کە رێگەی راستی خۆی نیشان دام و رزگاکەری خۆم دۆزییەوە کە عیسای مەسیحی خوداوەندە، ئەوەی گوناهەکانی من و هەموو جیهانی بە خوێنی پاکی خۆی سڕییەوە و لەسەر خاچەکەی هەڵی گرت. ئەمە بەکورتی تاقیکردنەوەی منە لەگەڵ مەسیحدا، هیوادارم ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو کەسێک ئەو بناسێ، تاوەک بەشادی و ئاشتی بژین. پیرۆزی مەسیح لەگەڵتاندا بێت............ ئامین

## کێ ئەتوانێت ڕزگارم بکات؟

لەسەرەتای هەشتاکانەوە کەوتمە پرسیاری زۆر سەرسوڕهێنەر لەخۆم!! وەک مەبەست لەباوەڕ چییە؟ کێیە ڕزگارم ئەکات؟ کێ ئەتوانێ ژیانی هەتاهەتایم بۆ مسۆگەر بکات؟ یاخود ئەو نهێنییە چییە لەدەروونمدا وا هانم ئەدات بەدوایدا بگەڕێم؟ وە لەهەمان کاتدا من باوەڕم بە دەوروپشتم نەئەکرد و ئەو باوەڕەی ئەوان هەیان بوو من بێبەری بووم لێی!! بەڵێ سەرەتا دەستم کرد بە خوێندنەوەی چەندین جۆر پەرتووکی ئاینی، وە هەڵسەنگاندنی ئەو نوێنەرانەی ئەو بیرورایەیان ڕاگەیاندووە، هەتا بزانم تا چ ڕادەیەک ڕاستی ژیانیان تێدا درکاوە.

ئەوەی نکۆڵی لێناکەم و هەموو ڕاستییەکی بۆ دەرخستم ئینجیلی پیرۆز بوو. خۆشترین مژدە و گەشترین دوارۆژ و گەورەترین دەرگای ئومێدی لێکردمەوە، لەبەرئەو باوەڕەی کە لە پێشەوە لە ژیانمدا هەبوو، وە بەهۆی بێباوەری و سەر لێشێواوی و دڵتەنگیمەوە خۆم بە دارێکی زڕ ئەزانی و چاوەڕێی کۆتایم لەخۆم ئەکرد، بەڵام بە هۆی ئەو هەنگاوانەی وردە وردە بۆم ئەناو بەهۆی زیاتر قاڵ بوونەوەم لەگەڵ هەستمدا زۆرتر شارەزایم تێدا پەیدا کرد، ئەو ڕاستیانەی کە دیدەمی ڕۆشن ئەکردەوە ڕۆژانە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵگاکەماندا ئەمبینی وەک چۆن عیسای



مەسیحی خوداوەندی گەورەمان لەئینجیلی پیرۆزدا ئەفەرمووێ : (وەک دووڕووەکان مەبن کە لەسەر جادەو کۆڵانەکاندا نوێژ دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بیان بینێ و دەست خۆشکەرییان لێ بکات، یان خێر کردن بە ئاشکرا، یان ئەوانەی کە بەرۆژوو دەبن چۆن خۆیان پیشانی خەڵکی ئەدەن کە بەرۆژوون، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کەباوکی ئاسمانیمان هیچ نرخێکیان لە ئاسماندا بۆ دانانێ، چونکە ئەوانە لەم دنیایەدا خێری خۆیان وەردەگرن، باوەرداری ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە بەرۆژوو دەبن ڕۆن لەسەری خۆیان ئەدەن، ڕوویان خۆش دەبێ لەناو خەڵکیدا تا کەس نەزانێ کە بەرۆژوون!! کە خێر دەکەن دەستی چەپیان بەلای ڕاستی نازانێ و کە نوێژیش دەکەن دەرگا لەسەر خۆیان دائەخەن تا کەس نەیانبینێ، چونکە باوکی ئاسمانیمان هەموو شتێک ئەزانێ وە هەموو شتێک ئەبینێ گەر چاک بێ یان خراپ) (مەتتا **٢:٦**). بۆیە ئەڵێم منیش ئەم شتانەم لە دەوروپشتی خۆمدا ئەبینی و بەراووردم ئەکرد لەگەڵ ووشەکانی پەرتووکی پیرۆزدا. کە ئەبوونە مایەی شانازی وە دڵخۆشیم، وامئەزانی تازە لەدایکبووم و ئەچمە ژیانێکی نوێوە، کرداری باش فێر ئەبم و ئەو چەوتی و چێڵییانەی لەوەو پێش فێری بووم و کردوومە، جارێکی تر نایانکەمەوە و دووبارە نابێتەوە، وە کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێم بەدوایی هاوبیرو باوەڕمدا بۆ ئەوەی شتی

زیاتریان لێ فێرببم. لەهەنگاوە سەرەتاییەکاندا هەوڵی ئەوەمدا لەسلێمانی لەگەرەکی مەسیحییەکان هاورِێیەک پەیدا بکەم لەدوای چەند هەوڵێک توانیم برادەرێک بەدەست بهێنم کورێکی زۆر چاک وە ئیمانداریکی سەر راست بوو، کە زۆر شتی لێوە فێر بووم دەربارەی عیسای مەسیح خوداوەندی مەزن چونکە خۆی سەرپشکی کردبووم بۆ هەموو پرسیارێک، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی زۆر لە توندرەوەکان ئەترسا و ئەیووت ئەوەی ئەتەوێ بیزانی باهەر لای خۆت بێ و کەسی تر نەزانێ، بۆ ئەوەی تووشی بەڵای ناگەهان نەبی. جا هەرشتێک چەند گەورەو گران بێ و درکاندنی چەند زەحمەت بێت، مرۆڤ ئەتوانێ لەسەرەتاوە لەناو خێزانەکەی خۆیدا دەستی پێبکات و بیدرکێنێ، بۆیە من خۆم لە خێزانەکەمەوە دەستم پێکرد و باسی باوەر و ئیمانی خۆمم بۆ کردن، باش بوو خۆش بەختانە زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ کردم و کاتیان تەرخان کرد بۆئەوەی ئینجیلی پیرۆزیان بۆ بخوێنمەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، وە نموونەی بەنرخیان بۆ بهێنمەوە . پاشماوەیەکی زۆر کاتێک سەیرم کرد خۆم لەناو قوتابخانیەکی بچووکدا ئەبینیەوە و کەسانێکیش هەیە گوێم بۆ رادەگرن، وە بەخوێندنەوە و گوێگرتن لەپەرتووکی پیرۆزیش شادمان ئەبن. هەتا لەشەوێکی شەوانی باوەرداریمدا خەوم بینی بەعیسای



مەسیحەوە خۆی نیشاندام، ئەمەش بووە هۆی زیاد بوونی پڕ باوەڕیم و نزیک بوونەوەی زۆر لەمەسیح . تا ئەوکاتەی باری نالەباری کوردوستان بوو بەهۆی ئاوارە بوونی کەسانێکی زۆری وەکو من، بۆیە هاتم بەرەو ئەوروپا، بەڵام ئەوە نەبوو بە هۆی ئەوەی کەزیان بەباوەرم بدات، بەڵکو بەباشی بۆم گەڕایەوە. ئەوساکە بەهۆی بارودۆخی کوردوستانەوە، کەس نەبوو بە رەسمی لەئاو هەڵبکێشرێ (تەعمید ) ی بۆ بکەن. وە بڕوانامەی مەسیحی پێ ببەخشرێ. من خۆم توانیم بە هۆی یارمەتی خوداوەندی مەزنەوە کە عیسای مەسیحە رۆحی خۆم لەئاو هەڵکێشم و جەستەی خۆم پێشکەش بەمەسیح بکەم . بەڵێ لێرەش هەروەک جاران بەڵکو زیاتریش رۆژانە و شەوانە پەرتووکی پیرۆز ئەخوێنمەوە و پێی دڵشاد ئەبم، چونکە پەرتووکی پیرۆز دەریایەکی بێ سەرو بنە لەفێرکردنی کرداری باش و بەنرخ و پیرۆز. بریتییە لەرووناکی بۆ تاریکی جیهان. لێرە من کەسانێکی زۆری باوەڕدار ئەناسم کە نموونەی باوەرن و زۆر یارمەتییان داوم لەگەشەکردنی باوەرمدا. ئەمەش بۆ من دیارییەکی گەورەیە لەعیسای مەسیحی خوداوەندەوە، ئەوەی لای من بریتییە لە سێ کوچکەیی یەزدان باوک و رۆڵە و رۆحی پیرۆز، ئەو سیانەی کە یەکن ، ئەوەش خودای گەورەیە دروستکەری زەوی و ئاسمان و هەموو گیانلەبەرێک،

ئەوەی هەموو دەمێک نوێژی بۆ ئەکەم تا نەمانخاتە تاقیکردنەوەوە، وە داوای رەحم و بەزەیی و لێبوردنی گوناهەکانمی لێئەکەم. من دڵنیام کەوا خوێنی مەسیح توانای سڕینەوەی گوناهی هەموو مرۆڤی هەیە، گەر ئێمە داوای لێبوردنی گوناهەکانمانی لێ بکەین. . ......ئامین



## ئایا من کە ئافرەتم، بێ نرخم؟

من ئافرەتێکی باوەڕداری کوردم، ژیانم بەوە دەست پێ ئەکات بە ئافرەتی، واتە بە رەگەزی مێینە لەدایک بووم.

ئەم دروست بوونەشم لە گەورەبوونمدا بوو بەعەیبە چونکە ئافرەتم!! من لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بووم کە ئافرەت نرخێکی کەمی لەکۆمەڵدا هەیە. سەرجەم عەیبەکانی خێزان و کۆمەڵ سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئافرەت!! ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک شەریعەت و راسپاردەی پاشماوەی مێژووی بەسەردا سەپێنراوە!!! منیش وەک ئافرەتانی نەتەوەکەم ئەو کۆت و بەند و کەم نرخییەم بەرکەوت، زۆر جار بیرم لە خۆم ئەکردەوە، چەند پرسیارێک بە خێرایی لەمێشکمدا دروست ئەبوون، ئایا ئەبێ من ئەوەندە بێ نرخ بم؟ کەواتە بۆچی خوا ئافرەتی دروست کرد؟ چی ئەبوو ئەگەر منیش کور بوومایە؟ کەواتە ژیان لەبەردەم من خاڵێکی سفرە. لەناخمدا کۆیلەی راستەقینە بووم، بەڵێ، هەندێ جار رقم لە خۆم ئەبووەوە. چونکە سەرچاوەیەکی خۆشەویستی نەبوو، تا دڵمی پێ ئاسوودە بێ. بەڵام بەخوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزی یەزدان، سەرجەم پرسیارەکانی مێشکم وەڵام درایەوە.ئەویش بەناسینی خۆشەویستی یەزدان بۆ مرۆڤ، کە بێ سنوور و بێ جیاوازییە. چ وەکو رەگەز وە چ وەکو نەتەوە . پاشان بۆم دەرکەوت کەنرخی سەرجەم

مرۆڤایەتی و منیش خوێنی عیسای مەسیحە. وا ماوەی چوار ساڵە من لەگەڵ عیسای مەسیحدا ئەژیم، ئێستا ئەزانم کەیەزدان خۆشەویستییە، ڕێگایە، ڕاستییە و ژیانی هەتاهەتاییە، بۆ هەموو مرۆڤێک کە باوەڕی پێ بهێنێ. بەڵێ، ئەم ووتانەی کە ئەیخوێننەوە هەمووی ڕاستییە. ئەگەر ئەتانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی دڵ و دەروونتان دەست بکەوێ، ئەگەر ئەتانەوێ بەدوای خۆشەویستی یەزداندا بگەڕێن، ئەگەر ئەتانەوێ نرخی خۆتان وەک مرۆڤێک بدۆزنەوە؟ ئەوا پەرتووکی پیرۆز بخوێنەوە کە ووشەی یەزدانە.



## بەدوای خۆشەویستدا ئەگەڕام و دۆزیمەوە

من لەساڵی **١٩٧٧** لەشاری کەرکووک لەدایک بووم، لەبنەماڵەیەکی ئیسلام، پێنج برا و شەش خوشکم هەیە، واتە دوانزە خوشک و برا بووین!!! باوکێکمان هەبوو کە هەر شتێکی هەڵەمان بکردایە زۆر تووڕە ئەبوو وە زۆر لێی ئەداین. بەراستی ژیانمان زۆر زۆر ناخۆش بوو لەماڵەوە. ئیتر من وەکو شێتم لێهاتبوو نەمئەزانی چی بکەم. چونکە ترسێکی زۆر لەدڵما بوو، لەبەرئەوەی هیچ خۆشەویستییەک نەبوو لە ژیانمدا. ژیانی من تەنها بریتی بوو لەئیش کردن لەدەرەوە، هاتنەوە بۆ ماڵەوە، وە شەڕ و لێدان و لێ تووڕە بوون!!! بەراستی باوکم سێ جار ویستی بمکوژێ ، ئەو جارێکیان منی کردە گونییەک و فڕێیدام، جارێکی تر منی بە چەقۆی داخ کراو سووتاند، وە جارێکی تر منی بە پەت شۆڕکردەوە بۆ ناو چاڵێکی پیس کە ئاودەست بوو. بەڵێ کەمنی سووتاند بریندار بووم، بەراستی ئەوە زۆر هێزی لێ بڕیم و کاری تێکردم، ئێستاش شوێنی ئەو سووتاندنە بەلەشمەوە هەر دیارە، چونکە چەقۆکە زۆر گەرم و داخ بوو لەشی زۆر سووتاندم و باش چاوترسی کردم . ئیتر بەراستی ژیانم لەعێراق زۆر ناخۆش بوو ، بۆیە بڕیارمدا ماڵ بەجێبهێڵم و بچمە دەرەوەی ووڵات و ئیتر نەگەڕێمەوە، بەوجۆرە کەوتمە ڕێ بەرەو ئێران ، ئیتر لەئێرانەوە ڕۆیشتم بەرەو تورکیا،

دوایی لەتورکیاوە دەرچووم بەرەو نەرویج ئەمەش چوار ساڵی خایاند. تا گەیشتمە نەرویج دەربەدەری زۆرم دی و بە سیانزە وولاتدا رۆیشتم. سوپاس بۆ یەزدان کە لە زۆر شوێندا منی رزگار کرد و ژیانی پێبەخشیمەوە. پاش ماوەیەک لەنەرویج تووشی ئافرەتێکی نەرویجی بووم و یەکتریمان ناسی، بەراستی هەموو نیازی من ئەوە بوو کە ئەو ئافرەتە بکەم بە ئیسلام. لەساڵی ٢٠٠٠ چوومەوە سەفەرێکی کوردوستانی عێراقم کرد، بەنیازی ئەوەی کچێکی کورد بهێنم، بەڵام لەوێ یەکێکم نەدۆزییەوە ئەو خۆشەویستییەم بداتێ کەئەو کچە نەرویجییە پێی دابووم. ئیتر لە کوردوستان گەڕامەوە بۆ نەرویج و ئەو ئافرەتەم مارە کرد لە مزگەوت. لە سالی ٢٠٠٠ وە بووین بە هاوسەری یەکتری بەڵام هەموو نیازێکم ئەوە بوو کە بیهێنمە سەر ئاینی ئیسلام، هەرچەندە خۆشم بە تەواوی بنەماکانی ئاینی ئیسلامم نەئەزانی، بەڵام ئەو نەدەهاتە سەر ئاینەکەی من وە منیش نەمئەتوانی بچمە سەر ئاینەکەی ئەو، لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام رێگا نادات ئێمە بچینە سەر ئاینێکی تر. ئیتر هەستام داوای روونکردنەوەی قورئانم بەزمانی نەرویجی بۆ کرد، بەڵام کاتێ ئینجیلمان بە عەرەبی و بە نەرویجی خوێندەوە سەیرمان کرد زۆر شتی قورئان لەپەیمانی کۆنی پەرتووکی پیرۆز وەرگیراوە. ئیتر لەوکاتەوە هەموو رۆژێک نوێژمان ئەکرد و لەیەزدان



ئەپاڕاینەوە کەوا خوا رێگەی راستیم نیشان بدات، چونکە ئەمویست بزانم کام رێگە راستە؟ ئایا رێگەی مەحەمەد راستە تاوەک سوجدەی بۆ بەرم یاخود رێگەی مەسیح راستە تا بیپەرستم؟ ئێمە لەو کاتەدا دوو ساڵ بوو بەیەکەوە بووین بەڵام زۆر گیروگرفتمان هەبوو بۆیە زۆر نوێژمان کرد و زۆر داوامان لە خوداوەند کرد تا یارمەتیمان بدات. کورێکی هاوڕێم هەبوو ساڵێک لەوەو پێش باوەری بە عیسای مەسیح هێنا بوو، ئەو لەگەڵ سێ باوەڕداری کەدا هاتن بۆ لامان و سەردانی ئێمەیان کرد.. دانیشتن باسی هیچ شتێکیان نەکرد دەربارەی ئەوەی چی لەژیانی هاوڕێکەمدا گۆڕاوە، یان مەسیح کێیە؟ هەرچەندە من موسڵمانێکی توندرەو نەبووم وە موسڵمانێکی ئاسایی بووم کەنوێژ و رۆژووی خۆم ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا باسی مەسیحییەت قەدەغە بوو لەماڵی مندا. ئیتر بەراستی خێزانەکەم کەباوەڕدارە بە هێزی رۆحی پیرۆز هەستیکرد ئەو برایە باوەڕدارە، دوای ئەوەی ئەوان رۆیشتن کاتێک ئەو قسەیەی بە من ووت سەرنجی زۆر راکێشام وەکو بروسکەیەک لێی دام!!! منیش ووتم چۆن شتی وا ئەبێ ئەو ببێ بە باوەڕدار؟ ووتی برۆ لێی بپرسە، چونکە رۆح ئەمە بە من دەڵێت. جا ئەو قسەیەی کە خێزانەکەم ووتی هەر لەمێشکمدا بوو، بەڵام نەمئەزانی چۆن تەلەفۆن بۆ ئەو هاوڕێ ئازیزەم بکەم و لێی بپرسم ئایا بووە بە مەسیحی؟

بۆیە داوام لە یەزدان کرد دانایم بداتێ چۆن ئەو پرسیارە بکەم، هەروەها ئەمویست بزانم چی لەو ئاینە فێر بووە؟ ئیتر پاش سێ رۆژ تەلەفۆنم بۆ هاورێکەم کرد و لێم پرسی: برام تۆ بوویت بە مەسیحی؟ بەڵام ئەو یەکسەر ئەو پرسیارەی پێ ناخۆش بوو چونکە زۆر کەس لەبەرئەوە قسەی ناخۆشییان پێ ووتبوو، بۆیە ئەو پرسی مەبەستت چییە؟ منیش ووتم داوای لێبوردن ئەکەم من مەبەستم هیچ نییە تەنها پێویستم بەیارمەتی هەیە ئەگەر شتێک ئەزانیت دەربارەی مەسیح، من گیروگرفتێکی وام هەیە لەگەڵ خێزانەکەم، داوام کردووە لەخوداوەند کەسێک بنێرێ بۆ من تاوەک یارمەتیم بدات، ئەگەر تۆی ئەو کەسە ، زۆر پێویستم بەوە هەیە لەو دوو رێگەیە بزانم کامەیان راستە؟ ئیتر ئێمە لەو بارەیەوە بەیەکەوە قسەمان کرد و ئەو تێیگەیاندم کەوا عیسای مەسیحی پیرۆز کێیە؟ وە یەزدانی مەزن بریتییە لەخۆشەویستی. جا زۆر جیاوازی نێوان ئینجیل و قورئانی بۆ روون کردمەوە، وە جیاوازی چییە لە نێوان عیسا و مەحەمەددا؟ بەڵام ئەوشتانە چونکە قورس بوون من نەمئەتوانی بە تەلەفۆن تێیبگەم. ئیتر لەگەڵ خێزانەکەمدا هەستاین رۆیشتین بۆ لای هاورێکەم، رۆژی هەینی بوو چووینە ماڵیان دەقیقە بە دەقیقە هەستم بە شتێکی تازە ئەکرد بۆیە تامزرۆی ئەوە بووم بگەمە ئەنجامێک، کاتێک گەیشتینە ماڵی ئەو برا ئازیزە پەرتووکی



پیرۆزی هێنا و ئەو شتانەی هەموو خستە بەرچاوم کە لەبارەی پرسیارەکانی منەوە چی نووسراوە.عیسای مەسیح لەمزگێنی (یۆحەننا ١٤: ٦)ئەفەرمووێت: (من رێگا و راستی و ژیانم، کەس نایەت بۆ لای باوک بە هۆی منەوە نەبێت. جا بەمەدا بۆم دەرکەوت کەوا هیچ رێگایەکی تر نییە). پاشان (یۆحەننای ٣: ١٦ )ی بۆ خوێندمەوە : (چونکە یەزدان بەم جۆرە جیهانی خۆشویست تەنانەت تاقە رۆڵەی خۆی پێشکەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناو نەچن ، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن). هەروەها بۆی روونکردمەوە کەوا مەسیح لەخاچ درا لەپێناوی ئێمەدا وە بەخوێنی خۆی ئێمەی پاک کردەوە لەگوناهەکانمان. بەڵام من نەمئەزانی کەوا مەسیح لەبەر گوناهی ئێمە لەخاچ دراوە، وە ئەو هەموو ئازارەی کێشا لەپێناوی ئێمەدا تاوەک ئێمە رزگارمان ببێت. ئیتر چەند ئایەتێکی تری لەپەرتووکی پیرۆز بۆ خوێندمەوە، وەنیشانیدام، لەوێدا من هەستم بەوەکرد کەدڵم دەقیقە بە دەقیقە ئەگۆڕێ، وە شتەکانم بەهۆی رۆحی پیرۆزەوە بۆ روون ئەبێتەوە. یەکەم جار نائارامی لەناو دەروونمدا نەما، چونکە بەهۆی ئەو نائارامییەوە نەمئەتوانی هەرگیز زۆر لەشوێنێکدا دانیشم. خۆیشم سەرم سووڕئەما چۆن دانیشتووم ئەو ماوە زۆرە گوێ ئەگرم لەو برایە!! ئیتر پاش ئەمە چاوم کرایەوە شتی باش و خراپم بۆ یەک

لابووەوە. من کەسێک بووم مرد بووم چونکە نەمئەزانی ژیان چییە؟ دوایی ئەو برا پیرۆزە بردمی بۆ کڵێسەی ووشەی یەزدان، بەراستی کەچوومە ئەو کڵێسەیە ئەو خوشک و برا باوەردارانەم بینی لەوێ چۆن نوێژیان ئەکرد ، من هەر لەوێ نەمتوانی بوەستم کاتێ چوومە ژوورەوە رۆحی پیرۆز وەکو کارەبا لێیدام. ئەوە یەکەم جارم بوو شتی وا ببینم، ئیتر لەکەنیسەی ووشەی یەزدان لە نەرویج لە **٢٠٠٢** باوەڕم هێنا بەعیسای مەسیح. لەو رۆژەدا بانگیان کردم بۆ پێشەوە، من دووەم کەس بووم لەو کەنیسەیە کە موسڵمان بوو باوەڕ بهێنێ. جا لە پێشەوە باسی ژیانی خۆم کرد کە من چ مرۆڤێک بووم . بەراستی جاران وامئەزانی و وا تێگەیشتبووم لەمەسیحییەکان کەوا ئازادن بۆیان هەیە هەرچییەک بیانەوێ بیکەن، بەڵام بە هۆی هەندێ لەبرایان و پەرتووکی پیرۆزەوە بۆم دەرکەوت کە من بە هەڵە لەوان گەیشتووم، راستە مەسیح باوەڕدارانی لە کۆتی گوناە ئازاد کردووە، بەڵام بۆیان نییە هەرچییەکیان بوێ بیکەن. بەراستی ئەو برایانە ئەرکێکی زۆریان لەگەڵ مندا کێشا تافێری رێگەی راستی باوەڕ بووم وە تێگەیشتم بەجوانی مەبەستی یەزدان چییە بۆ ئێمەی مرۆڤ، هەروەها چەند لێپرسراوین بەرامبەر بەعیسای مەسیح، وەچی داوا ئەکرێ لە باوەڕدار و مەبەست لە باوەڕداریێتی چییە ؟ من یەکێک بووم لە پانزە ساڵیەوە



جگەرە کێش بووم، مەشروب خۆر بووم، وە مادەی سڕکەرم بەکار ئەهێنا. بەڵام سوپاس بۆ یەزدان و بۆ عیسای مەسیحی پیرۆز، ئەو شتانەی هەموو لەلای من سڕیەوە. ژیانی خێزانیم **١٨٠ %** گۆڕا !!! من ئەزانم کە خۆم هەرگیز نەمئەتوانی ئەو شتانە لەژیانمدا چارەسەر بکەم وە نەئەهات بەخەیاڵمدا کە شتی وا ببێ لەژیانمدا. سوپاس بۆ یەزدانی مەزن کەعیسای مەسیحی پێ ناساندم وە بەهۆی پەرتووکی پیرۆزەوە لەخۆشەویستی و مەبەستی ئەو تێگەیشتم. ئەو شێوە رەقە و ئەو دڵەراوکێیەو ئەو دڵە پیسەم، ئەو درۆ و ساختەچێتیەم واز لێهێنا، من ناڵێم ئەتوانم ببم بەمرۆڤێکی تەواو، بەڵام خودا یارمەتیم ئەدات زاڵ بم بەسەر لاوازییەکانمدا، چونکە یەزدان لە ووتەکان **(٢٣: ٢٦ )**ئەڵێت: من ناوی دڵتم ئەوێ، سوپاسی خوداوەند ئەکەم چونکە ژیانی لەهەموو روویەکەوە پیرۆز کردووین، سێ منداڵی تەندروست و چاکی پێبەخشیووین و هیچ کەموکوڕییەکمان نییە و خۆشترین ژیان ئەبەینەسەر. یەزدان ئەم جیهانەی بۆ پاکی و پیرۆزی دروست کرد نەک بۆ درۆ و غەش و هەڵخەڵەتاندن.

# دەستپێکی ژیانێکی نوێ

من مرۆڤێک بووم وون بوو بووم، نەمئەزانی چی ئەکەم؟ بۆچی هاتوومەتە ئەم دنیایە نەمئەزانی ژیان چییەوە چی تێدایە؟ بەس ئەوەندە ئەمخواردو ئەخەوتم مانای خۆشەویستیم هەرگیز نەئەزانی. وەکو ئەندامانی کۆمەڵەکەم ئەوەی لەسەرم بوو ئەبوایە بمکردایە لەبارەی خوورەوشت و بیرو باوەرو ئاینەوە. منیش وەکو خوشک و براکانی ترم هەڵئەستام بەجێبەجێ کردنی ئەرکی ئاینی ئیسلام وەکو عادەت نەک وەک عیبادەت. نەمئەزانی بۆ ئەو شتە ئەکەم، نوێژم ئەکرد بەرووژو ئەبووم، هەموو شتێکم ئەکرد لەگەڵ کۆمەڵەکەمدا. بەڵام هیچ هەستێکم بەنزیک بوونەوە نەئەکرد لەیەزدان هەرچەندە ئەمزانی خودایەک هەیە ئەم کەونەی دروست کردووە، کە منی دروست کردووە، راستە بەڵام نەمئەزانی لەکوێیە؟چی ئەکات؟ بۆ ئەم شتانەی کردووە؟ زۆر بیرورای تر هەبوو زۆر پرسیارم لەخۆم ئەکرد ، بەڵام هەستێکم لەنوێژەکانمدا بەرامبەر بە یەزدان نەبوو بۆچی ئەم شتانەی داناوە کەبیکەم؟

بەرێکەوت رێگەم کەوتە ماڵی خوشکێک ، لەو رۆژەدا بەیەکەوە دانیشتین و موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، هەرچەندە لەوەو پێش من ئینجیلم زۆر خوێندبووەوەو دەربارەی عیسا زۆر شتم ئەزانی بەڵام کاری نەکردبووە



سەر دڵ و مێشکم ، چونکە ئەترسام لەگوماندا بووم، ئەترسام ئەمووت خەڵکی پێم ئەڵێن چۆن وازی لەدینەکەی خۆی هێنا و چۆتە سەر دینێکی تر!!! لەناو گێژاوێکدا بووم نەمئەزانی چی بکەم؟ عیسام لە دڵەوە خۆشەویست، بەڵام نەمئەوێرا هیچ بڵێم و هیچ بکەم چونکە ئەترسام خودا سزام بدات و بچمە دۆزەخەوە، هەزاران بیروڕا ئەهاتە مێشکم و ئەرۆیشتە دەرەوە، بەڵێ هەتا هاوسەرەکەی خۆیشم ئەیووت تۆ باوەرت بەعیسا هێناوە، تۆ بوویت بە کافر یان تۆ بێ باوەربوویت لەدینەکەی خۆت لات داوە!!! لەو بارەیەوە زۆر شتم بیستبووەوە لەکەسانی کە، بەڵام لەو شەوەدا ئەو خوشکە پیرۆز کراوەم وە ئەو خوشک و برایانەی کەعیسا پیرۆزی کردبوون باسی عیسایان بۆ کردم باسی ووتەکانی ئەویان بۆ ئەکردم بۆیان شیی ئەکردمەوە و پەیوەستیان ئەکردەوە بە ژیانی ڕۆژانەمەوە و بۆیان ڕوونکردمەوە کە ئەم شتانە هەمووی راستە و نکۆڵی لێناکرێ. منیش هەموو گومانێکم لەدڵی خۆمدا دەرکرد، بەڵێ، هەموو شتێکم، ژیانم ،ماڵم، منداڵم و هاوسەرم هەمووی دایە دەستی عیسای پیرۆز. بەهەموو دڵ و مێشکمەوە باوەرم هێنا بەعیسای مەسیح، داوام لێکرد ئەی عیسای مەسیح ئەگەر تۆ رێگە و راستی و ژیانی وەک خۆت لەئینجیلدا فەرمووتە خۆتم نیشان بدە هەر خۆت راستییەکانم بۆ دەربخە. من لە گوماندا شێت بووم نازانم

کامەیان راستە لەم ڕێگایانە ، ئیتر عیسای مەسیح لە ماوەیەکی کورتدا ژیانی پیرۆز کردم، عیسای مەسیح راستی نیشاندام، ئەو منی دۆزییەوە!! دوای ئەوە من خۆم دۆزییەوە، خوداوەندم دۆزییەوە، ڕێگەی راستی و ژیانم دۆزییەوە. هەر لەو شەوەدا فێربووم چۆن لەگەڵ خوداوەند قسە بکەم و پەیوەندی خۆم و ئەو باس بکەین، هەر لەو شەوەدا هەموو شتێک روون و ئاشکرا بوو، پاش ئەوە بووم بەکەسێکی تر ئەو بەیانییە کە لەخەو هەستام بەیانییەکی تر بوو زۆر جیاواز بوو لە بەیانییەکانی تر. ژیانم زۆر زۆر جیاواز تر، یەکەم شت ئینجیلم گرت بە دەستەوە و ووشە پیرۆزەکانی ئەوم لەپەیمانی نوێدا بەرچاو کەوت بەزمانێکی کوردی رەوان نووسرابووەوە خوێندمەوە، هەرچەندە تائێستا چەند جارێک خوێندومەتەوە بەڵام هەموو جارێک شتێکی تازەی تیدا بەدی ئەکەم وەک یەکەم جار بێت بیخوێنمەوە!!! بەڵێ ، زیاتر و زیاتر من لەو رۆژەدا دڵشاد بووم لەخۆمەوە هەستم بەخۆشییەک ئەکرد، خوایە گیان ئەم خۆشییە چی بێت؟

بەڵێ، ئێستا من و خێزانەکەم خێزانێکی ترین. با پێتان بڵێم هەموو شتێک گۆڕراوە لە ژیانمدا !! ئەوەی پڕبوو لەگێرەوکێشە و لەگیروگرفت و ئاژاوە. خۆشمان نەمانئەزانی چی بکەین ، چەندین جار من و هاوسەرەکەم



چووینتە سەر ئەوەی لێک جیابینەوە. لەبەرچیش سەیرمان ئەکرد هۆش نەبوو، نەمانئەزانی ژیان چییە؟ مانای چییە؟ نەمانئەزانی ژیانی هاوسەرێتی چییە؟ منداڵ و دایک چییە؟ بەڵێ، بەڵام دوای ئەوەی باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێنا واتە خۆم و هاوسەرەکەم سوپاس بۆ تۆخوایە گیان کە خێزانەکەت رزگار کردم کە سەر لەنوێ ژیانت پێبەخشین. ئێستا ئێمە خێزانێکی باوەڕدارین خۆم و هاوسەرم و مناڵەکانمان، خۆم و خێزانەکەم ئێستا لە ژیانێکی زۆر زۆر خۆشدا ئەژین، هەموو شەوێک بەناوی مەسیحەوە چاو لێک ئەنێین و هەموو بەیانییەک بە ناو و ستایشی عیساوە رۆژ ئەکەینەوە، وە هەموو هەنگاوێک بەناوی عیساوە ئەنێین . تەنها ئەمەش نا کەژیانمان مانای تێکەوتووە ، بەڵکو زانیمان کە یەزدان کێیە؟ زانیمان کە ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەو بۆ ئێمەی نیشانداوە چۆنە؟ ڕێگەی راستی و خودای خۆمان دۆزییەوە. عیسا چەندین کاری سەرسووڕهێنەری کردووە لە ژیانماندا. یەکێ لەوانە ئەوەیە کە کچێکم نەخۆشییەکی تووش هاتبوو شەش ساڵ بوو ئەمبرد بۆ لای ئەم دوکتۆر و ئەو دوکتۆر، نەخۆشی پێستی هەبوو چارەسەری نەبوو ئەیان ووت :ئەم نەخۆشییە ناوی ( داءالصدفە ) چاری نییە لەهیچ شوێنێک لە ئەوروپا و ئەمریکا و هەموو جیهاندا!! ئیتر کە ئەمەمان بیست زۆر زۆر دڵگران بووین هەرچییەکییان پێ ئەووتین

ئەمانکردو ئەگەڕاین بە دوکتۆرەکاندا ، هەرچی چارەسەرێکیان بۆ ئەکرد سوودی نەبوو. بەڵام دوای ئەوەی باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێنا، کاتێ کۆبووینەوە لەگەڵ خوشک و برایانی باوەڕداران هەموو دانیشتین و بەمنیان ووت ئەگەر تۆ باوەڕت بەعیسا هەبێ، بەهەموو دڵتەوە دان بنێیت بە گوناهەکانتدا بەرامبەری، وە بڵێیت عیسای مەسیح هات و لەپێناوی تۆدا لە خاچ درا خوێنە پاک و بێگەردەکەی لە پێناوی گوناهەکانی مندا رشت. لە پێناوی من سووکایەتی پێکرا و ئەو هەموو شتەیان پێکرد و لەخاچیاندا بۆ ئەوەی گوناهەکانی من بشواتەوەو من رزگارم بێت، کە تۆ باوەرت هێنا بە هەموو دڵ و مێشک و بیرێکتەوە ئەو لەخاچ درا و مرد و پاش سێ رۆژ دوای مردنەکەی زیندوو بووەوە، دوای مردنی بە پەنجا رۆژ بە بەڵگەوە بۆ باوەرداران دەرکەوت و خۆی نیشاندان، بۆ ئەوەی بڕوای پێبکەن کە ئەو لە نێو مردواندا زیندوو بۆتەوە و چووە ئاسمان و لە دەستە راستی یەزداندا دانیشت. بەڵێ، ووتیان کە تۆ باوەرت بەمە بوو بە هەموو دڵتەوە داوای لێبکە لێی بپاڕێرەوە، پێی بڵێ چیت ئەوێت لێی، ئەو بۆت ئەکات، بەڵێ ئەمە یەکەم شت بوو کە لەژیانی مندا روویدا، زۆر گریام چونکە هیچ چارەسەرێکی منداڵەکەم نەبوو بۆیە لەوێدا من و کۆمەڵەی باوەرداران هەموو بەیەکەوە هاوارمان بۆ عیسای



مەسیح کرد، ووتم خوای گەورە یەزدانی مەزن، عیسای پیرۆز خۆت بەزەیت پێیدا بێتەوە وخۆت چارەسەری بکە. ئەی عیسای مەسیحی پیرۆز من باوەرم بە تۆیە، من ئینجیلەکەی تۆم خوێندۆتەوە ئەزانم تۆ مردووت زیندوو کردۆتەوە، تۆ کوێرت چاک کردۆتەوە، تۆ گەڕ و گولت پاک کردۆتەوە!!! داوات لێئەکەم بە پیرۆزی خۆت بە بەرەکەت و خۆشەویستی خۆت، ئەو کیژۆڵەی منیش پاک بکەرەوە و چارەسەری بکە، بە بەزەیی خۆت با رۆحی پیرۆز بڕێژێ بەسەریدا. بەڵێ هەر لەم ساتەدا لەگەڵ کۆمەڵەی خوشک و برا پیرۆزەکان ئەم ئەوا کچەکەم چاک بوویەوە. بە هەموو کەسێک ئەڵێم نوێژەمان بۆ تۆ بەرز کردەوە ئەی عیسای پیرۆز بەهەموو دڵ و مێشکتانەوە باوەڕبکەن، باوەڕبکەن کچەکەم چاک بووەوە، بوو بە گوڵ لە گوڵ پاک تری لێهات هیچ برینێک بە لەشییەوە نەما.

مەسیحی پیرۆز رووناکی و بەرەکەتی خۆی بڕژێنێت بە سەرتاندا و ئاشتیش بۆ کوردوستان. بەناوی عیسای مەسیحی پیرۆزەوە. ئامین

# ئاشتی لەگەڵ یەزداندا

دیارە هەموو مرۆڤێک لە جیهاندا باوەڕێکی هەیە. جا ئەو باوەرە باوەرێکی رۆحی بێت یان بیرێکی جیهانی بێت، وەکو فەلسەفەو بیرۆکە جیهانییەکان یان باوەرێکی ماددی بێت. گرنگی باوەڕ ئەوەیە ئەو مرۆڤە بزانێت ئەو باوەڕە بەرەو کوێی ئەبات. من مرۆڤێکی وونبوو بووم لەسەر فەلسەفەو بیرۆکە جیهانییەکان ئەرۆیشتم. سەرلێشێواو بووم، یەزدان لەژیانی مندا نەبوو. جارجار ئەمویست لە جیهان و گەردون تێبگەم، لەئەنجامدا ئەگەیشتمە خاڵی بن بەست، نەمئەتوانی زیاتر بیری لێبکەمەوە، چونکە فکرەیەکی فەلسەفی بیری داپۆشی بووم. پاشان بڕیارمدا پێویستە من بزانم کێ جیهانی دروست کردووە؟ وە بۆچی دروستی کرد؟ مەبەست لە دروست کردنی مرۆڤ چییە؟ وە ئەو یەزدانەی باسی لێ ئەکرێ چۆن سەیری مرۆڤ ئەکات؟ پێویستی ئەم وەڵامانە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من لەرۆحدا تینوو بووم بۆ زانینی راستی. هیچ خۆشەویستییەکم لە ژیانمدا بەدی نەئەکرد، لە دەرونمدا هەمیشە نائارامی و جەنگێکی دەرونی هەبوو، بەڕادەیەکی زۆریش رقم لە باوەری مەسیحی بوو، جارجاریش دژایەتیم ئەکرد.بەڵام پلانی یەزدان وابوو کە پەرتووکی پیرۆز بخوێنمەوە کە ووشەی یەزدانە ، بەڵێ ، پەرتووکی پیرۆز وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دامەوە، بەڵێ ، بەهۆی



پەرتووکی پیرۆزەوە من یەزدان و هەموو ئەوشتانەی لەجیهاندا هەبوو بۆم روون بووەوە، جا ناسین و زانینی یەزدان گەورەترین گۆڕان بوو لەژیانی مندا. ئێستا من بەباوەڕی عیسای مەسیحەوە ئەژیم، ژیانم لەگەڵ رزگارکەرەکەمدایە، ئێستا من ئاسوودەم، ئارامم، شادمانم، چونکە ئەزانم باوەڕم بە کێ هێناوە.

جیهان و ئەو شتانەی تیایەتی وەکو بیرۆکە مادییەکان، خۆشەویستی ژیان هەمووی بەسەر ئەچن، هەمووی کاتین، بەڵام خۆشەویستی یەزدان هەتاهەتاییە. خودا لە پەرتووکی پیرۆزدا بە شێوەیەکی زۆر جوان و پڕ لە خۆشەویستی بانگمان ئەکات و پێمان ئەڵێت : ( وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووەکان و بارگرانەکان من ئەتان حەسێنمەوە.

ئامین

# خودا منی خۆشەوێت

لەساڵی **١٩٦٩** لە گوندێک نزیکی کەرکووک لەدایک بووم، لەخێزانێکی موسڵمانی شێخ. باپیرم مەلا بوو، لە ساڵی **١٩٩٨** باوکم حەجی کرد. هەر لەمنداڵییەوە باوکم فێری نوێژ و ئەرکەکانی ئیسلامی کردم و زۆر دڵخۆشبوو بەوکارە. لەبیرمە کاتێک میوانمان ئەهات بانگی ئەکردم تا سورەتەکانی قورئان بڵێمەوە، خۆشم دڵخۆش ئەبووم کاتێک بەرێکی ئەمووتەوە. زۆرجار کە گوێمان لەقورئان خوێندن ئەبوو لە تەلەفزیۆندا ئەگریایین.

لە ساڵی **١٩٧٩** دایکم مرد، مردنی دایکم کارێکی زۆر قورس بوو بۆ من. پاش مردنی دایکم چوومە ئەو گوندەی کە لێی لەدایک بووم، پۆلی پێنجی سەرەتایم لەوێ تەواو کرد. لەو ساڵەدا باوکم ژنی دووەمی هێنا، ئەو کارە بۆ من زۆر ناخۆش بوو چونکە زۆر کەس پرسیاری لێ ئەکردم کە هەڵوێستی من لەو بارەیەوە چییە؟ وەڵامی منیش ئەوە بوو هەر باش بێ بۆ خوشک و براکانم قەیناکات!!!!

من سێ برا و سێ خوشکم هەبوو، من سێهەمین منداڵ بووم واتە برا و خوشکێک لە من گەورەتر بوون. برا بچکۆلەکەم ساڵێک بوو کاتێک کە دایکم مرد . پاش تەواوکردنی پۆلی پێنجەم گەڕامەوە بۆ کەرکووک، پاش پۆلی شەشەم وازم لەقوتابخانە هێنا، ئەمەش بەهۆی باوکمەوە بوو، هیوادارم کە هیچ کەسێک منداڵی خۆی دەرنەکات لە قوتابخانە،



چونکە دوایی بۆم دەرکەوت کە چ هەڵەیەک بوو. پاش وازهێنانم لە قوتابخانە دەستم کرد بەکارکردن هەرچەندە باری ئابووریشمان باش بوو. لە سیانزە ساڵییەوە دەستم کرد بەکارکردن تا ساڵی **١٩٨٩** بووم بە سەرباز و ناردیانم بۆ کویت. پاش گەڕانەوەم لە چەمچەماڵ نیشتەجێ بووین.

هەرچەندە باری ئابووریمان باش بوو بەڵام هەر دەبوایە کارم بکردایە، ئیتر دەستم کرد بەجگەرە فرۆشتن تا ساڵی **١٩٩٤** هەرچەندە خۆشم جگەرەم نەئەکێشا . لەو ماوەیەدا کورێکم ناسی خەڵکی سلێمانی بوو. لەگەڵ ئەوەی جگەرەم ئەفرۆشت پارەشم ئاڵوگۆر ئەکرد، جا ئەو برادەرەم بەو هۆیەوە ناسی، هەروەها بەهۆی ئەوەوە فێری حەب خواردن بووم ( واتە حەبی بێ هۆش بوون و خەیاڵ بوون ) پەیوەندیشم لەگەڵ ماڵەوە باش نەبوو چونکە منیش حەزم ئەکرد وەک گەنجێک بژیم. هەر لەو ماوەیەدا برا بچکۆلەکەم لەگەڵمدا کاری ئەکرد، ئەویش فێری خواردنی حەب بوو. من و براکەم پەیوەندییەکی زۆر بەهێزمان هەبوو زۆر کەس وای ئەزانی کە ئێمە هاورێین نەک برا. وورده وورده وای لێهات گوێم بەهیچ شتێکەوە نەئەدا.

( مەبەستم لە گوناهە کردنە.) هەر شتێکم بۆ رێککەوتایە ئەمکرد، وام لێهات باوەڕیشم بە خودا نەما. تەنانەت لەگەڵ براکەم دزیمان لە یەکتری ئەکرد!! بێ ئەوەی هەست بە

یەکتری بکەین!!! دزی و داوێن پیسی و حەب خواردن و مەشروب خواردنەوە و درۆم ئەکرد هتد....

ساڵی **١٩٩٣** باوک و باوەژن و خوشک و براکانم گەڕانەوە بۆ کەرکووک، من لەبەرئەوەی سەربازی هەڵهات و بووم نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ. پێش ئەوەی بگەڕێمەوە زۆر پێمخۆش بوو چونکە وامئەزانی کە ئیتر ئازاد ئەبم لەهەموو شتێکدا، وە هەرچییەکم بوێ ئەیکەم لەبەرئەوەی هەر کاتێک مرۆڤ کەس نەبێت لێی بپرسێتەوە چی بوێت ئەیکات لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئەو رۆژەم لەبیر ناچێت کە رۆیشتنەوە. جا ژیانم بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا لەساڵی **١٩٩٥** بەهۆی کارێکی تایبەتی خۆم چووم بۆ سلێمانی لەوێ بووم بە چەکداری یەکێک لە پارتە کوردییەکان، لەو گەرەکەی لێی بووم دراوسێیەکمان هەبوو مەسیحی کلدانی بوون، بەراستی زۆر خێزانێکی تایبەت بوون لای من شێوەی ژیان و هەڵسوکەوتیان، ئەمە وای لێکردم مەسیح سەرنجم ڕابکێشێت. ساڵی **١٩٩٦** ئەو هاوڕێیەم بینییەوە کە کاتی خۆی فێری حەب خواردنی کردم، بەڵام ئەمجارە زۆر جیاواز بوو، هەرگیز ئەو کەسەی پێشوو نەبوو، شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتی زۆر گۆڕا بوو. لێم پرسی چۆن وا گۆڕاویت؟ ووتی باوەڕم بە مەسیح هێناوە. ئەمە بۆ من شتێکی سەیر و تازە بوو. پاش ماوەیەک پێی ووتم : ئەتەوێت باوەڕ بە عیسای مەسیح



بهێنیت؟ منیش یەکسەر ووتم بەڵێ!! وە هەر لەو رۆژەوە خۆم بە کەسێکی مەسیحی دانا بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی تەواوم هەبێ دەربارەی باوەری مەسیحییەت!!

جا بەهۆی خواردنەوەی زۆر و خەم و خەفەتەوە تووشی نەخۆشی قورحەی گەدە هاتبووم. پاش ماوەیەک چووم بۆ یەکێ لە کۆبوونەوەکانی باوەڕداران ، شتێکی تازە بوو بۆ من، بەڵام بەراستی هەستم بەخۆشی و ئاشتی ئەکرد چونکە لەوێ هەستم بەخۆشەویستییەکی راستەقینە ئەکرد بەرامبەرم. هەر لە کۆبوونەوەکەدا دوعایان بۆ کردم تا لە نەخۆشییەکەم چاک بمەوە ، نازانم چۆن ئەو ئازارەم نەما ( واتە لەو رۆژەوە ئیتر هەستم بەئازار نەکردەوە. وە تا ئێستا بیر لەوە ئەکەمەوە چۆن رزگارم بوو لەخواردنی حەبی بێهۆشی، خۆشم نازانم چۆن بوو؟!! بەڵام بۆم دەرکەوت کە من باوەڕم بە خودایەکی زیندوو هێناوە و هەمیشە لەگەڵمدایە.

پاش ئەم گۆڕانکارییە لە ژیانمدا دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز بەهۆیەوە بۆم روون بوویەوە ئەو کەسەی کە من باوەڕم پێ هێناوە خودای راستەقینەیە و تەنها رزگارکەرە ئەویش عیسای مەسیحە. چونکەی ئەوەی من لە مەسیحەوە فێربووم زانیم ئەوەیە کە یەزدان بە راستی ئێمەی خۆش دەوێت چاوەڕێی هیچ پاداشتێک ناکات لە ئێمە. خودا رۆڵەی خۆی نارد تا ئێمە رزگار بین.

یۆحەننا ٣: ١٦ و ٣٦ وە زانیم کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت تاوانبار ناکرێت. یۆحەننا ٥: ٢٤. بەراستی لەو ڕۆژەوە باوەڕم بەمەسیح هێناوە هەست ئەکەم ئەژیم و یەزدانی ڕاستەقینە ئەناسم.

من دڵنیام مەسیح بریتییە لە ژیان . یۆحەننا ١١: ٢٥. مەسیح بوو بەهۆی ئەوەی ژیانی منی گوناهبار بگۆڕێ بۆ ژیانێکی ڕاستەقینە و بمکات بە مرۆڤێک کە هەست بە بوونی خودا و خۆشەویستییەکەی بکات. بەڕاستی هەر خۆم و یەزدان ئەزانین کە من چ کەسێک بووم پێش ئەوەی مەسیح ڕزگارم بکات و بم دۆزێتەوە چونکە من مرۆڤێکی ون بوو بووم لۆقا ١٥: ١١-٣٢ •من هەمیشە سوپاسی ڕزگارکەرەکەم ئەکەم کە مەسیحە ئەوەی منی ڕزگار کرد و دۆزیمیەوە. چونکە تەنها ئەوە ئەتوانێت مرۆڤ ڕزگار بکات و ئاشتی کاتەوە لەگەڵ یەزدانی باوکی ئاسمانی. ئامین



## مەسیح باری سەرشانی سووك کردم

من وەکو ئافرەتێکی کورد لە بنەماڵەیەکی موسڵماندا گەورە بووم و بە بەردەوامی نوێژ و ڕۆژوومان گرتووە، بۆیە وەرگرتنی ئاینی مەسیحی بۆم وەک ئافرەتێکی موسڵمان شتێکی زۆر سەخت و گران بوو.

کاتێک هاتین بۆ ئەڵمانیا پاش ماوەی چەند مانگێک، ڕۆژێک هاوسەرەکەم لە سەنتەری ئەو شارەی تێیدا ئەژیاین کۆمەڵێک لە باوەڕدارانی مەسیحی بینی بوو، چۆن ستایشی یەزدانیان ئەکرد و مزگێنی عیسای مەسیحیان ئەدا بەو کەسانەی لەوێدا بوون، جا هاوسەرەکەم هەرچەندە زمانەکە باش تێنەئەگەیشت لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە زۆر سەرنجی ڕاکێشا بوو، بۆیە تا کۆتایی لەوێ مابوویەوە، پاشان یەکێک لە مزگێنیدەرەکان لێی ئەپرسێت ئایا لەناوەرۆکی مزگێنییەکە تێگەیشتووە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی ئەڵێت ئەگەر بە زمانی کوردی یاخود عەرەبی بوایە زۆر باشتر ئەبوو، بۆیە کابرای مزگێنیدەر، بەزمانی عەرەبی نامیلکەیەکی ئەداتی دەربارەی ڕزگار بوونی مرۆڤ تەنها بە هۆی قوربانی مەسیحەوە. چونکە بەزمانی کوردی لەو بارەیەوە هیچیان نەبوو ، هەروەها پێیشی ئەڵێت برایەکی باوەڕداری ئەڵمانی هەیە زمانی عەرەبی زۆر باش ئەزانێت ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکەیەتی گەر بتەوێ ئەتوانی پەیوەندی پێوە بکەیت . ئیتر هەر لەهەمان

رۆژ کاتێک هاوسەرەکەم دێتەوە بۆ ماڵەوە دەست ئەکات بەخوێندنەوەی نامیلکەکەو زۆر بەلایەوە سەرسوڕهێنەر ئەبێ، چونکە لەژیانیدا شتی وای نەبیستووە، ئەو وەکو هەموو موسڵمانێکی تر عیسا وەک پێغەمبەرێک ئەناسێت نەک وەک رزگارکەری هەموو جیهان. بۆیە یەکسەر پەیوەندی بەو برا باوەڕدارە ئەڵمانییەوە ئەکات و ئەیەوێت لەبارەی باوەڕی مەسیحییەوە زیاتر بزانێ و شارەزا بێت.
پاشماوەیەکی کەم پەیوەندی خێزانیمان بە یەکەوە دروست بوو. بۆ من و منداڵەکان وەک نامۆیەک شتێکی زۆر خۆش بوو خێزانێکی ئەڵمانی بناسین، بەڵام من نەمئەزانی ئەوان و مێردەکەم شتێکی تر هەیە ئەیان بەستێت بەیەکەوە، بە هەر حاڵ ماوەیەک بەمجۆرە رۆیشت. هەستم کرد گۆڕانکاری هەیە لەژیان و هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەمدا. رۆژێکیان لەکاتی ماڵ پاک کردنەوەدا چاوم بە ئینجیلێک کەوت بە زمانی عەرەبی زۆر سەرسام بووم و لەخۆم پرسی ئەمە چی ئەکات لێرە؟ کاتێک هاوسەرەکەم هاتەوە بۆ ماڵەوە، لێم پرسی ئەم ئینجیلە چی ئەکات لێرە؟ ئەزانیت چۆن هاتووە بۆ ئێرە؟ ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی: بەڵێ ئەزانم، ئەوە هی منە!! منیش تەزوویەکی سارد هات بە مێشکمدا و پێم ووت ئەوە بە راستیتە؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی بەڵێ بە راستیمە. ئیتر بۆی باسکردم چۆن ئەو ئینجیلەی دەست کەوتووە و چۆن پەیوەندی بە



باوەڕدارانەوە هەیە چۆن باوەڕی بە مەسیح هێناوە!!! بۆیە ئەمە بوویە هۆی ناکۆکییەکی زۆر لە نێوانماندا. تا رادەیەک بڕیاری ئەوەمدا گەر یەکسەر واز نەهێنێت لە ئینجیل خوێندنەوە و پەیوەندی نەبچڕێنێت لەگەڵ ئەو مەسیحیانە، ئەوا منداڵەکان هەڵئەگرم یەکسەر ئەگەڕێمەوە بۆ ووڵات، چونکە موسڵمان و مەسیحی حەرامە بە یەکەوە بن و لە ئاینی ئیسلامدا ئەمە نەهی لێکراوە. جا ئەمە زۆر کاری کردە سەر هاوسەرەکەم بۆیە ناچار بوو بچێ بۆ لای خوشک و برایانی باوەڕداران تا نوێژ بکەن بۆ ئەم بارودۆخە، لە یەزدان بپاڕێنەوە تا دڵی من نەرم بێت و واز لەو بڕیارە بهێنم. چونکە ئەوە ئەبووە هۆی لەناوچوونی خێزانێک. ئیتر باوەڕداران لەو رۆژەوە بە کوڵ و بە دڵ لەیەزدان پاڕانەوە تا ئەمە روونەدات. هەر لەوکاتەدا کەوا من زۆر دڵگرانی ئەم بارودۆخە بووم شتێک هەبوو پاڵی پێوە ئەنام کاتێک هاوسەرەکەم لەماڵەوە نەبوو، لە ئینجیلەکە بخوێنمەوە تا بزانم چی تێدا نووسراوە.
ئەوەی ئاشکرایە حەرامە بۆ موسڵمانێک ئینجیل بگرێت بەدەستییەوە، بۆیە هیچ شارەزاییەکم نەبوو لێی. ووشەکانی ئینجیل زۆر سەیرو تازە بوون لام هەمووی بریتی بوو لەخۆشەویستی یەزدان بۆ ئێمەی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، ململانەیەکی زۆر لە دەرونما دروست بوو بەخۆم ئەووت نا چۆن شتی وا ئەبێت چۆن

موسڵمان ئەبێ بەمەسیحی، تۆ خاوەنی ئایینێکی زۆر مەزنی، مەحەمەد دوا پێغەمبەرە کە یەزدان ناردوویەتی بۆ مرۆڤ، کەسوکارو گەلەکەت چۆن بیر لە تۆ ئەکەنەوە؟ خوایە لێم ببورە ئەمە کفرە من ئەیکەم، ئینجیلەکەم ئەخستەوە شوێنی خۆی بەڵام شتێک هەبوو وازی لێ نەئەهینام و پاڵی پێوە ئەنام دیسانەوە لە ئینجیلەکە بخوێنمەوە. ئەم بارودۆخە چەند مانگێکی خایاند تا رۆژێکیان کە رێکەوتی **١٩٨٢/١٠/٥**بوو ئایەتێکی ئینجیل بەهیچ جۆرێک لەمێشکمدا نەئەهاتە دەرەوە وازی لێ نەئەهێنام، ئەویش لەمزگێنی ( مەتتا **١١: ٢٨** ) نووسراوە:"وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان من ئەتان حەسێنمەوە". لێرەدا ووشەی ماندوو مەبەست لەماندوویەتی سەفەرێکی حەوت هەشت سەعاتی نییە، بەڵکو مەبەستی لە ماندوویەتی رۆحە کە ئاشتی تێدا نییە. هەروەها مەبەست لەبارگرانەکان ئەوانە نین کە بارێکی قورسیان هەڵگرتووە بیست یاخود بیست و پێنج کیلۆ بەڵکو مەبەست لە قورسایی گوناهە کە مرۆڤ هەڵیگرتووە لە ژێر باریا ئەناڵێنێت، بێ ئەوەی هەستی پێبکات، مەسیح ئەزانێت ئەو بارە چەند قورسە بۆ مرۆڤ بۆیە خۆی کرد بەقوربانی لەپێناوی گوناهەکانماندا لەسەر خاچەکەی ئەو بارەی بۆ هەڵگرتین تاوەکو باری لەشمان سووک بێت و دەرونمان بحەسێتەوە. پاش ئەوەی ئەم



ئایەتە هەموو رۆژەکە لەگەڵمدا بوو لە مێشکمدا هاتووچۆی ئەکرد بە بەردەوامی وازی لێ نەئەهێنام، ئیتر توانای ململانێم نەما، چونکە خۆم بە تەنها بووم کەوتمە سەر ئەژنۆ بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: ئەی عیسای مەسیح گەر راستە تۆ ماندووان ئەحەسێنیتەوە و باری بارگرانان سووک ئەکەیت شتێکم نیشان بدە ئەوسا ئەتکەم بە خوداوەندی خۆم. بڕوام پێ بکەن هەر لەوکاتەدا وەکو قورسایی تەنێک لەسەر لەشی یەکێ بێت و لابچێ چۆنە ئاوا هەستم بە سووکی لەش و دەرونم کرد، هەستم کرد بووم بە رۆڵەی یەزدان.

لە راستیدا نەمئەزانی چیبکەم هاتووچۆم ئەکرد بە ماڵەکەدا لە خۆشیاندا ئەگریام، ئەو رۆژە وەکو رۆژانی کە نەبوو خەیاڵم لای چێشت لێنان و ماڵ پاککردنەوە نەبوو، تەنانەت لەیادم چوو منداڵەکان لە مەوقیفی پاسەکە هەڵگرم، هەرچەندە من زۆر جدیم لەو شتانەدا، چونکە خۆشییەکی وا هەبوو لە دڵمدا کە گەورەتر بوو لە هەموو ئەو شتانە. هاوسەرەکەم لەوکاتەدا دەورەی فێربوونی زمانی هەبوو، هەموو رۆژێک پێش ئەوەی بێتەوە بۆ ماڵەوە تەلەفۆنی بۆ ئەکردم چیمان پێویستە تا بهێنێتەوە لەگەڵ خۆیدا، کاتێک پرسیاری کرد من لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێم ئەو شتانەمان پێویستە پێم ووت: تۆ باوەڕت بە چی هەیە منیش باوەڕم بە هەمان شت هەیە. ئەویش هەر کە

ئەمەی بیست ووتی: تو خوا بە راستیتە؟ منیش لە وەڵامدا پێم ووت: بەڵێ زۆر بە راستی و جدیمە. ئیتر هەر لەناو سنوقی تەلەفۆنەکەدا لەخۆشیدا دەستیکرد بە گریان، ئیتر ئەو رۆژە لەجیاتی گۆشت و سەوزە شتیکە چەند جۆرێک بابەتی شیرینی کڕی و بە خۆشییەوە بە خێرایی هاتەوە بۆماڵەوە و تەلەفۆنی کرد بۆ ئەو خوشک و برا باوەڕدارانە و ئەو هەواڵە خۆشەی پێدان ئەوانیش بە گوڵ و بە شیرینیەوە هەمان رۆژ هاتن بۆ لامان و بەیەکەوە ستایش و سوپاسی یەزدانمان کرد و ئاهەنگێکی بچووکمان گێڕا، بە بۆنەی گەڕانەوەی رۆڵەی وون بوو بۆ لای باوکی............. ئامین



## بە نەشتەرگەری نەبێت چاک نابین

لە ساڵی **١٩٥٥** لە ناوچەی مخمور لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووم.

لە ساڵی **١٩٧٣** ژنم هێنا. جار جار هاتووچۆی مزگەوتم ئەکرد، بەڵام دوای کیماباران و ئەنفالەکە باوەرم بە یەزدان نەما وەک کۆمۆنیستێک بیرم ئەکردەوە. دوای کۆچ رەوەکە و شەڕی ناوخۆ گەڕامەوە سەر ئەوەی کە خودا هەیە. لە ساڵی **١٩٩٣** لەمەڵبەندی خاچی سووری سویدی بەپاسەوان دامەزرام بارەگاکەی لە هەولێر لە عەنکاوە بوو. ئەم بینی مەسیحییەکان ئەچن بۆ نوێژ کردن و ستایشی یەزدان، پێشتر وامئەزانی کە مەسیحییەکان باوەریان بە یەزدان و بە زیندوبوونەوە نییە. رۆژێک یەکێک لەهاوڕکانم کە مەسیحی بوو لەو رێکخراوەدا کاری ئەکرد پێی ووتم کاتێ مەسیحییان لە خاچدا ووتی : خودایە لێیان مەگرە، چونکە نازانن چی دەکەن! ئەم رستەیە کاری تێکردم بۆیە گەڕام بە دوای ئینجیلدا هەر بەعەرەبی هەبوو ئەوەشم دەست نەکەوت، ووتیان پەرتووکخانەیەک هەیە ئەو جۆرە شتانە ئەفرۆشێت کەچی چەند بەدوای ئەو پەڕتووکخانەیەدا ئەگەڕام پێیان نەئەووتم لەکوێیە . کاتێک کاری ئەو رێکخراوە تەواو بوو چووم بۆ بەغدا بۆ کارکردن، کە دەگەڕامەوە بۆ هەولێر بە دوای ئینجیلی کوردییدا ئەگەڕام ، تا رۆژێک لەژێر قەڵا چاوم کەوت بە

ژیاننامەی مەسیح هەڵم گرت تەماشای بکەم، لەوکاتەدا دوو پیاوی ریش داریش لەگەڵ مندا تەماشایان کرد و ووتیان ئەمە بۆ دەخوێنیتەوە؟ ووتم بۆچی؟ ووتیان ئەمە نەسخ کراوە ووتم نەسخ واتای چییە؟ ووتیان لەغو بۆتەوە ئێمە قورئانمان هەیە. منیش ووتم قورئان عەرەبییە من لێی تێناگەم، ووتیان نا بەکوردیش هەیە تازە دەرچووە، ووتم گرانە پێم ناکرێت، ووتیان ئاخر ئەمە مەخوێنەرەوە ووتم خۆ لەقورئاندا نووسراوە . [اقراء باسم ربک] ئەمەشیان هەر ناوی خودای تێدایە، خۆ یەزدان خوێندنەوەی قەدەغە نەکردووە ئێوە بۆچی دەڵێن مەیخوێنەرەوە؟ ئیتر ووتیان لەگەڵ تۆدا فایدەی نییە و جا ڕۆیشتن. لەماڵەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی پەرتووکەکە گریانم ئەهات ووتم ئەگەر یەکێ برێ ویژدانی هەبێ هەست بەم جیاوازییە دەکات، مەسیح ماڵی نەبوو ژنی نەبوو، بەڵام مەحەمەد ئەم هەموو ژنە، سەرلەشکر، بازرگان، چووە بۆ کەمین ڕێی لە قافڵەی بازرگانەکانی قورەیش گرتووە وەکو مەلا لەنوێژی جومعەدا باسی ئەکرد ئەو قافڵەیە قوماش و شتی هێناوە بۆ مەکە. جا دڵنیا بووم لەوەی کەچۆن بەهەڵە لەپێغەمبەر تێگەیشتووین، هەمان شت خوداشمان بە هەڵە ناسیووە. شتەکان هەمووی عەکسی یەکبوون، ئاخر خودا چۆن بێویژدانێکی ئاوا دەکات بەپێغەمبەر؟!! وازم نەهێنا تا ڕۆژێک ئەو مەکتەبەیەم دۆزییەوە بەڵام



بەداخەوە داخرا بوو، هەر هاتووچۆی ئەو شوێنەم ئەکرد تا ڕۆژێک بینیم کراوەتەوە، چوومە لایان زۆریان ڕێز لێگرتم هەندێ بڵاوکراوە و ئینجیلی پیرۆزم لێوەرگرتن هەروەها نامیلکەیەکی بچووک بە ناوی کێ ڕزگارکەرە؟ نامیلکەیەکی بچووکی زۆر بەهێز. ساڵێک هاتووچۆی ئەو برایانەم کرد هەر لەوێ برایانی کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆزم ناسی. ماوەیەک بەسەرچوو ڕۆژێک لێپرسراوی ئەو پەرتووکخانەیە هات و منیان پێناساند پرسیاری کرد باوەڕدارە؟ ئەوانیش ووتیان نەخێر بەڵام لەزووەوە دێت بۆ لامان و مەسیحی خۆش ئەوێت، ئەویش لێی پرسیم ئەتەوێت باوەڕ بهێنیت؟ ووتم بەڵێ، بەڵام تائێستا کەس لێی نەپرسیووم، ووتی دەبا بەیەکەوە پیاسە بکەین.جا ڕۆژی ٢٠٠١/٢/١٢ کاژێری(١٢-١) ی نیوەڕۆ بوو کە باوەڕم بەعیسای مەسیحی خوداوەند هێنا هەر بەدەم پیاسە کردنەوە ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ماڵی خۆمان، ئیتر نانیان هێنا بۆمان ئەویش ووتی ئەمڕۆ من بەرۆژووشم، بەڵام لەبەرخاتری ئێوە نانتان لەگەڵ ئەخۆم! دوایی خێزانەکەم پرسی ئەو پیاوە چی بوو؟ ووتم مەسیحی بوو، ئەویش پرسی بۆچی مەسیحی ڕۆژوو ئەگرن ؟ ووتم بەڵێ من ئەمڕۆ باوەڕم هێنا و بووم بە مەسیحی!! ئەویش ووتی ئاوەها ئاخرەکەی هەر خۆت کردە مەسیحی؟!! باوکت وەختی خۆی بە منداڵەکانی دەگووتین : کورینە قەشەی

باوکتان نوێژ ناکات، قەشەیە!!!! ئینجا لەساڵی **٢٠٠١** لەگەڵ هەندێ باوەڕداری تازە کە **١٣** کەس بووین لەهاوینەهەواری بێخاڵ لەئاوهەڵکێشراین

یەزدان هەرگیز حەز ناکات تۆ نەخۆش کەویت و هەژار و نەخوێندەوار و چەوساوە بیت. لەکۆتاییدا داوای بەرەکەتی یەزدانتان بۆ ئەکەم، هیوادارم هەوڵ بدەیت ئینجیلی پیرۆزت دەست بکەوێت و بیخوێنیتەوە. .....بەناوی عیسای مەسیحەوە. ئامین



## ئینجیل بەتەواوی ژیانی گۆڕیم

لە خێزانێکی موسڵمان لەدایک بووم، وە ئێستا تەمەنم **٢٩** ساڵە، وەک زۆربەی موسڵمانان دایک و باوکم یەزدانیان پێناساندم، بەڵام هەستم نەئەکرد کەئەو یەزدانێکی زیندووە!

چەندین ساڵ بەناو ژیانێکی ناخۆشی پڕ لە ئازاردا ئەڕۆیشتم، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو عادەتێک هەر خودا پەرستیم ئەکرد، بەڵام هەستم ئەکرد بۆشاییەک هەیە و هیچ خۆشییەک نابینم!! تاوەکو ئەو ڕۆژەی بە هۆی باوەڕدارێکەوە پەرتووکی پیرۆزم دەست کەوت، کاتێک پەرتووکی پیرۆزم خوێندەوە هەستم بە ترسێک کرد، ترسەکەش بریتی بوو لە دەسەڵاتی یەزدان کە بەتەواوی لە ووشەکانیدا بەدیم ئەکرد. ئەمەش وەک ئەو ترسە نەبوو کە جاران لەمردن هەم بوو کاتێ موسڵمان بووم!!! هەرچەندە خواپەرستیش بووم ترسی مردنم هەبوو بەڵام کە پەرتووکی پیرۆزم خوێندەوە زانیم کە یەزدان چەند مرۆڤی خۆش ئەوێت و بەخۆشەویستی خۆی ئێمەی دروست کردووە!! وە بینم یەزدان عیسای مەسیحی نارد بۆ جیهان تا لەپێناوی گوناهەکانی من و تۆشدا بمرێ. جا پاش ئەوەی پەرتووکی پیرۆزم خوێندەوە چەند پرسیارێک هات بە مێشکمدا، بۆ نموونە کاتێک دەربارەی ئینجیل پرسیارم لەخەڵکی ئەکرد، ئەیان ووت ئینجیل ووشەی خودا نییە و

دەستکاری کراوە، بەڵام بینیم یەزدان لە ئینجیلی لۆقا ٢١: ٣٣ ئەڵێ. ئاسمان و زەوی لەناو ئەچن بەڵام ووشەکانم لەناو ناچێ!! بەراستی ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەی لەلا دروست کردم. ئیتر بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز لەگەڵ ئەوەشدا هەستم ئەکرد شتێک هەیە لەو بارەیەوە.

من مەسیحم نەئەناسی هەتا ووشەکانیم خوێندەوە، ئینجا لەوکاتەوە رۆژ بە رۆژ پەرتووکی پیرۆزم ئەخوێندەوە بەرەو گۆڕانکاری ئەبردم ، رۆژ بە رۆژ هەستم بەوە ئەکرد بەرەو راستی ئەڕۆم و راست و دروستم لەگەڵ خۆمدا ، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمدا ، لەگەڵ خێزانمدا. ئەمەش لەو رۆژەدا بوو کە بە تەواوی باوەڕم هێنا بە عیسای مەسیح بە هۆی باوەردارێکەوە، سەیرم کرد ئەو کەسەی گۆڕیوە!! کاتێک پرسیارم لێکرد چۆن ئەمە روویداوە ئەویش ووتی: عیسای مەسیح منی گۆڕیوە!!!! گەر بتەوێت، ئەتوانێ تۆش بگۆڕێت!! ئیتر دوای ئەوەی پەرتووکی پیرۆزم خوێندەوە و ژیانم دایە دەستی مەسیح، ئەویش هاتە ناو ژیانمەوەجا هەرچەندە باوەریشم بەمەسیح هێنا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەترسام چۆن لەرۆژی دواییدا بەرامبەر بە مەسیح رابوەستم!! چونکە من لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی تر پەروەردە کرا بووم، چەندین جار ئەو ترسەم تێدا بوو ، بەڵام سێ شەو لەسەر یەک داوام



لە خودا کرد ئەگەر عیسای مەسیح راستە ئەو شتەم نیشان بدە. ئەوە بوو شەو کە خەوتم لەخەودا بینیم لە ژوورێکدام بە پێوە وەستاوم، دوو جەنازەی مردووم بینی کە لە تابووتدا بوون خاچێکم بەدەستەوە بوو دەرگایەکیش بە تەنیشتمەوە بوو، کە دەرگاکە کرایەوە پرسیارم کرد کوا مەسیح؟ لەودیو دەرگاکەوە تاریک بوو بەڵام بینیم رووناکییەکی زۆر مەزن دابەزی!!! لەبەر بەهێزی رووناکییەکە خاچەکەم بەرز کردەوە بە سێبەری خاچەکە سەیرم کرد بینیم مەسیحە!!! مەسیحم بینی جلێکی سپی لەبەردا بوو وە هێز و توانا لە لەشییەوە دەرئەچوو!!! بینیم هات و لەسەر کورسییەک دانیشت سەیرێکی منی کرد و ئینجا لەگەڵ مردوویەک قسەی کرد، مردووەکەش وەڵامی دایەوە! لەگەڵ مردووەکەی تریش قسەی کرد ئەویش وەڵامی دایەوە دوای ئەوە سەیرێکی منی کردوو بەهەمان شێوە ڕۆیشت بەلای دەرگاکەدا و بەرز بوویەوە بۆ ئاسمان. ئەو زمانەش پێی ئەدوا لەگەڵ مردووەکاندا زمانی رۆحی بوو!!

جا کە بەیانی هەستام دڵنیا بووم خودا ئەو شتەی نیشاندام و ئیتر بەڵێنمدا بە خودا، هەموو فرسەتێک بەکاربهێنم تا باسی ئەو خەوە بکەم بۆ خەڵکی. هیوادارم هەرکەسێک ئەم بڕوانامەیە ئەخوێنێتەوە عیسای مەسیح بناسێت و پەرتووکی پیرۆز بخوێنێتەوە. چونکە خۆی ووتویەتی: منم

ڕێگا و ڕاستی و ژیان، کەس نایەت بۆلای باوک بەهۆی منەوە نەبێت. ئیتر من بەردەوام بووم بەسەر ڕێگای ئەوا بڕۆم، بۆیە مەسیح بەتەواوی ژیانی گۆڕیم!!!

داوا لە خودا ئەکەم کە بەرەکەتی خۆی بڕژێنێ بەسەر هەموو کەسێکدا. سوپاس بۆ خودا بەناوی عیسای مەسیحەوە. ئامین



## هەموو ڕابردووی خۆم لەیاد دەکەم

من باوەڕدارێکی کوردم لە ساڵی **١٩٧٤** لە شاری هەولێر لە دایک بووم. من لەبنەماڵەیەکی موسڵمان لە دایک بووم و پەروەردە کراوم. دایک و باوک و خوشک و برام گشتی موسڵمانی تەواون لە تەمەنی شەش ساڵی دایکم فێری نوێژی کردم وەکو منداڵێکی موسڵمان دەرۆیشتم بۆ مزگەوت وە هەموو ڕۆژی هەینی ئەچووم بۆ نوێژ کردنی بە کۆمەڵ و گوێم لە خوتبەی جومعە ئەگرت. بە بەردەوامی قورئانم ئەخوێندەوە نوێژم ئەکرد و ڕۆژووم ئەگرت بۆ یەزدان بەبێ ئەوەی بزانم بۆچی ئەبێ ئەم کارانە بکەم وە ئەنجامی چییە، بۆیە هیچ داهاتوویەکی نەبوو بۆ من ئەو شتانەی کە دەم کرد. تەنها یەک شتم ئەزانی وەک باوەڕدارێکی موسڵمان فەرزە لەسەرم هەستم بەو ئەرکە ئاینییانە و جێبەجێی بکەم بۆ یەزدان. کە گەیشتمە تەمەنی گەنجێتیم وا دیار بوو کە بێ هێز بوو بووم، بێ هیوایی دەستی بەسەرمدا گرتبوو، چونکە فەرزەکانی یەزدانم بۆ جێبەجێ نەئەکرا. من وەکو عەبدێک هەوڵم ئەدا فەرزەکانی یەزدان بە پاکی جێبەجێ بکەم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یەزدان هیچ ئومێدێکی نەئەدامێ !! وە هیچ ڕۆژێک هەستم بەخۆشەویستی ئەو نەئەکرد وا دیار بوو یەزدان زۆر دووربێت لێم، وە ئەو کارانەی کە ئەمکرد بۆی هیچ کارێکی تێنەئەکرد، هەروەها هیچ ڕۆژێک هەستم

به وەڵامێکی خۆش نەئەکرد لەلایەن ئەوەوە بۆ من، وا دیار بوو کە من رۆژ بە رۆژ زیاتر لە یەزدان دوور ئەکەوتمەوە ئەویش لە من دوور ئەکەوتەوە. وای لێهات رۆژ لە دوای رۆژ خۆم خەریک ئەکرد بە کاری دنیایی بەو کارانەی کەوا دوورە لەخواستی یەزدان. وەکو پارەو خۆشی دنیا و پارە کۆکردنەوە و کارکردن بۆ مەبەستی خواستی خۆم و ژیانم. ئەوە بوو کە تەمەنم بوو بە بیست ساڵ ئیتر باوەڕ لە ژیانمدا نەما، هەرچەندە لەسەر کاغەز من موسڵمان بووم بەڵام هیچ زەڕەیەک باوەڕ لە ژیانمدا نەما بوو .

لەوکاتەدا ژیانی من و بیرکردنەوەم هەمووی دەربارەی ژیانی سەر زەوی بوو. بەمەبەستی هێنانەدی ئارەزووەکانی خۆم. هەرچەندە رابواردن و پارە و خۆشی دنیام هەبوو بەڵام خۆشی لە دەرونمدا نەبوو، هەستم بە کەموکوڕییەک ئەکرد کە لە دەرونمدا هەبوو. ئەوە بوو شەڕ و ئاژاوە لە کوردوستانی عێراق بەرپا بوو بۆیە لە ساڵی **١٩٩٤** هەوڵمدا بڕۆم بۆ وولاتانی دەرەوە بۆ وولاتێکی پڕ لە ئاسوودەیی و ئاشتی . بەڵام هەوڵەکەم سەری نەگرت، ئەوەبوو گەڕامەوە بۆ کوردوستان. پاشان لە ساڵی **١٩٩٨** جارێکی تر هەوڵمدا دەربچم لەکوردوستانی عێراق، ئیتر ئەمجارە دەرچوونەکەم سەریگرت و گەیشتمە وولاتی تورکیا و سێ رۆژ لەوێ مامەوە دوای ئەو ماوەیە



لەگەڵ سێ هاوڕێدا کەوتینە رێ بەرەو یۆنان، پێش ئەوەی دەربچین بۆ یۆنان رێنیشاندەرێکمان لەگەڵ بوو پێی ووتین: ئەم رێگایەی کە ئێمە ئەیگرینە بەر رێگایەکی پڕ لەمەترسی و کوشندەیە!! واتە رێگەی مان و نەمانە. هەرچەندە من قاچم زۆر نەخۆش بوو، تەواو نەبوو وە نەمئەتوانی زۆر بەپێی بڕۆم، بەهۆی دەرچوونم لە ساڵی **١٩٩٤** کە لە زستاندا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا من ئەم رێگایەم گرتە بەر تا بە پێ دەربچم لە یۆنان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە! بەڵام ئەم بڕیارەی کەوا من دام بڕیاری من نەبوو بەڵکو بڕیاری یەزدان بوو وە بەخواستی ئەو بوو. بۆیە هەر ئەویش هێزی پێمدا تا دەربچم لە یۆنان جا لەوکاتەدا من نەمئەزانی ئەمە کاری یەزدانە، نەمئەزانی هەموو کاتێک کەوا یەزدان لەگەڵ منە و ئاگای لێمە. تا ئەو رۆژەی کەباوەڕم بە عیسای پیرۆز هێناو ئینجا زانیم کەوا ژیانی من هەمووی بەخواستی یەزدان بوو.چونکە ئەو هەموو شتێکی بەکردەوە نیشانی مندا.

هەر لەکاتی لەدایک بوونم، یەزدان باوەڕی نیشاندام بەڵام باوەڕی بێ ئومێدی، ئەو باوەڕی کەوا هیچ داهاتوویەکی نییە، یەزدان کار و پارەی بەمندا لەگەڵ دەوڵەمەندی دنیایی بەڵام هیچیان خۆشی تەواو نەبوون، چونکە خۆشی دەرونم نەبوو، هەمووی خۆشی کاتی بوو تەواو ئەبوو، دەرونم جارێکی تر بەتاڵ و ناخۆش ئەبوو . یەزدان

دەربەدەری بەمن نیشاندا لەگەڵ خەم و خەفەت و تاڵی و تەنهایی ئەمانە بەخواستی خۆم نەبوو بەڵکو بەخواستی یەزدان بوو. چونکە یەزدان بە خواستی خۆی ئێمەی دروستکردووە ئەو بە خواستی خۆی مرۆڤ هەڵئەبژێرێ واتە ئەو کەسەی کە ئەیەوێ.

سوپاسی عیسای خوداوەندمان ئەکەم کە ئێستا دوای باوەڕ هێنانم، دوای ئەو ژیانەی کەوا خوێندتانەوە هێزی پێ بەخشیووم و کردوومی بە جێگەی بڕوای خۆی و دەست نیشانی کردووم بۆ خزمەت کردنی، هەرچەندە جاران کفرم بەرامبەری کردووە و چەوساندوومەتەوە و جنێوم پێداوە بەڵام یەزدان بەزەیی پیامدا هاتەوە، چونکە بە نەزانی و بێ باوەڕی ئەم کارانەم کرد بوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان بەرەکەتی خۆی رژاند بەسەرمدا، ئەوەش بریتی بوو لە باوەڕکردن بە عیسای مەسیحی خوداوەند. بێگومان ئەم قسەیە راستە و شایانی قبوڵ کردنە. عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان بۆ رزگار کردنی گوناهباران کە من یەکەمیانم. جا چونکە یەزدان بەزەیی بەمندا هاتەوە بۆیە عیسای مەسیحی خستە ناو رۆح و دەرونمەوە، تاوەکو من بکات بە نموونەیەک بۆ ئەوانەی باوەڕی پێئەهێنن بۆ بەدەست هێنانی ژیانی هەتاهەتایی، بۆ پادشایەتی یەزدان نەفەوتاو نەبینراو. یەزدانی تاک و تەنها رێزدارو شکۆدارە هەتاهەتایە. .........ئامین



## خۆشی لەناخی دڵمدا

لەسەرەتادا وەک مرۆڤێک کە خوداوەندی خۆی خۆش بوویێت، ئەگەڕام بەدوای خوێندنەوە و بۆچوونە ئایینەکان بۆ ئەوەی بتوانم شارەزاییەکم تییدا هەبێ و لە ژیانی رۆژانەی خۆمدا بەکاریان بهێنم ، وە یەزدانی مەزن لەخۆم رازی بکەم تا تووشی هەڵە نەبم لەم ژیانەدا، جا بۆیە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز، ئیتر ووشەی یەزدان بوو بە چرایەکی رۆشن بۆ رووناک کردنەوەی دەروون و رێگەی ژیانم، لەبەرئەوە گەلێک گۆڕانکاری بەسەر ژیانمدا هات ، تا ئینجیلی پیرۆزم ئەخوێندەوە زیاتر لێی نزیک ئەبوومەوە و خۆشم ئەویست، هەروەها خۆشەویستییەکی زۆر دروست بوو لە دڵمدا بەرامبەر یەزدان و نێردراوەکانی، خۆشەویستی یەزدانم لەوەدا بۆ دەرکەوت کەوا خێزانەکەمان هیچ بەرنگارییەکیان نەکردم، بەڵکو زیاتر هانیان ئەدام بۆ خوێندنەوەی ئینجیل. هەتا بەهۆی بارودۆخێکی خۆمەوە لە کوردوستان هاتمە دەرەوە و روومکردە ئەوروپا، لەوێ کۆمەڵێکی زۆر باوەڕداری مەسیحیم بینی کە بەراستی جێگەی سەرسوڕمان بوون، بە خۆشەویستییەکی گەورەوە باوەشیان کردەوە بۆ ئاوارەکان ، لەژیانیاندا جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی مەسیح بەدی ئەکرا. بۆیە ئەمە زیاتر هانیدام باوەڕ بە عیسا بکەم و لەسەر راسپاردەکانی بڕۆم.

جا هیوادارم بەشێکی زۆر لەگەلەکەمان ئەم ڕێگە ڕاستە بدۆزێتەوە و مەسیح بکات بە ڕێنیشاندەری ژیانی، چونکە عیسا ووتویەتی: من ڕووناکی ژیانم. هەروەها لەئینجیلدا نووسراوە: ( بێجگە لەعیسا بە کەسی کە ڕزگاربوون نییە، چونکە جگە لەو لە ژێر ئاسماندا ناوێکی تر نییە یەزدان پێشکەشی کردبێت بەمرۆڤ بەهۆیەوە ڕزگارمان بێت.)
(کرداری نێرراوان **٤: ١٢**)

ئامین



## من دۆڕاو بووم ، ئێستا براوەم

من خەڵکی سلێمانیم تەمەنم چل ساڵە، لە گەرەکی کانی ئاسکان لەخێزانێکی موسڵمان هاتوومەتە دنیاوە . من تاقانە بووم و هیچ خوشک و برایەکم نەبوو، بۆیە ژیانی منداڵیم لەماڵەوە بە تەنیایی بوو، هەتا تەمەنی حەڤە ساڵیم دایکم نەئەناسی! چونکە لای دایەگەورە و باپیرم گەورە بوو بووم، وە بە دایە گەورە و بابە گەورەم ئەووت دایە و بابە! لەناو ئەواندا پەروەردە بووم.

لە ساڵی **١٩٨٧** ژنم هێنا، منداڵمان نەئەبوو بەهیچ جۆرێک بۆیە چەندین جار چووین بۆ لای دوکتۆر، بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی شەش ساڵ زۆر گەڕاین، پاش ئەوەی هیچ چارەسەرێک نەما خێزانەکەم داوای لێ کردم کەوا ژنێکی تر بهێنم تاوەک منداڵێک بێتە ژیانمەوە، پێی ووتم تۆ شەش ساڵە قوربانی ئەدەیت بە ژیانی خۆت لەپێناوی مندا، لەبەرئەوەی توانات هەیە و پارەت هەیە و ئەتوانی هەموو شتێک بکەیت کەسێک بدۆزەرەوە با من هەبم و ئەویش هەبێ. جا من هەر ئینکاری ئەوەم ئەکرد، بەڵام ئەو هەر هانی ئەدام بۆ ئەو مەبەستە. ئیتر کچێکم دۆزییەوە لە سلێمانی، کاتێک قسەم لەگەڵدا کرد باسی کۆمەڵێک ڕاستیم بۆ کرد ، ووتم من خێزانم هەیە حەز ناکەم بە هیچ جۆرێک لێت بشارمەوە، چونکە ئەمەوێ کەسێک بکەم بە هاوسەرم بتوانێ لەگەڵ ئەویشدا هەڵبکات و لەگەڵ منیشدا،

تەنها بەو ڕێگایە ئەتوانی بێیتە ناو ژیانمەوە. جا بەداخەوە ئەو کچە شووی بە من نەکرد بەڵکو شووی بە سامانەکەم کرد! بەو پارانەی کە هەم بوو! چەند جارێک لێم نزیک بوەوە هەتا لە دواییدا پێی ووتم گرنگ نییە با ئەویش هەبێ و با منیش هەبم! کاتێ کە ژنی دووهەمم هێنا پاش ماوەیەک حامیلە بوو، بەم منالەی ئێستام، کێشە لەژیانمدا دەستی پێ کرد، لەپێشدا ژنەکەم ڕازی بوو بەو وەزعە بەڵام دوای ئەوەی سکی بوو سەیرم کرد وەزعەکە ناتەواوە!! نەمئەزانی بۆچی ئیتر منیش پرسیارم لێ کرد لە وەڵامدا ووتی : هیچ شتێک نییە، تا ماوەی مانگێک زیاتر بەو شێوەیە مایەوە، سکیشی هەر هەیە بەڵام لەناکاو دیار نەما!! کاتێ گەڕام بەدوایدا سەیر ئەکەم تۆراوە و چووە بۆ ماڵی خوشکی چونکە باوکی نەما بوو، دایکی بەتەنها بوو لەخانوویەکی مامناوەندییدا ئەژیا ، تەنها خوشک و دایک، وە برایەکی هەبوو کە ئێستا لە سویدە.

دوای ئەوەی کەخێزانەکەم تۆرا چوومە لای و لە هۆکەیم کۆڵییەوە، کەچی هۆکە هاتە سەر ئەوە ووتی : یان من یان ئەو ژنەی تریان!!! خۆت کامیان هەڵئەبژێری ئەوە لە خواستی خۆتدایە !! منیش لەوێدا ووتم ئەمە نابێ کە تۆ باسی ئەکەیت، چونکە ئەمە هیچ ئەساسێکی نییە و ئێمە لە سەرەتادا لەسەر ئەمە ڕێکنەکەوتووین. ئینجا هەستام ڕۆیشتم بۆلای ژنی یەکەم و وەزعەکەم تێگەیاند. ئەویش



ئەم وەڵامەی دامەوە: واز لەمن بهێنە من منداڵم نابێت!! واز لەو مەهێنە ئەوا تۆ منداڵێکت لەو دروست کردووە. ئەو ئافرەتە ئەو منداڵەی هەر ئەبێ گەر تۆ وازی لێ بهێنی. با ئەو منداڵەش ژیانی وەکو تۆی لێنەیەت، منیش ئێستا قوربانی بەوە ئەدەم وەکو تۆ چۆن لە پێشدا قوربانیتدا لەپێناوی مندا و بە دیارمەوە دانیشتی. وە زۆر ئاساییە بابچین بۆ دادگا، من زۆر ئینکاریم لەسەر ئەوە کرد بەڵام ئەنجامی نەبوو، ئیتر هەستام ژنی یەکەمم تەڵاق دا لەبەر خاتری منداڵەکە، جا کاتێ چووین بۆ دادگا حاکمەکە پێی ووتم: کورم تۆ ئەو ئافرەتەت لەسەر ٨٠٠ لیرە مارە کردووە ئەبێ ئەوەی بدەیتێ، هەشت سەد لیرەش لەو کاتەدا ئەگەر بکرایە بە پارە مەبلەغێکی زۆر بوو، ئەتوانم بڵێم بەشێکی زۆر بوو لە سامانەکەم! بەڵام ئەو ئافرەتە ووتی: جەنابی حاکم ئێمە خۆمان ڕێک کەوتووین من داوای ئەوە ئەکەم لەم پیاوە جیا ببمەوە ، ئەو پیاوەش داوای ئەوە ئەکات لە من جیابێتەوە، ئەو هەشت سەد لیرەیە هی تۆ نییە هی منە ، منیش گەردنی ئازاد ئەکەم تەواو من هیچم ناوێ لێی بە هیچ جۆرێک!! ئیتر پاش ئەمە ژنە نەخۆش کەوت و منیش گریان و غەمێکی زۆر بوو بە هاوڕێم. دوای ئەوەی خێزانەکەم منالەکەی بوو ماوەیەک دانیشتم لەگەڵیدا. ئیتر بۆ ماوەیەک سەفەرم کرد، چووم بۆ بازرگانی بۆ ئێران ، لێرەوە ئاڵتونم ئەبرد بۆ ئەوێ

لەوێشەوە شتی ترم لەگەڵ خۆمدا ئەهێنا، بازرگانیم ئەکرد لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی سەرمایەداردا بەو هۆیەوە هەموویان بوو بوون بە هاوڕێم. لەو کاتەدا ژنە بەفرسەتی زانی بوو هەستا ڕۆیشتبوو هەموو شتی ماڵەکەشی برد بوو، منیش کاتێ گەڕامەوە کە ماڵەکەم بەم شێوەیە بینی یەکسەر لەهۆش خۆم چووم!! ئیتر ماڵەکە بە هیچ شێوەیەک هیچی تیا نەما بوو.!!!!!

جاران خۆم شێتەکانم ئەهێنایە ماڵەوە، خزمەتم ئەکردن و جێگەم بۆ دائەخستن، بەڵام ئێستا خۆم وام لێهاتبوو دراوسێکان خزمەتیان ئەکردم و جێگەیان بۆ دائەخستم چونکە هیچم نەمابوو. بەهەرحاڵ منیش چی بکەم نە ژنم ما نە منداڵ هیچیان دیار نەمان!! ئەوەی ئاشکرایە ئەمە تەنها ئیشی خۆی بوو، من هیچم لە خۆمدا شک نەئەبرد، منیش لەبەر هەندێ شتی خۆم نەمتوانی بچم لای کەسوکار دانیشم، ئەوانیش بەراستی ئەوەندە لەمنیان نەپرسیەوە کە شایانی باس بێت!! ئیتر ئەم بارودۆخە زۆر کاری تێکردم، بۆیە دەستم کرد بەمەشروب خواردنەوە، بەڵام هەستم کرد ئەمە لەئازارەکانم کەم ناکاتەوە بەڵکو پاڵم پێوە ئەنێ بۆ خۆ لەناوبردنیش. لەناچارییدا پەنام بردە بەر ئەو ماددانەی لەمەشروبات بە هێز ترن، تاوەک کارم تێبکات و ئیتر نەتوانم بیربکەمەوە، بۆیە پاشماوەیەک بووم بە هاوڕێیەکی هەمیشەی ئەو ماددانە ، لێرەدا بۆم



دەرکەوت هاوڕێکانم و تەنانەت خێزانەکەشم هەموو منیان بە پارەوە ئەویست!! بۆیە منیش هەستام ئەمانەم کرد بەهاوڕێی خۆم، بەڵام نەمزانی ئەوەندەی تر دام ئەروخێنێ .کاتێ بەخۆمزانی من نقومی کۆمەڵێک ماددەی موخەدەرات بووم و هیچ کەسێکیش لە دەورم نەما. هاوڕێیەکی خۆشەویستم کەجاران وەکو من بووە بەڵکو خراپتریش هاتە لام قسەی لەگەڵدا کردم و پێی ووتم ئەم ئینجیلە کوردیە بەدیاری ئەدەم پێت تکایە بیخوێنەرەوە هەر پرسیارێکیشت هەبوو لێم بپرسە. ئیتر منیش کەخوێندمەوە هەر لەسەرەتاوە بۆم دەرکەوت ئەمە ئەوە نییە کەخەڵکی باسی ئەکەن بەڵکو هەمووی ڕاستییە جا من نەمتوانی لەم هەموو ڕاستییە خۆم بدزمەوە بۆ نموونە درۆ مەکە، ئەگەر یەکێ ئازاری دایت تۆ پاداشتی بدەرەوە. سەر ڕاست بە جا مرۆڤ ئەگەر لەسەر ئەو ڕاستییانە ڕۆیشت ئیتر شەیتان ناتوانێ هیچ بەرامبەری بکات. لە ڕاستیدا بەشەو بە ڕۆژ هەر ئەم خوێندەوە یەزدان بەهێزی مەزنی خۆی بە هۆی ووشەکانیانەوە چووە ناو دەرونمەوە ئیتر ئەگەڕام بە شوێن ئەو هاوڕێیەمدا تا پرسیاری لێبکەم و ڕێنمایم بکات بزانم چیبکەم و چینەکەم، چونکە خودا مەبەستی بوو من ڕزگار بکات لەو بارودۆخە ناهەموارە، وە من داوام لە ئەو کرد ئەم ناشرینیەم مەهێڵە لەناو کۆمەڵدا . چەند جارێک پێم ووت لەم ماددەیە دوورم

بخەرەوە، بەڵام مەبەستیشم بوو ئەو خودایەی کە من داوای لێ ئەکەم بیناسم. ئیتر منیش لەناخی دڵەوە داوام لێکرد کەژیانێکی نوێم پێببەخشێ بۆیە ئەویش بە رەحمەتی خۆی یارمەتیدام و لەژیانە کۆنەکەم رزگاری کردم. ئەمەش بووە هۆی شادییەکی زۆر بۆم. ژیانی کۆنم هەموو لەیاد کرد. جا ئەمە ئەو راستییانە بوو لەئینجیلدا کەوا بەوشێوەیە منی گۆڕی توانیم بچمەوە ناو کۆمەڵ هەر خودا بەخەڵکی ناساندمەوە خوا پەکی نەخستووم بەهیچ شێوەیەک وەک لەئینجیلدا نووسراوە:(مەتتا ٦: ٢٦) (سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن نە ئازوقەیان هەیە نە ئەچێنن و نە ئەدرونەوە، بەڵام یەزدان بایەخیان پێ ئەدات ئەیان ژێنێ).

ئێستا کاری زەرنگەری ئەکەم لەگەڵ هاوڕێیەکمدا چونکە کارەکە حەساسە پێویستی بە یەکێکی دەست پاکە بۆیە منی دانا. دوای ماوەیەک زانی من ئەو کابرایەی جاران نیم کە دەستم پان ئەکردەوە لێیان بۆ ئەو ماددانە، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خودا من هەر ئەو کەسەی جارانم: بەڵام چونکە لە ئینجیلدا نووسراوە : راست و دروست و پاک بن خەڵکی ئەو پاکییە لە مندا بەدی ئەکەن. چونکە من ئیتر ناتوانم ناپاکی لە خەڵکی بکەم هەموو سەریان سووڕئەمێنێ چۆن تۆ وات لێ هاتووە منیش ئەڵێم ئەوە کاری سەرسوڕهێنەری یەزدانە لەمندا کردوویەتی. بە ناوی عیسای مەسیحەوە......



## خودایە پێم بڵێ چ ڕێگەیەک ڕاستە؟

من لاوێکی کوردم لە کوردوستانی عێراق لە دایک بووم هەر لە منداڵییەوە بە بەردەوامی هاتووچۆی مزگەوتم ئەکرد و بەیانییان سەعات پێنج ئەرۆشتم بۆ ئەوێ بۆ نوێژ کردن و قورئان خوێندنەوە و گوێگرتن لە قسەکانی مەلا. بەڵام پاش ماوەی چەند ساڵێک سەرچاوەی ئەوانەم هەمووی بۆ دەرکەوت لەگەڵ شێوەی دروست بوونیدا.

خاڵێکم هەبوو باوەڕی بە بوونی یەزدان نەبوو لەو بارەیەوە زۆر قسەی بۆ ئەکردم تا وام لێهات باوەڕ بە بوونی یەزدان نەکەم، بەداخەوە تەنانەت بە خراپەش ناوی یەزدانی دروستکەرم ئەهێنا ئەمەش لە نەزانیمەوە بوو، چونکە مرۆڤێکی گوناهبار بووم. بەڵام لە رۆژی **١٩٩٦/١٢/٢٥** دا لە تەلەفزیۆندا بەو بۆنیەوە فیلمێکیان نیشاندا، لە کاتێکدا سەیری فلیمەکەم ئەکرد عیسا باسی گوناهی ئەکرد و داوای تۆبە کردنی ئەکرد لە خەڵکی وئەیووت کێ داوام ئەکات با بێت بۆ لام. دوای تەواو بوونی فلیمەکە بیرم لە ووشەکانی عیسا ئەکردەوە بۆیە لەساڵی تازەدا رۆیشتم ئینجیلێک بکرم، بەڵام خاوەن پەرتووکخانەکە پەرتووکێکی پیرۆزی پێشکەش کردم. ئینجا چوومە ماڵەوە رۆیشتمە ژوورەکەی خۆم دەستم کرد بەخوێندنەوەی پەرتووکەکە هەموو رۆژێک. ئەوسا لە ناوەرۆکمدا شتێک دروست بوو کەوتمە پرسیار کردن چ

نێرراوێکی یەزدان ئەبێ نێرراوی راستەقینە بێ و بەراستی بمان گەیەنەتە لای یەزدان؟ جا شەوێکیان کە ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە بەسەر شەقامەکەدا ئەڕۆیشتم دەنگم بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان و بە دروستکەری مەزنم ووت: ئەی یەزدانی دروستکەری ئەرز و ئاسمان و دروستکەری من و هەموو نێرراوان پێم بڵێ چ رێگەیەک راستە تا ئەو رێگەیە بگرم، کێیە ئەوەی بەراستی رێگەی تۆم نیشان ئەدات ؟ پاش چەند رۆژێک قوتابخانە کرایەوە لەوێ کەوتمە قسە کردن لەگەڵ یەکێک لە قوتابیانی هاودینمدا دەربارەی ئەو باسە، ئەوسا ئەویش پێی ووتم سەیرکە ئەوەتا کافرێکی وەکو تۆ بووە بە مەسیحی ئینجا منیش چووم بۆ لای ئەو برا باوەڕدارە پێی راگەیاندم کەوا چەند خوشک و برای باوەڕداری تریش هەیە رۆژانی یەکشەممان کۆئەبنەوە بۆ خوێندنەوە و شتێتەڵ کردنی ئینجیل و گوێگرتن لە ووشەی یەزدان.

پاش چەند رۆژێک چووم بۆ ئەو شوێنە و چاوەدێریکەری باوەڕداران بۆی روونکردمەوە چۆن مەسیح ئازاری کێشاو لەخاچ درا لەپێناوی گوناهەکانماندا وە لە پێناوی گوناهی منیشدا، ئیتر پاش دوو رۆژ ژیانم دایە دەستی عیسای مەسیح رزگاکەری هەموو جیهان. جا ئێستا من زۆر بەختەوەرم کە باوەڕم بە عیسای مەسیح هەیە چونکە، ئەو باوک و دایک و خوشک و برا و هەموو شتێکە بۆ من.



عیسا راوەستاوە و بە دەنگی بەرز ئەڵێت: "گەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لای من و ئاو بخواتەوە، ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێ لە ناوەروکیدا رووباری ئاوی ژیان هەڵدەقوڵێت". ئەمەش لە ئینجیلی یۆحەننا **٧: ٣٧** نووسراوە هەروەها لە یۆحەننا **٤: ١٤** نووسراوە: عیسا ئەڵێت: "ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من ئەیدەمێ هەرگیز تینوی نابێ، بەڵکو ئەو ئاوەی من ئەیدەمێ ئەبێ بە کانییەک لە ناخیدا هەڵدەقوڵێ و ژیانی هەتا هەتایی پێ ئەبەخشێت".

. ئامین

## خوداوەند شوانی منە

بەیارمەتی ڕۆحی پیرۆز و هێزو بەرەکەتی مەسیح بەکورتی ئەم چەند دێڕە لەسەر ژیانی خۆم و باوەڕهێنانم بەعیسای مەسیح ئەنووسم. ئومێدەوارم ئەم شایەتیەی من ببێتە مایەی ڕووناککردنەوەی چاوی ئەوانەی کە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

لەساڵی **١٩٦٥** لەشاری سولەیمانی لەدایک بووم، لەخێزانێکی پابەند بەئایینی ئیسلامەوە. بە تەمەنی پێنچ ساڵی خرامە قوتابخانە، وەلەتەمەنی **٦** تا **١٤** ساڵی هەموو ڕۆژێک دەچوومە حوجرە بۆ خوێندن و فێربوونی قورئان و بنەماکانی ئایینی ئیسلام. لەکاتی خوێندنی قورئاندا زۆر پرسیار لەلام دروستبوون. کاتێک پرسیارەکانم ئاڕاستەی مامۆستاکەم دەکرد، بەرز دەبووەو دەیدامە بەر دار حەیزەران و هیچ وەڵامێکی نەئەدامەوە، پاشان دادو بێدادی خۆی دەبردە لای باوکم، ئەویش دەستی دەکرد بەتێهەڵدانم و دەیگووت نابێت هیچ پرسیارێک لەبارەی قورئانەوە بکەیت، تەنها دەبێت گوێ بگریت و فێربیت.ئەو پرسیارانەی کەلەلام دروست ببون ئەمانە بوون:

**١**/ڕۆح چییە؟ **٢**/ لەدوای مردن چی چاوەڕێمان دەکات؟

**٣**/ بۆچی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا نیە؟

**٤**/ مرۆڤ دەبیت چی بکات، تا خودا لێیخۆشبێت و بچێتە بەهەشت؟



لەتەمەنی **١٥** ساڵیدا لەخانەی مامۆستایان وەرگیرام، لەوێ لەڕێگەی چەند هاوڕێیەکمەوە پەیوەندیم کرد بەشانەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. بە هیوای ئەوەبووم کەوەڵامی پرسیارەکانم لەناو مارکسیەکاندا بدۆزمەوە.

لە **١٨** ساڵیدا خوێندنم تەواو کرد، لەجیاتی ئەوەی بچم بۆ سەربازی، ئەوەبوو پەیوەندیم کرد بەهێزی پێشمەرگەوە، وەنزیکەی **١٣** ساڵ پێشمەرگە بووم. لەژیانی پێشمەرگایەتیمدا چوارجار بریندار بووم، وە چەندین جاریش کەوتوومەتە شەڕی زۆر سەختەوە کە بەهیچ جۆرێک بەتەمای ژیان نەماوم. وەهەر لەتەمەنی **١٧** ساڵییەوە دەستم کرد بە مەشروب خواردنەوە، تا وام لێهات بەیانیان کەلەخەو هەڵدەستام دەستم دەکرد بەخواردنەوە تاوەکو شەو بەلادا ئەهاتم بۆ ناو جێگا. کوژرانی هاوڕێکانیشم لەشەڕی بەرامبەرو پەلاماردانددا هێندەی تر کاری تێکردبووم، وام لێهاتبوو کە زۆر زوو توڕە دەبووم و هەڵدەچووم، وە بەهیچ جۆرێک خۆشەوویستی و میهرەبانیم بۆ کەس نەمابوو، تەنانەت بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانیشم. مرۆڤ کوشتن و ئاو خواردنەوەم لەلا یەک بوو.

لەساڵی **١٩٩٦** دا لە پەلاماردانی شاری سولەیمانی لەلایەن [پدک] و سەربازانی سوپای عێراقەوە، ئەوەبوو هەموو چووینەوە شاخ و سەر سنووری ئێران، لەوێ بیرم

لێکردەوە، ئایا تاکەی دەبێت وا دەربەدەر بم؟ تاکەی نەبم بەخاوەنی ژیان؟ تاکەی پاشەڕۆژم دیار نەبێت؟ هەر ئەوکاتە بڕیاری خۆمدا و بەرنامەی چوون بۆ هەندەرانم دارِشت. لەساڵی **١٩٩٧** گەیشتمە وولاتی سویسرا. ماوەی چەند هەفتەیەک بەسەر چوو، کابرایەکی سویسری بوو بە هاوڕێم، بەیەکەوە زۆر گفتوگۆمان لەسەر بواری ئایینی دەکرد، تاوەکو ڕۆژێک ووتی ڕۆژی یەکشەممە بەیەکەوە دەچین بۆ کلێسا. ئەوەبوو ڕۆژی یەکشممە بەدوامدا هات و بردمی بۆ کلێسا، لەوێ زۆر شت سەرنجی ڕاکێشام، سروودەکانیان وە لەخودا پاڕانەوەکانیان. سەرەڕای ئەوەی کە من هیچی لێتێنەدەگەیشتم، بەڵام هەستم کرد زۆر دلڕەوێنەرەوەو ئارام بەخشن. پاشان ئینجیلێکیان بە زمانی عەرەبی بەدیاری داپێم. سەر لەئێوارێ چوومە ژوورەکەی خۆم و ئینجیلەکەم گرت بەدەستمەوە، کاتێک کە بۆ خوێندنەوە کردمەوە، زەبووری ژمارە **٢٣** هاتە بەرچاوم. (خوداوەند شوانی منە)، خوێندنەوەی ئەم زەبوورە بردمیە ناو خەیاڵ و ئارامیەکی زۆری بەدڵمدا هێنا . ئەوەتەی لەژیاندام هێشتا ئارامی بەوجۆرەم نەبووە.

ئنجا بڕیارمدا کە هەموو ڕۆژێک ئینجیل بخوێنمەوە و هەموو ڕۆژانی یەکشممانیش بچم بۆ کلێسا، تاوەکو بەتەواوەتی لە نهێنیەکانی ئینجیل و ئایینی مەسیح تێبگەم.



بەم شێوەیە ماوەی چەند مانگێک بەسەر چوو، لەخۆمدا هەستم بەگۆڕانێکاریەکی زۆر کرد، لەوانە دڵم لەبەردێکی بێهەستەوە بوو بەگۆشت و خوێن، وەخۆشی و میهرەبانی تێکەوت. لەمەشروب خواردنەوە دوور کەوتمەوە، وە هەروەها وەڵامی پرسیارەکانی ژیانم لەڕێگەی ئینجیلی پیرۆزەوە درایەوە. ئا بەمجۆرە بڕیارمدا کەمەسیح بە ڕزگارکەرو ڕێنیشاندەری ژیانی خۆم هەڵبژێرم. پاش دوو ساڵ خوێندنەوەی ئینجیل و تێگەیشتنی، لەساڵی **٢٠٠٠** دا خۆم لەئاو هەڵکێشا، پاش ئەوە ژیانم لەسەدا دووسەد گۆڕدرا.

زۆر سوپاسی خوداوەند دەکەم کەئازاد و ڕزگاری کردم لە بەندەیی و گوناە. وەژیانی نوێی پێبەخشیم.........
ئامین

## ناوەرۆك


لە مەلاوە بۆ خزمەتكاری مەسیح ........................ ١

نە شەو خەو، نە ڕۆژ ئارامم هەبوو ........................٨

ترس بوو بەخۆشی ........................................ ١٧

ئایا خودا تەنها عەرەبی تێدەگات؟............................ ٢٧

ئازادی لەناو بەندینخانەدا ..................................٤٠

بەهەشتێک لەناو دۆزەخێكدا ................................. ٤٦

وەڵامی پرسیارەكانم درایەوە .................................. ٥١

كێ ئەتوانێت ڕزگارم بكات؟................................... ٥٣

ئایا من كە ئافرەتم، بێ نرخم؟ ............................... ٥٨

بەدوای خۆشەویستدا ئەگەڕام و دۆزیمەوە.......................٦٠

دەستپێكی ژیانێكی نوێ ........................................ ٦٧

ئاشتی لەگەڵ یەزداندا .......................................... ٧٣

خودا منی خۆشەوێت ........................................ ٧٥





مەسیح باری سەرشانی سووك كردم ...................... ٨٠

بە نەشتەرگەری نەبێت چاک نابین ..................... ٨٦

ئینجیل بەتەواوی ژیانی گۆڕیم ............................٩٠

هەموو ڕابردووی خۆم لەیاد دەكەم.......................... ٩٤

خۆشی لەناخی دڵمدا .......................................... ٩٨

من دۆڕاو بووم ، ئێستا براوەم ............................ ١٠٠

خودایە پێم بڵێ چ ڕێگەیەک ڕاستە؟..........................١٠٦

خوداوەند شوانی منە ........................................١٠٩

**خوێنەری بەرێز** :

ئەم بڕوانامانەی کە خوێندتەوە , هەموویان بە نووسراوی بۆمان هاتووە یاخود تۆمارمان کردووە .

ئەگەر ئەتەوێت شارەزایی ووشەی یەزدان ببیت و زیاتر دەربارەی مزگێنی ئەو ببیستیت , ئەتوانیت سەیری لاپەرەکەمان لەئینتەرنەتا بکەیت بەم ناونیشانە :

**www.erf.de**

دوایی لە سەرەوە ووشەی ئەنتەرناشناڵ لێ ئەدەیت , ئینجا لیستەی زمانەکان دێ، ووشەی سۆرانی لێ ئەدەیت. ئیتر لاپەرەکەمان ئەکرێتەوە و ئەو بەرنامەیەی حەز ئەکەیت ئەتوانیت گوێی لێبگریت بەوەی کە ووشەی ستریم لێ ئەدەیت.

ئەگەر ئەتانەوێ پەیوەندیمان پێوە بکەن ئەتوانن ئەم ناونیشانەی خوارەوە بەکار بهێنن .

**ERF (Kurdisch-Sorani)**
**D-35576 Wetzlar**
**Germany**

هەروەها بە هۆی ئیمێڵەوە بەم ناونیشانە بۆمان بنووسن

**nelli@erf.de**